شەکسپیر

# ڕۆمیۆ و جوولێت



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

شەکسپیر

# ڕۆمیۆ و جوولێت

## شانۆگەری

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**ئازاد حەمە شەریف**



ناوی کتێب: ڕۆمیۆ و جوولێت – شانۆگەری
نووسینی: شەکسپیر
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد حەمە شەریف
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٢٤٨
دەرهێنانی هونەری: حاجی دلاوەر
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: محەمەد زادە
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی دووەم، هەولێر– ٢٠٠٤
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە ١٢٢ی ساڵی ٢٠٠٤ی دراوەتێ

تێبینی: ئەم شانۆییە دەقی تەواوی (رۆمیۆ و جولێت)ە و لە پێک گرتنی ئەو سێ دەقەوە وەرگێڕدراوە


A) William Shakespeare, *Romeo and Juliet*, (ed.) John Ingledew. New Swan Shakespeare, London: Longman Group Ltd. 1977.

B) William Shakespeare, *Romeo and Juliet*, (ed.)R .E .S. Youngs and P. de STE. Croix, The Alexander Shakespeare. Collins Publishers : London and Glasgow, 1982.

C) William Shakespeare, *Romeo and Juliet*, (ed.) F.Pinto and W. Turner and et. al New Delhi : S. Chand and Co. Ltd. 1976.


کاتی دەست پێ کردن

شەوی ٢٠٠٠/١/٩

تێبینی: زمانی ئەم شانۆییە لەلایەنی هونەرییەوە دوو جۆرە: لە هەندێک جێ بە شیعر نووسراوە: شیعری سەروادار و شیعری ئازادی بێ سەروا؛ لە هەندێ جێی تردا بە پەخشان نووسراوە. منیش لە کاتی وەرگێڕاندا خۆم پابەندی دەستپاکی کردووە و شیعرەکانم بە شیعر و ئەوەی پەخشانە وەک خۆیم وەرگێڕاوە.

وەرگێڕ



پێشکەشە:

– بەهەموو جولێتەکان لە هەر کوێیەک بن!

– بەهەموو رۆمیۆکان لە هەر کوێیەک بن!

ئازاد

## پێشەکی

کەم کەس هەن کە سەروکارێکیان لەگەڵ خوێندن و خوێندەواری هەبێت ناوبانگی (رۆمیۆ و جولێت)ی شێکسپیریان بەرگوێ نەکەوتبێت. کەمتریشن ئەوانەی لەوە پتر دەربارەی (رۆمیۆ و جولێت) بزانن کە چیرۆکی دڵداری دوو عاشقی بەدبەخت و نامورادە.

بەڵام (رۆمیۆ و جولێت) زۆر لەوە مەزنترە کە بە چیرۆکی دوو عاشقی ناموراد دابنرێت، چونکە شێکسپیر لەو شانۆییەدا مەبەستی ئەوەیە باسی فەلسەفەی خۆشەویستی و گرنگی خۆشەویستی بکات لە هێنانەدی بەختەوەری بۆ خەڵکی و بەخشینی مانا بە ژیان. کەواتە رۆمیۆ و جولێت ئامرازی روونکردنەوەی فەلسەفەی شێکسپیرن نەک ئامانج.

بۆ ئەوەی پتر رۆشنایی بڕژێنێتە سەر فەلسەفەی خۆشەویستی، شێکسپیر سێ جۆرە دڵداری لەو شانۆییەدا خستۆتە ڕوو:

A- خۆشەویستی منداڵانە: ئەم جۆرە دڵدارییە یەکلایەنەیە بەبێ ئەوەی دولبەر ئاگای لە هیچ بێت، دڵدار بە دەردی دڵی خۆی دەتوێتەوە، خۆشەویستی (رۆمیۆ) بۆ(رۆزەلین) پێش دیتنی (جولێت) لەم جۆرەیە.

B- خۆشەویستی ئاسایی یان نەریتی: ئەو جۆرە دڵدارییەیە کە عاشق هەوڵ دەدات لە رێگای رازیکردنی خێزانی دولبەرە دڵی کیژە رایکێشێت؛ خۆشەویستی (پاریس) بۆ (جولێت) نموونەی ئەم جۆرەیانە.

C- خۆشەویستی سروشتی: ئەو جۆرە خۆشەویستییە راستەقینەیە هیچ گوێ بە کۆت و پێوەندی خێزانی و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە نادات و بە دوای سۆز و هەستی دڵ و دەروونیخۆی دەکەوێت و ئامادەشە بۆ هەر چارەنووس و پێشهاتێک. خۆشەویستی رۆمیۆ و جولێت لەم چەشنەیە. (جولێت)ی ناسک و نازداری چواردەساڵە هەرچی نەریتی کۆمەڵ و دەستووری خێزانەکەی هەن ژێرپێیان دەنێت و (رۆمیۆ)ی کوڕی دوژمنی باوەکوشتەی بنەماڵەکەیانی خۆش دەوێت و نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ئامادەشە شەقێک لە نەریتی باوی سەردەمی خۆی هەڵبدات و بە دەمی خۆی خۆشەویستیەکەی بۆ (رۆمیۆ) ئاشکرا بکات بەبێ ئەوەی ترسی لەوەبێت بە مرۆڤێکی لادەر بدرێتە قەڵەم. هەر بۆیەشە پڕ بە دەم هاوار دەکات: «ماڵئاوا ئەی نەریتی سەردەم.» (پەردەی (٢) دیمەنی(١). رەنگە ئێستا خەڵکی بڵێن: ئەرێ ئەمەی (جولێت)چ ئازایەتی و بوێریەکی تێدایە؟ بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە ئەم شانۆییە لە سەدەی شازدەهەم نووسراوە و ئەو دەمای کەم کیژ هەبوون وا ئازا و بە



جەرگ و خاوەن ویست و خواستی خۆیان بن. هەر ئەمەشە وای لە شێکسپیر کردووە لە چوارچێوەی ناسکترین شانۆنامەیدا، ئەو نەمریەی شایەن بە (جولێت)ە پێی ببەخشێت و هەتا دونیا ماوە نەمری بکات...

ئازاد

٢٠٠٠/٧/٢٠

## روانگەیەک بۆ رۆمیۆ و جولێت

ئای کە رۆمانسیەت مەزنە کاتێک بە ترپەی دڵی دڵداران دێتە بوون. وای چ خۆشە هەستی پێ بکەین و ساتەکانی بە ناسکی و شیرینی بگوزەرێنین. بەڵام هەرای ژیان و ئەرکە قورسەکان وایان کردووە رۆمانسیەت لێمان بتۆرێت و لە ژیانمان دا نەمێنێت؛ ئەو هەستە ناسک و نازدارانە رابردن و بەسەرچوون و جارێکی دی وەکو سەدە زووەکان یان هەر هیچ نەبێت وەکو رابردوویێکی نزیک ناکەونە تریسکە و بریسکانەوە.

جا بۆیە گەرانەوە باوەشی رۆمانسیەت لەم رۆژانەی کە ژمارە و خێرایی و ئەرک و رق و کینە و خۆپەرستی بەسەردا زاڵە مایەی بەختەوەریە. دەبا بۆ ماوەیەکی هەرچەندە کورتیش بێت لەگەڵ چیرۆکێکی رۆمانسی کە پڕ خۆشەویستی و خۆبەخت کردن و دڵسۆزی و ناسکییە بەسەر ببەین.

هەر بەو هەستەشەوە شانۆی(رۆمیۆ و جولێت)م چەند جارێک خوێندەوە و لە کۆتایی هەشتاکاندا لەگەڵ وەرگێڕی ئەم شانۆییە نواندنێکی (رۆمیۆ و جولێت)م لەسەر شانۆی (کۆلێژی ئاداب- زانکۆی موسڵ) بینی کەلەلایەن تیپێکی بەریتانی پێشکەش کرا، بەڵام زۆر خۆشتر بوو کە ببینیم، بە شیرینی و ناسکی و ئاوازەوە لەلایەن وەرگێڕێکی ماندوونەناسەوە لەو زمانە ئاڵۆز و ناسک و بەربڵاوەی شێکسپیرەوە کە زمانی سەدەکانی ناوەڕاستە گوازتراوەتەوە سەر زمانی کوردی شیرین.

ئیمان - هاوسەری وەرگێڕ

٢٠٠٠/٤/٢٩



## کەسایەتییە درامییەکان

ئێسکالۆس: میری (ڤیرۆنا).
پاریس: کۆنتێکی گەنجەو خزمی میرە.
مۆنتاگیۆ: سەرۆکی دو و بنەماڵەی دوژمن کاپۆلیتە.
کاپولێت: سەرۆکی دو و بنەماڵەی دوژمن مۆنتاگیۆیە.
پیرەمێردێک: خزمی کاپۆلێتە.
رۆمیۆ: کوڕی مۆنتاگیۆیە.
مێرکیوشیۆ: خزمی میرەو برادەری رۆمیۆیە.
بینڤۆلیۆ: برازای مۆنتاگیۆیە و برادەری رۆمیۆیە.
تیباڵت: برازای خاتوو کاپۆلێتە.
کەشیش لۆرەنس: ئەندامی رێچکەی کڵێسای فرانسیسکانیە.
کەشیش جۆن: ئەندامی رێچکەی کڵێسای فرانسیسکانیە.
بەلپەزار: نۆکەری رۆمیۆیە.
سامپسۆن: نۆکەری کاپولێتە.
گریگۆری: نۆکەری کاپولێتە.
نۆکەری کاپولێتن.
گاڵتەبازێک
پیتەر: نۆکەری دادەی جولێتە.
ئەبراهام: نۆکەری مۆنتاگیۆیە.
دەرمانسازێک .
خزمەتکاری پاریس
خاتوو مۆنتاگیۆ: ژنی مۆنتاگیۆ
خاتوو کاپۆلێت: ژنی کاپولێت.
جولێت: کیژی کاپولێت.
دایەنی جولێت .
کۆرس.
خزمانی هەردوو بنەماڵە، مۆسیقاژەنان، میوانان، ئەفسەرانی شار، پاسەوانان، خەڵکی شار، نۆکەرو یاوەران.
«دیمەنەکان لە شارەکانی(ڤیرۆنا) و (مانتوا)ی ئیتاڵی روو دەدەن.»

## پێشگوتار

کۆرس دێتە ناوەوە

کۆرس: دوو بنەماڵەی وەک یەک بەڕۆمەت و پایەبڵند،
لە شاری (ڤیرۆنا)ی نازدار کە دیمەنەکانی لێ ڕوودەدەن،
شەڕی نوێ لە کۆنەقینیان دەقەومێ تا دەگاتە دوند،
بەخوێنی خەڵکی شاری دەستیان پێ لە پاکێتی دەخەن.
لە پشتی بابەکوشتەی ئەو دوو دوژمنە سەرسەختە،
دوو ئاشقی بێ بەخت دێنە ناو دونیایێ.
کەوتنی جەرگ تەزێن و بەربوونەوەی ئەو دوو بەدبەختە،
بەمەرگی هەردووکیان دوژمنداری باوانیان دەگەیەننە کۆتایی.
ڕەوتی ترسناکی ئەوینی بەر نیشانەی مەرگ،
لەپاڵ رق و کینەی بێ کۆتایی باوانەکانیان،
هیچ لای نابات جگە لە قوربانیدانی کۆرپەی جوانەمەرگ،
لە ماوەی دوو سەعاتدا دەبینرێت لەسەر شانۆکەمان.
ئەگەر گوێمان بۆ ڕادێرن و ئارام بگرن،
چی کورتی هێنا، هەوڵ دەدەین پڕی بکەینەوە، لێمانی مەگرن.

(دەڕۆن)



## پەردەی یەکەم

### دیمەنی یەکەم

### شەقامێکی ڤیرۆنا

(سامپسۆن) و (گریگۆری) و نۆکەرانی ماڵی کاپۆلێت بەشمشێر و مەتاڵەوە دێنە ناوەوە.

سامپسۆن: سوێندت بۆ دەخۆم، گریگۆری، ئێمە ڕەژوو ناکێشین.
گریگۆری: نەخێر، دەنا ئێمە دەبینە ڕەژووکێش.
سامپسۆن: مەبەستم وایە کە ئێمە ڕەش و شین دادەگەڕێین کە لێیان هەڵدەکێشین.
گریگۆری: بەڵێ، تا دەژیت، ملت لە ڕەشمە و کۆپەران دەرکێشە.
سامپسۆن: هەر ببزووم خێرا دەیوەشێنم.
گریگۆری: بەڵام تۆ نابزوویت بۆ وەشاندن.
سامپسۆن: سەگێکی ماڵی مۆنتاگیۆ دەمبزوێنێت.
گریگۆری: بزواندن واتە جوولاندن و تا ئازابیت دەبێ جێگیر و نەبزواو بیت: کەواتە هەر ببزویت ڕادەکەیت.
سامپسۆن: سەگێکی ئەو ماڵە دەمبزوێنێت ڕابوەستم: من بن دیوار لە هەر پیاو یان خانمێکی مۆنتاگیۆ دەگرم.
گریگۆری: ئەوە دەری دەخات کە تۆ بەندێکی ڕیسوایت، چونکە تەنیا لاوازترینیان دەچێتە بن دیوار.
سامپسۆن: ئەوە ڕاستە، چونکە ئافرەتان کە بەدەفری لاواز ناودەبرێن هەمیشە پاڵ دەدرێنە بن دیوار: بۆیەش من پیاوانی مۆنتاگیۆ پاڵ دەدەمە بن دیوار، خانمەکانیشیان پاڵ دەدەمە ئەوێ.
گریگۆری: شەڕەکە لە نێوان گەورەکانمان و ئێمەی پیاوانی ئەوانەوەیە.
سامپسۆن: هەمووی هەر وەک یەکە. من زۆردارانە لەگەڵ پیاوەکانیان دەجەنگم، بەرێزیشەوە لەگەڵ خانمەکانیان دەجوولێمەوە؛ من سەریان لێ دەکەمەوە.
گریگۆری: سەری خانمەکانیان؟

سامپسۆن: بەڵێ سەری خانمەکان، یان سەرپەردەی خانمەکانیان؛
چۆنت حەزت لێیە وای لێ تێبگە.
گریگۆری: ئەوان بەو مانایە وەری دەگرن کە هەستی پێ دەکەن.
سامپسۆن: ئەوان هەست بەمن دەکەن کە دەتوانم ڕق بوەستم؛
هەروا خەڵکی دەزانن کەمن پارچە گۆشتێکی نازدارم.
گریگۆری: هەر باش بوو ماسی نەبوویت، ئەگەر وابوایە، ماسییەکی
خوێکراوی بەسەزمان دەبوویت. هینەکەت دەرکێشە: ئەوە دووان
لە ماڵی مۆنتاگیۆ بەرەو ئێرە دێن.
(ئەبراهام و نۆکەرێکی دی، کە هەردووکیان هی ماڵی مۆنتاگیۆن، دێنە ناوەوە).
سامپسۆن: چەکی ڕووتم بەدەرەوەیە. بجەنگە؛ پشتت دەگرم.
گریگۆری: چۆن؟ پشتم تێ دەکەیت و هەڵدێیت؟
سامپسۆن: لە من مەترسە.
گریگۆری: نەخێر، بە مەریەم؛ من ترسم لێتە!
سامپسۆن: با وا بکەین یاسا لای ئێمە بێت؛ با ئەوان دەست پێشکەر بن.
گریگۆری: کە ئەوان ڕەت دەبن من ڕوو گرژ دەکەم، با ئەوانیش
چۆنیان دەوێت وای لێک بدەنەوە.
سامپسۆن: نەخێر، چۆنی بوێرن. من پەنجەی گەورەم لە بەرامبەریان
دەگەزم و ئەگەر خۆیان پێ بگیرێت ئەوە شەرمەزارییە.
ئەبراهام: گەورەم، ئەرێ تۆ پەنجەت بۆ ئێمە دەگەزیت؟
سامپسۆن (لە لاوە بۆ گریگۆری): ئەرێ یاسا بەلای ئێمەوەیە گەر بڵێم (بەڵێ)؟
گریگۆری (لە لاوە بۆ سامپسۆن): نەخێر.
سامپسۆن (وەڵامی ئەبراهام دەداتەوە): نەخێر، جەناب. من پەنجەم بۆ ئێوە
ناگەزم، بەڵام جەناب من تەنیا پەنجەم دەگەزم.
گریگۆری: جەناب، حەزت لە شەڕە؟
ئەبراهام: شەڕ، جەناب؟ نەخێر، جەناب.
سامپسۆن: بەڵام ئەگەر حەزت لێیە، جەناب، من ئامادەم. من خزمەتکاری
پیاو ماقووڵێکی وەک گەورەکەی تۆ دەکەم.
ئەبراهام: لەو چاکتر نا؟



سامپسۆن: جەناب، با وابێ-
(بینڤۆلیۆ دێتە ناوەوە)
گریگۆری (قسەکە بەسامپسۆن دەبڕێت هەرکە دەبینێت تیباڵت نزیک دەکەوێتەوە): بڵێ
«چاکتر»؛ ئەوە لەولاوە خزمێکی خودانم دێت.
سامپسۆن (بۆ ئەبراهام): بەڵێ، لەو چاکترە، جەناب.
ئەبراهام: درۆ دەکەیت.
سامپسۆن: شمشێر دەرکێشن ئەگەر خۆتان پێ پیاوە.
لێدانی توندی خۆت لە بیر بێت.
(بەشەڕدێن و بینڤۆلیۆ شمشێر هەڵدەکێشێت و دەیەوێت لێکیان بکاتەوە).
بینڤۆلیۆ: گێلینە:لێک بینەوە! شمشێرەکانتان دانێنەوە. ئێوە نازانن چ دەکەن.
(تیباڵت دێتە ناوەوە)
تیباڵت: چی، تۆ بەناو ئەو خزمەتکارە ترسنۆکانە کەوتوویت؟
بینڤۆلیۆ، ڕوو وەرگێڕە و مەرگی خۆت ببینە.
بێنڤۆلیۆ: من بەڕاستی دەمەوێ ئاشتی بپارێزم. شمشێرەکەت دانێوە،
یان یارمەتیم بدە با ئەو پیاوانە لێک بکەمەوە.
تیباڵت: چی، شمشێرت هەڵکێشاوە و باسی ئاشتی دەکەیت؟ من هێندەی
دۆزەخ ڕقم لەو وشەیە و هەموو مۆنتاگیۆییەک و تۆشە.
بیگرە، هەی ترسنۆک.
(بەشەڕ دێن) (ئەفسەرێک و سێ چوار کەسێکی شارستانی چەکدار دێنە ناوەوە)
ئەفسەر: تێیان کەون بەتۆبزو ڕم و نێزە! دایانگرنە بەری!
بڕووخێ کاپۆلێت! بڕووخێ مۆنتاگیۆ!
(پیرە کاپۆلێت بە خەوجامەوە، لەگەڵ خاتوو کاپۆلێتی خێزانی دێنە ژوور).
کاپۆلێت: ئەوە چ هەرایەکە؟ ئادەی، شمشێرە درێژەکەم بۆ بهێنن!
خاتووکاپۆلێت: دارشەقە، بڵێ دارشەقە! تۆ چ ئیشت بەشمشێر هەیە؟
کاپۆلێت: دەڵێم شمشێرەکەم! پیرە مۆنتاگیۆ هاتووە،
وەک فشەکردن بە من شمشێرەکەی هەڵدەشەقێنێت.
(مۆنتاگیۆ و خاتوو مۆنتاگیۆی خێزانی دێنە ژوورەوە)
مۆنتاگیۆ: هەی (کاپۆلێت)ی بەدکار. (بۆ ژنەکەی) مەمگرە،

لێمگەڕێ بڕۆم، هەی ژن.
خاتوومۆنتاگیۆ: لێت ناگەڕێم هەنگاوێک باوێی بەرەو دوژمن.
(میر ئیسکالۆس و دەست و پێوەندەکانی دێنە ناوەوە)
میر: ئەی ژێردەستە یاخییەکانم، ئەی دوژمنانی ئاشتیێ،
ئەی ئەوانەی کە شمشێرەکانتان بەخوێنی هاوسێکانتان گلاوە -
ئەرێ نایبیستن؟ چیتانە، ها؟ پیاوینە، دڕندەینە،
ئەی ئەوانەی کە گڕی ڕقی پیستان بەکانی ئەرخەوانی
ناو دەمارتان دادەمرکێننەوە، لەژێر ئازاری سزادا پێتان ڕادەگەیەنم:
چەکی گرگرتووی دەستی خوێناویتان فڕێ دەنە سەرزەوی،
گوێ لە فەرمانی میری تووڕەتان بگرن.
ئەی پیرە (کاپۆلێت)، ئەی (مۆنتاگیۆ): ئەوە سێیەم جارە
لەسەر قسەی پووچ شەڕ لەناو شاردا دەنێنەوە و
ئارامی شەقامەکانی پێ دەشێوێنن و
واتان لە خەڵکی کۆنینەی (ڤیرۆنا) کردووە
پۆشاکی شایستەی خۆیان وەلابنێن و
بەباسکی پیریان ڕمی کۆنینەیان کە خۆرکی ئاشتی لێداوە هەڵگرن،
تا کینەی خۆرکدارتان لێک بکاتەوە.
ئەگەر جارێکی دی شەقامەکانمان لێ بشێوێنن،
ژیانتان دەبێتە خوێنبایی ئاشتی.
ئەم جارەش، هەمووتان بڕۆن.
(کاپۆلێت)، تۆ لەگەڵم وەرە،
(مۆنتاگیۆ) تۆش ئەو نیوەڕۆیە وەرە لام،
تا دوا بڕیارمان لەو بارەیەوە بزانن،
وەرنە (شاری ئازادی) کۆنمان، دادگای هاوبەشمان،
لەژێر هەڕەشەی مەرگدا، داوا لە هەمووان دەکەمەوە بڵاوەی لێ بکەن.
(هەموو دەڕۆن جگە لە (مۆنتاگیۆ) و (خاتوو مۆنتاگیۆ) و (بێنڤۆلیۆ).
مۆنتاگیۆ: کێ بوو دیسان ئەو شەڕەی نایەوە؟
برازا، پێم بڵێ. ئەری تۆ لەوێ بوویت کە قڵێشاوە؟



بێنڤۆلیۆ: لێرە، پێش هاتنم نۆکەرانی دوژمنەکەت و، هی تۆ، تێک گیرا بوون
من شمشێرم هەڵکێشا تا لێکیان بکەمەوە؛
ئەو دەمە (تیبالت)ی ئاگراوی هات و شمشێری لەدەست بوو ومەیدانی لێ
دەخواستم،
شمشێرەکەی لە سەر سەری خۆی بادەداو هەوای پێ شەق دەکرد،
ئەویش هیچ ئازاری پێ نەدەگەیشت و فشەی پێی دەهات.
ئەوسا کە ئێمە دەمانخێواندە یەکتری و لێکترمان دەدا،
لە هەر لایەکەوە یەکێک هات و لای کەسێکی دەگرت
تا میر هات و هەردوو لای بڵاوە پێکرد.
خاتوومۆنتاگیۆ: ڕۆمیۆ لە کوێیەوە؟ ئەری ئەوڕۆ ئەوت نەدیووە؟
زۆر دڵخۆشم کە پەنجەی لەو شەڕەدا نەخزیووە.
بێنڤۆلیۆ: خانمەکەم، کاتژمێرێک بەر لەوەی خۆری پەرستراو
سەر لە پەنجەرەی ڕۆژهەڵات بێنێتە دەر،
مێشکی پڕ ئازارم پاڵی پێوە نام بچم پیاسە بکەم،
کوڕەکەتم لە ژێر سێبەری ئەو سوورەچنارەی
کە ڕەگەکەی لەلای ڕۆژاوای ئەم شارەدا داکوتاوە بینی،
بەو بەیانیە زووە پیاسەی دەکرد.
من بەرەو ڕووی چووم، وەلێ ئەو ئاگای لێم بوو و
خۆی خزاندە ناو پەناوپەسێوی داران.
من بەهۆی حەزەکانی خۆم هی ئەو دەزانم
کە خەریکترین کەس بەدوای چۆلترین جێدا وێڵە،
گەرچی بەتەنیاش بووم خۆم پێ زۆر بوو،
کەوتمە داوی حەزی خۆم نەک هی ئەو،
بەدڵخۆشی لەو دوورکەوتمەوە کەحەزی دەکرد لێم ڕابکات.
مۆنتاگیۆ: ئەو گەڵێ بەیانیان لەوێ بینراوە،
بەفرمێسکەکانی ڕێی شەونمی تازەی بەیانیان دەکاتەوەو
بەهەناسە قووڵەکانی هەوری دیکە داوێتە سەر هەوران؛
کەچی هەرکە خۆری گشت شادکەر

پەردەی سێبەرینی لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە
لەسەر نوێنی (ئۆرۆرا)* ڕادەکێشێت،
ڕۆڵە دڵگرانەکەم بەرەو ماڵێ لە ڕووناکی هەڵدێ و
بەتەنیا خۆی لە ناو ژوورەکەی دەپەستێت و
پەنجەرەکان دادەخات و دەرگا لە تیشکی خۆری نازدار گاڵ دەدات،
شەوێکی دەستکرد بۆ خۆی دروست دەکات.
بێگومانم حەزەکەی ئەو ڕەش و پڕترس و سامناکە،
مەگەر ئامۆژگاری چاک هۆیەکەی لە ناخی بەرەڵاکا.
بێنڤۆلیۆ: ئەی مامی پایە بەرزم، ئەرێ تۆ هۆیەکە دەزانیت؟
مۆنتاگیۆ: نەبەخۆم دەیزانم و نەخۆیشی پێم دەڵێت.
بێنڤۆلیۆ: ئایا بەهیچ ڕێگایەک سەرت کردۆتە سەر سەری؟
مۆنتاگیۆ: بەخۆم و چەند برادەرێکی دی سەرمان ناوەتە سەر سەری،
بەڵام ئەو بەخۆی ڕاوێژکاری حەزەکانی خۆیەتێ،
– ناشزانم چەند لەوەدا ڕاستم -
بەڵام ئەو هێندە نهێنگیرو کەم گۆیە
کەس ناتوانێت قووڵایی ناخی دەروونی بزانێت و
هەر دەڵێی خونچەیەکە و کرمێکی حەسوود ناخی دەخوات
پێش ئەوەی پەڕە ناسکەکانی لێک بکاتەوە و
جوانییەکەی بۆ خۆرو با دەربخات.
بمانتوانیبا بزانین هۆی خەمەکانی لە چییەوە سەرهەڵدەدەن
ئەگەر تێیان بگەین ئامادەبووین چاریان بکەین.
(ڕۆمیۆ دێتە ناوەوە.)
بێنڤۆلیۆ: بڕوانن لە کوێوە دێت. تکایە خۆتان لادەن خۆ؛
من خەمەکانی دەزانم مەگەر ڕەتم بکاتەوە و نەڵی بۆ.
مۆنتاگیۆ: ئومێد دەکەم بەمانەوەت دڵت خۆشی تێ بکەوێ،
کە ڕاستی ببیسێت. وەرە، خانم، با بکەوینە ڕێ.

* ئۆرۆرا: خواوەندی کۆنی سپێدەیە لەلای گریکە کۆنەکانەوە.



(مۆنتاگیۆ و خاتوو مۆنتاگیۆ دەڕۆن)
بێنڤیۆلیۆ: ئامۆزاکەم، بەیانیت باش.
ڕۆمیۆ: ئەرێ ڕۆژ ئەوەندە زووە؟
بێنڤۆلیۆ: تازە سەعات نۆیە.
ڕۆمیۆ: وای لە من، کاتژمێرە خەماوییەکان درێژ دیارن.
ئەرێ ئەوە باوکم بوو وا بەپەلە لێرەوە ڕۆیشت؟
بێنڤۆلیۆ: ئەو بوو. ئەوە چ خەمێکە کاتژمێرەکانی ڕۆمیۆ درێژ دەکەنەوە؟
ڕۆمیۆ: ئەوەت نەبێت کە هەبوونی کورتییان دەکاتەوە.
بێنڤۆلیۆ: ئایا کەوتوویتە ناو خۆشەویستییەوە؟
ڕۆمیۆ: لە دەرەوەی دام –
بێنڤۆلیۆ: هی خۆشەویستی؟
ڕۆمیۆ: مەبەستم وایە لەدەرەوەی خۆش ویستنی ئەوەم کە خۆشم دەوێت.
بێنڤۆلیۆ: مخابن بۆ خۆشەویستی کە بەڕواڵەت ئەوەندە نەرم و ناسکە،
لە جێبەجی کردنیشدا هێندە زۆردار و سەخت خۆ دەنوێنێت.
ڕۆمیۆ: مخابن کە ئەوین گەرچی بەرچاویشی بەستراو و گری دراوە،
بەبێ چاو ڕێچکەی خواستی خۆی دەبینێتەوە لەو ناوە.
لە کوێ فراوین بخۆین؟ ئای لە من، ئەوە لێرە چ هەرایەک قەوماوە؟
بەڵام پێشم مەڵێ، چونکە هەمووییم لەناو گوێ زرنگاوە.
لێرە دەبێ زۆر خەریکی کینە بێت، کەچی لەو پتریش بەخۆشەویستی.
ئینجا چییە، ئەی خۆشەویستی شەڕفرۆش، ئەی کینەی ئەویناوی،
ئەی ئەو شتەی لە هیچەوە پەیدا دەبێت و ڕسکاوی،
ئەی سووکی قورس، ئەی پووچێتی ڕاستەقینە،
ئاژاوەی تێک شێواوی شێوەی جوان دیار،
پەڕامووچەی مس، دوکەڵی ڕووناک، ئاگری سارد، ساغێتی نەساغ
خەوی هەر بەئاگا، شتێک نییە کە چی وایە
هەست بەو ئەڤینە دەکەم؛ ئەو هەستەی کە ئەوینی تێدا نەمایە.
ئەری پێکەنینت نایە؟
بێنڤۆلیۆ: نەخێر، پسمام، پتر گریانم دێت.

رۆمیۆ: بۆ دەگریت، ئەی دڵ و دەروون چاک؟
بێنڤۆلیۆ: لەبەر ئەو بارە گرانەی لەسەر دڵە چاکەکەت تایە.
رۆمیۆ: بۆچ، ڕەتکردنی سنووری ئەوین هەر بەخۆی وایە.
خەمەکانی خۆم بەقورسی لە سینەمدا ڕاکشاو و گیرن،
تۆ پتریان دەکەیت بەخستنە پاڵی ئەوانەی کە خۆتی پێوە ئەسیرن.
ئەو ئەوینەی تۆ بۆ منت خستە ڕوو
خەمی پتر دەخاتە سەر خەمە زۆر و زەبەندەکانی من بێ سێ و دوو.
ئەوین دوکەڵێکە کە لە هەڵمەدووی هەناسان پەیدایە،
پاک بکرێتەوە، گڕێک لە دوڕ چاوی دڵداران لە بریسکە دایە؛
بشێوێنرێت، دەریایەک بەفرمێسکی دڵداران هەڵسایە.
دەبێ لەوە زێتر چی دی بێت؟ شێتییەکی هەرە ژیرانەیە،
تاڵییەکی مرۆڤ خنکێن و شیرینییەکی پارێزەرانەیە.
خوا حافیز، پسمام.
بێنڤۆلیۆ: منیش لە گەڵتا دێم؛ هێواش کە هێواش؛
وام جێ بهێلیت، خراپەم لەگەڵ دەکەیت کوڕی باش.
رۆمیۆ: پیاه، من خۆم لێ ون بووە؛ ئەوە من نیم لێرە.
ئەوە (رۆمیۆ) نییە، ئەو بە جێگایەکی دیکە فێرە.
بێنڤۆلیۆ: بەڕاستی پێم بڵێ، کێت خۆش دەوێت؟
رۆمیۆ: چی، بناڵم و بە تۆی بڵێم؟
بێنڤۆلیۆ: بناڵێنیت؟ ئەدی بۆ چ نا.
بەڵام ڕاست بڵێ کێیە توخوا.
رۆمیۆ: مرۆڤی نەخۆش لە نائومێدیان وەسیەتی خۆی دەنووسێت
لە ڕاستیا ئەو وشە نابەجێیە بۆ کەسێکە زۆر نەخۆش بێت.
ئەوەی ڕاستی بێت، پسمام، من خانمێکم خۆش دەوێت.
بێنڤۆلیۆ: زۆر لە نزیکی نیشانەکەم دا کە وامدانا تۆ کەسێکت خۆش دەوێت.
رۆمیۆ: چ نیشان شکێنێکی دەست ڕاستی! ئەوەی خۆشیشم دەوێت جوانە.
بێنڤۆلیۆ: نیشانەی جوان و ڕاست زوو دەپێکرێت، پسمام.
رۆمیۆ: لەوەدا، ئەوەی ڕاستی بێت، نەتپێکا. چونکە ئەو لە پێکران نایە



بەتیری (کیوپد)*؛ ئەو ژیرێتی (دایان)**ی لە گەڵدایە.
ئەو بەزرێی قایمی پاکێتی زۆر بەچاکی پارێزراوە،
لە کەوانی منداڵانەی ئەوینی بێ توانا بەدوورە و نە پێکراوە.
ئەو لەناو ئابلۆقەی قسەی خۆشەویستی گیر ناخوات،
چاوەڕوانی پەلاماری چاوە هێرشبەرەکان ناکات،
کۆشیشی بۆ قەشەی فریودەری زێڕ و زەبەند ناکاتەوە،
ئای چەند دەوڵەمەندە لە جواندا، تەنیا ئەو هەژارە
کە دەمرێت، گەنجینەکەشی لەگەڵ خۆی خاکەسارە.
بێنڤۆلیۆ: کەواتە ئەو سوێندی خواردووە هەر بەکچێنی بژێیت؟
رۆمیۆ: وای کردووە بەم بگیرییەی زیانێکی مەزنی لێ دەکەوێت،
چونکە جوانی بەو سەختگیرییەی لە برسان دەمرێت،
تۆوی جوانی لە نەوەکانی پاشەخۆی دەبڕێت.
ئەو هێندە جوانە، هێندە ژیرە، بەژیرییەکەی هێندە نازدارە،
بەو پاکی و چاکییەی نائومێدی هەر بۆ منی هەژارە.
ئەو سوێندی لە ئەوین خواردووە و بەو پەیمانە؛
من بەمردوویی دەژیم، تا ئەوەت بۆ بکەم ڕەوانە.
بێنڤۆلیۆ: بەگوێی من بکە و لە بیرە خۆتی بەرەوە.
رۆمیۆ: ئادەی فێرم بکە چۆن چۆنی لە بیر خۆمی ببەمەوە!
بێنڤۆلیۆ: بەوەی چاوانت بەرەڵا بکەیت؛
جوانانی دی تاقی بکەیتەوە.
رۆمیۆ: ئەوە دەق ئەو ڕێگایەیە کە بیر لە جوانی کامڵی ئەو بکەمەوە.
ئەو ڕووپۆشە خەنیانەی کە نێوچەوانی خانمە جوانەکان ڕادەمووسن،
ڕەشییێتیان بیرمان دێننەوە کە چ جوانییەک لەپشتیەوە خۆی حەشاردراوە.
ئەوەی کە کوێر دەبێت لە دەستی نایەت

---

* خواوەندی خۆشەویستییە لە لای یۆنانییەکان و بەشێوەی منداڵێکی باڵدار کە چاوی بەستراوەتەوە و تیر و کەوانێکی لە دەستە و بەکوێری تیر دەگرێتە دڵی دڵداران.

** خواوەندی ڕاووشکارە لە لای ڕۆمانەکان و هێمای پاکێتییە.

گەنجینە هێژایەکەی بینایی لە بیر بچێت.
خانمێکم پێ نیشاندە کە یەگجار جوان و نازدارە.
جوانییەکەی بەچی دەچێت، مەگەر ببێتە پەراوێز
بۆ خوێندنەوەی ئەو دەقەی کە بەسەر ئەو جوانییە نازدارەوەیە؟
خوا حافیز؛ تۆ ناتوانیت فێرم بکەیت لەبیر خۆمی ببەمەوە.
بێنڤۆلیۆ: دەبێ ئەو بڕوایەت پێ بسەلمێنم، دەنا بابە قەرزاری سەر بنێمەوە.
دەڕۆن



## دیمەنی دووەم

## هەمان جێگا

کاپۆلێت و پاریس و گاڵتەبازێک کە نۆکەری (کاپۆلێت)ە دێنە ژوور.
کاپۆلێت: بەڵام (مۆنتاگیۆ)ش وەک من بەرپرسیارە،
لەسزاش دا وەکو یەکین و وابزانم گران نییە
بۆ پیاوانی پیری وەک ئێمەمانان ئاشتی بپارێزین.
پاریس: ئێوە هەردووکتان پایەتان بەرزە،
مخابن ئێوە ئەو تەمەنە درێژەتان بە ناکۆکی ڕابواردووە.
بەڵام ئێستا گەورەم، تۆ لەبارەی داواکارییەکەمەوە چی دەڵێیت؟
کاپۆلێت: تەنیا ئەوەت پێ دەڵێم کە پێم گوتوویت:
منداڵەکەم هێشتا هیچ لەو دنیایە نازانێت؛
تا ئێستا چواردە بەهاری بەسەر نەبردووە؛
لێی گەڕێ باگوڵی دوو هاوینی دی بژاکێنێت
بەرلەوەی بیر لەوە بکەینەوە پێگەییوەو خۆی وەک بووک بخەملێنێت.
پاریس: لەو گەنجتر بوونەتە دایکی بەختەوەر.
کاپۆلێت: بەڵام بەزوویی دەژاکێن ئەوانەی زوو کەوتوونەتە بەر.
زەوی هەموو ئومێدێکی قوتداوم جگە لەو؛
ئەو خانمی ئومێدبەخشی سەر زەمینمە.
بەڵام دڵداری لەگەڵ بکە و دڵی ڕاکێشە، ئەی پاریسی دڵنەرم و چاک؛
بڕیاری من لە ڕازیکردنی ئەو تەنیا بەشێکە نەک سەرپاک.
هەر ئەو پەسندی کردو لە پانتایی هەڵبژاردنی ئەودا
دەنگی پەسندکردنی من پابەندی قسەکانی ئەوە لەودا.
ئەم شەو من وەک کردوومەتە خوو ئاهەنگێک دەسازێنم،
گەلێ مێوان بۆ ئەوێ من بەخێر دەهێنم،
لەوانەی خۆشم دەوێن، تۆ لەوانی بەدڵنیایی
کەسێکی زۆر بەخێر دێنرێت، ژمارەکانم پتر دەبن ئاوەهایی.
ئەمشەو لە ماڵە هەژارەکەم دا چاوەڕێ بکە بۆ دیتن

ئەستێرەی سەر زەوی ئاسمانی تاری پێ ڕۆشن دادێتن.
خۆشییەکی وا کە لاوانی هەوەسباز دەیچێژن و دەگەن پێی
کاتێک نیسانی پۆشاک جوان پێ لە پاژنەی پێی
زستانی شەل و گران دەنێت، تەنانەت ئەو بەزم و شادیە
لەناو خونچە مێینە تازەکاندا ئەمشەو ئاساییە
لەناو ماڵەکەم دا؛ گوێ لە هەمووان بگرە و لە هەمووان بڕوانە
ئەوەت خۆشبوێت کە لە هەمووان شایستەتر و جوانە:
گەرچی بەدیەن زۆر دەبینیت، هی منیش بە ژمارە یەکێکە لەوان
بەڵام لەناویان هەرگیز نییەتی هاوشان.
وەرە باپێکەوە بڕۆین. (کاغەزێک بەگاڵتەبازەکە دەدات)
بڕۆ، کوڕە، گڕ بخۆ
بەناو (ڤیرۆنا)ی جوان؛ ئەو کەسانە بدۆزەوە
کە ناویان لێرەدا نوسراوە، یەک یەکە پێیان ڕابگەیەنە
بێنە ماڵم و بەهاتنیان خۆشحاڵم و هەموویان بەخێر بهێنە.
(کاپۆلێت و پاریس دەڕۆن)

گاڵتەبازەکە: ئەوانە بدۆزمەوە کە ناویان لێرەدا نووسراوە؟ لێرەدا نوسراوە کە پێڵاوساز گەزەکەی بابدات و جلک دروو قالبی پێڵاوەکەی، ماسیگر بەفلچەکەی و نیگارکێش بەتۆڕەکەی. بەڵام من نێردراوم ئەو کەسانە بدۆزمەوە کە لێرەدا ناویان نوسراوە، کەچی هەرگیز ناتوانم ئەو ناوانە بدۆزمەوە کە نووسەرەکەی لێرە نوسیوویە. دەبێ من بچمە لای خوێندەوارێک. (ئەو دەبینێت بێنڤۆلیۆ و ڕۆمیۆ دێن) لە وەختێکی باش هاتن.
(بێنڤۆلیۆو ڕۆمیۆ دێنە ناوەوە)

بێنڤۆلیۆ: هەی قەلەندەر، ئاگرێک یەکێکی دی دەخواتەوە،
ژانێک بەژانێکی دی دادەمرکێنرێت؛
کە گێژ بوویت، خولخواردنی بەرەواژی مێشک چاک دەکاتەوە.
خەمێکی ئومێدبڕ بەدەردەسەرییەکی دی چار دەکرێت:
تۆ دەردێکی نوێ بۆ چاوت بڕەخسێنە
ژەهری پیسی کۆن لە گیانی خۆتا دەربهێنە.



ڕۆمیۆ: پەلکی ڕەکێشەی* تۆ بۆ ئەم دەردە زۆر نایابە.
بێنڤۆلیۆ: بۆچی، تکات لێ دەکەم؟
ڕۆمیۆ: بۆ لاقی شکاوت.
بێنڤۆلیۆ: چییە، ڕۆمیۆ، شێتیت؟
ڕۆمیۆ: شێت نیم، بەڵام لە شێتان توندتر پەلبەستکراوم؛
لە زیندان نراوم، بێ خواردن و خۆراک ماوم،
بەقامچی شوو شووکراوم و ئازاردراوم** و-
ئێوارت باش برادەری چاکم.
(گاڵتەبازەکە دێتە ناوەوە)

گاڵتەبازەکە: خودا ئێوارەت باش بکات. تکایە، گەورەم، دەزانیت بخوێنییەوە؟
ڕۆمیۆ: بەڵێ، چارەنووسی خۆم لە بەدبەختیم دا.
گاڵتەبازەکە: ڕەنگە بەبێ کتێب فێری بووبیت، بەڵام تکام وایە، ئەرێ دەتوانیت ئەوەی دەیبینیت بیخوێنیتەوە؟
ڕۆمیۆ: بەڵێ، ئەگەر پیتەکان و زمانەکەی بزانم.
گاڵتەبازەکە: ڕاست دەکەیت، خوا دڵت خۆش بکات. (دوور دەکەوێتەوە).
ڕۆمیۆ: بوەستە، برادەر؛ دەتوانم بیخوێنمەوە (لیستەکە دەخوێنێتەوە).
«سینیۆر مارتینۆ و ژن و کیژەکانی؛
کۆنتی ئەنسلێم و خوشکە جوانەکانی؛
خاتوو ڤیتر و ڤیۆی بێوەژن؛
سینیۆر پلاسینتیۆ و برازا نازدارەکانی؛
مێرکیشیۆ و ڤالانتینی برای؛
کاپۆلێتی مامەم و ژن و کیژەکانی،
برازای ناسکم ڕۆزەلین و لیڤیا؛
سینیۆر ڤالانتیو و تیبالتی ئامۆزای؛
لوسیۆ و هێلینای قسەخۆش»

* جۆرە گیایەکی پزیشکییە بۆ سەر برین و کوانان بەسوودە.
** لە سەردەمی شکسپیردا بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ شێتان دەکرا.

چ کۆمەڵێکی رێکوپێکە. ئەرێ بێنە کوێ؟
گاڵتەبازەکە: سەرەوە –
رۆمیۆ: لە کوێ؟ بۆ نانی شیۆ؟
گاڵتەبازەکە: بۆ ماڵی ئێمە.
رۆمیۆ: ماڵی کێیە؟
گاڵتەبازەکە: ماڵی خودانەکەم.
رۆمیۆ: ئەوەی ڕاستی بێت، دەبوایە پێشتر لێتم پرسیبوایە.
گاڵتەبازەکە: ئێستا بێ پرسین پێت دەڵێم. خودانی من کاپۆلێتی دەوڵەمەندی مەزنە؛ جا گەر ئێوە لە بنەماڵەی مۆنتاگیۆ نین، تکاتان لێ دەکەم وەرن و جامێک بادە هەڵدەن. خوا خۆشتان بکات.
(گاڵتەبازەکە دەڕوات)
بێنڤۆلیۆ: لە هەمان ئاهەنگە لە مێژینەکەی کاپۆلێت دا
رۆزەلینی نازدار کە تۆ هێندەت خۆش دەوێ،
لەگەڵ هەموو جوانە دڵگرەکانی (ڤیرۆنا) نانی شێو دەخوات.
بچۆ ئەوێ و بەچاوێکی بێ لایەنەوە ببینە،
روخساری ئەو بەکەسێک بەراورد بکە کە نیشانی تۆی دەدەم،
ئەوسا قازەکەت لەبەر چاو وەک قەل ڕەش دەکەم.
رۆمیۆ: کاتێک ئایینی پەرستنکارانەی چاوان و دیدەم
ئەو درۆیە بگرێتە خۆ، فرمێسکم دەبنە ئاگر؛
ئەوانەی کە زۆر جار خنکاون، قەت نامرن ئەو دەم،
دەبێ ئەو کافرە ڕۆشنانە لەبەر درۆ بسووتێن بەگڕ.
کەسێکی لە یارم جوانتر؟ خۆری سەرتاپا بین
هەرگیز هاوتاشی نەدیووە لەوەتەی دنیا کەوتۆتە جمین.
بێنڤۆلیۆ: پیاه، تۆ ئەوت پی جوانە، چونکە کەسی جوانی لە تەکا نەبووە،
هەر خۆی بەتەنیا لە هەردوو چاوەکانت دا جێگیر بووە،
بەڵام با لە تای تەرازووی کریستالیندا یەکێکی دی بێتە کێشان
ئەوینی خانمەکەت لە بەرامبەر هی خانمێکی دی دابێتە مەیدان
کە من لەو ئاهەنگە نیشانتی دەدەم دەدرەوشێتەوە



سەختە باش بێت ئەوەی ئێستا زۆر چاک لەلات دەکەوێتەوە.
رۆمیۆ: من دێم، نەک بۆئەوەی ئەو دیمەنە ببینم
بەڵکو بۆ خۆشی دیتن لە نازدارێتی ئەوەی بەهی خۆمی ڕەوا دەبینم.
(دەڕۆن)

## دیمەنی سێیەم

## ژوورێکی ماڵی کاپۆلێت

خاتوو کاپۆلێت و دایەن دێنە ژوور.

خاتووکاپۆلێت: دادە، کیژۆڵەکەم لە کوێیە؟ بۆم بانگی ئێرەی بکە.

دایەن: ئەدی، بەکیژێنی دوازدەساڵانی خۆم سوێند دەخۆم، داوام لێی کرد بێت.کچێ، بەرخۆڵەکەم! کچێ خاڵخاڵۆکەکەم! خوا ئاگای لێمان بێت ! ئەو کیژە لە کوێیە ؟ کچێ، جولێت!

(جولێت دێتە ژوور)

جولێت: چییە ؟ کێ بانگم دەکات؟

دایەن: دایکت.

جولێت: خانم، من لێرەم، چیت دەوێت؟

خاتووکاپۆلێت: ئەوە مەسەلەکەیە. ئادەی دادە، کەمێک بەتەنیا جێمان بهێڵە؛ دەبێ ئێمە بەدزی بدوێین. (دایەنەکە دەست بەڕۆیشتن دەکات) دادە، ئا بەبیرم هاتەوە، دەبێ تۆ گوێت لە قسەکانم بێت. تۆ هەر لە منداڵییەوە کیژەکەم دەناسیت.

دایەن: بەدڵنیاییەوە، من دەتوانم تەمەنی بەکاتژمێر بژمێرم.

خاتووکاپۆلێت: هێشتا نەبۆتە چواردە.

دایەن: بەچواردە دگانم گرەو دەکەم - گەرچی بەداخەوە دەبێ بیڵێم هەر لە دەساڵییەوە چواری ماون - ئەو نەبۆتە چواردە. چەندی ماوە بۆ جەژنی دروێنەی یەکی ئاب؟

خاتووکاپۆلێت: چواردە ڕۆژ و چەند تاک و لۆکێک.

دایەن: ڕۆژانی ساڵ چ تاک بێت و چ لۆک، گرنگ ئەوەیە کە جەژنی دروێنەی یەکی ئاب دێت دەبێتە چواردە. ئەو و سۆزان - خوا لە هەموو مەسیحیەک خۆش بێت - هاوزا بوون. ئێ، سۆزان وا خوا بردیەوە؛ ئەو زۆر لەوە باشتر بوو بۆ من بمێنێت. بەڵام وەک گوتم، لە شەوی جەژنی دروێنە دا ئەو دەبێتە چواردە؛ بەڵێ، بە مەریەم، من ئەوەم چاک لە بیرە. لەوەتی بوومەلەرزەکەوە تا ئێمڕۆ دەکاتە یازدە ساڵ و ئەو ڕۆژ بوو ئەو لە مەمک کرابۆوە - من هەرگیز ئەو ڕۆژە لە بیر ناکەم - لە باقیمەندی ڕۆژانی ساڵ. لەو ڕۆژەدا، چونکە ئەو ڕۆژە من ئاوگی ڕووەکی خاوم لە مەمکم



دابوو، لەبن دیواری لیسی کۆتران لەبەر ڕۆژێ دانیشتبووم. ئەوسا تۆو خوادان لە (مانتوا) بوون -نەخێر، من مێشکم هەیە! بەڵام وەکو گوتم، کاتێک تامی ئاوگی خاوی لە چیچیلەی مەمکم کردو تاڵایەتییەکەی چەشت، زۆر سەیر بوو بتدیبا چۆن غەزری و مەمکەکەی یەکسەر بەردا! «شریقە» لە لیسی کۆتران هەڵسا، پێویستم بەوە نەبوو بەشل و خاوی هەڵێم. لە هەنگییەوە تا ئێستا یازدە ساڵەو چونکە ئەوسا دەیتوانی هەڵسێتەوە؛ نەخێر، سوێند بەخاچ، دەیتوانی تاتی تاتی بکات و لێرە و لەوێ ڕابکات، چونکە تەنانەت ڕۆژی پێشتر نێوچەوانی شکابوو و ئەوسا مێردەکەم- خوا لێی خۆش بێت -ئەو پیاوێکی قسەخۆش بوو- منداڵەکەی هەڵگرتەوە. ئەو گوتی «بەسەر دەمدا کەوتیت؛ ها؟ تۆ کە عەقڵت زێتر دەبێت بەسەر پشتا دەکەویت، وانییە جولی؟» جا سوێند بەدایکی پیرۆز، ئەو جندۆکە نازدارە لە گریان کرپۆوەو گوتی «ئا». ئێستا بڕوانە چۆن ئەو گاڵتەیە بەڕاست دەگەڕێت! من ڕاست دەڵێم و ئەگەر هەزار ساڵیش بژیم، ئەوەم هەرگیز لە بیر ناچێتەوە، ئەو گوتی: «وانییە، جولی؟» زۆر سەیر بوو کرپۆوە و گوتی «ئا».

خاتووکاپۆلێت: بەسە، تکایە، بێدەنگ بە.

دایەن: باشە، خانم؛ کەچی من لەپێکەنین پترم لە دەست نایە کە بیر لەوە دەکەمەوە هەرکە دەگریاو هاواری دەکرد «ئا»؛ هەرچەندە دڵنیاشم کە نێوچەوانی بەقەد گونە کەڵەشێرێکی باڕکە ئەستوور ببوو - خراپ بەریبۆوە - کەچی بەتاڵی هاواری دەکرد «ئا»، مێردەکەم دەیگوت «بەسەر دەمتا دەکەوێت؟ تۆ کە گەورە دەبیت بەپشتا دەکەویت، وانییە، جولی؟» جا کرپۆوەو هاواری کرد «ئا».

جولێت: دادە، منیش دەڵێم تکایە تۆش بیبڕەوە.

دایەن: هێمن بەرەوە، وا کڕ بوویمەوە. خوا چاوی لێت بێت، تۆ جوانترین ساوا بوویت کەمن شیرم پێ دایت. هیوادارم بژیم و بتبینم تۆ مێرد بکەیت.

خاتووکاپۆلێت: مێرد کردن، هەر بۆ ئەو «مێرد کردنەیە» من هاتووم لێیەوە بدوێم. پێم بڵێ، جولێتی کیژم، ڕات چییە بەرامبەر بەمێرد کردن؟

جولێت: ئەوە سەربەرزییەکە کە من خەونی پێوە نابینم.

دایەن: سەربەرزی! ئەدی من بەتەنیا دایەنی تۆ نەبوویمە. من دەڵێم تۆ ژیرێتیت لە چیچیلەی مەمکەوە مژتووە.

خاتووکاپۆلێت: باشە، ئێستا بیر لە مێرد کردن بکەرەوە. لێرە
لە (ڤیرۆنا) خانمانی دیار و بەناوبانگی لە تۆ گەنجتر
لە مێژە بونەتە دایک. کە بوومە دایکت
بەحیسابی خۆم ڕێک لەو تەمەنە دابووم
کەچی ئێستا تۆ هەر کچیت. کەواتە بەکورتی
پاریسی جوامێر بەدواتەوەیە بۆ خۆشەویستی.
دایەن: خانمی گەنج، چ پیاوێکە! خانمەکەم، ئەو پیاوێکە لە هەموو دنیا... وای، پیاوێکە لە جوانیدا هاوتای نییە !
خاتووکاپۆلێت: هاوینی (ڤیرۆنا) گوڵی وای بەخۆوە نەدیووە.
دایەن: نەخێر، گوڵە گوڵ، بەڕاستی خۆی گوڵە.
خاتووکاپۆلێت: چ دەڵێیت؟ دەتوانیت حەز لەو جوامێرە بکەیت؟
ئەمشەو لە ئاهەنگەکەماندا دەیبینیت.
لەناو بەرگی ڕوخساری پاریسی گەنج بیخوێنەوە
خۆشیی بدۆزەرەوە کە بەپێنوسی جوانی تێیدا نوسراوە؛
لە هەموو کۆکی و تەبایی ڕوخساری بڕوانە
ببینە چۆن هەر ناوەڕۆکەی واتابەخشی ئەوی ترە بیزانە؛
هەرچییەکیش لەو بەرگ و قەوارەدا ڕاز و پەنهانە
لە پەراوێزی چاوەکانی نوسراوەو پیشانە.
ئەم کتێبە پڕ بەهایەی ئەوین، ئەو دڵدارە ڕاونەکراوە
تا جوانتر بێت، لە چی کەم نییە، بەرگێکی ناتەواوە.
ماسی لە دەریادا دەژیت؛ مایەی سەربەرزییەکی تەواوە
بەرگی جوان، ناوەڕۆکی جوانی لە ناوەخۆی حەشارداوە.
ئەو کتێبە، بەلای زۆراندا، وایە کە ئاوەزوونەی زێڕی
سەربەرزە بەوەی چیرۆکی زێڕین کلیل دەدات چ سەر و چ ژێری.
جا تۆش هاوبەش دەبێت لە هەرچییەکی ئەو خاوەندارە
بە بوونی ئەو نزمتر نابێتەوە لەم پایە و ئاستە دیارە.
دایەن: نزمتر نا؟ نەخێر، مەزنتر! ژنان بەپیاوان پێ دەگەن.
خاتووکاپۆلێت: بەکورتی بیڵێ: دەتوانی خۆشەویستی پاریس پەسند بکەیت؟



جولێت: تەماشای دەکەم تا خۆشم دەوێت، گەر تەماشا خۆشەویستی بێنێت
بەڵام تیری چاوم قووڵتر لەودا ناچەقێنم
لەوەی ڕازی بوونت ڕێم بدات و بیسمێنم.
(گاڵتەبازەکە دێتە ناوەوە)
گاڵتەبازەکە: خانمەکەم، میوانەکان هاتوون، نانی شێوان ئامادەیە، بانگی تۆ دەکەن و لە بارەی خانمە گەنجەکەشم پرسیار دەکەن، تەیان لە ژووری قاپ و قاچاغدا نەفرین دەکەن، هەموو شتێک پێویستی بەدەستوبردیە. جا من دەبێ خەریک بم. تکاتان لێ دەکەم یەکسەر بەدوامدا وەرن.
خاتووکاپۆلێت: وا بەدواتدا دێین. جولێت، کۆنت پاریس چاوەڕوانتە.
دایەن: کیژێ، بڕۆ خۆشی شەوان بۆ خۆشی ڕۆژان پەیدا بکە.
(دەڕۆن)

## دیمەنی چوارەم

## لە دەرەوەی ماڵی کاپۆلێت

مەشخەڵ هەڵگر دێن، ڕۆمیۆ و مێرکیوشیۆ و بێنڤۆلیۆو
پێنج شەش پیاوی دەمامکداری دیکەیان بەدواوەیە.
ڕۆمیۆ: ئەرێ بەقسەیەک داوای لێ بووردن بکەین
یان بەبێ پۆزش بچینە ناوەوە؟
بێنڤۆلیۆ: باوی پۆزش هێنانەوەی درێژ نەماوە:
ئێمە هیچ (کیوپید)ی چاو بەدەسماڵ بەستراوەمان نییە،
کە کەوانێکی دارینی بۆیە کراوی تەتەرانی هەڵگرتبێت،
وەک پاسکەری قەلی ناو دەغلان زراوی کیژان ببات؛
هەروا هیچ پێشگوتارێکی لەبەریشمان نییە، بەنزمی دوا بەدوای
قسەفێرکەر بلێینەوە تا بچینە ناو دیمەنەکەوە.
دەلێگەڕێ حەزیان لە چ پێودانگێکە با بەوە هەڵمان سەنگێنن،
ئێمە بەدەم ڕۆیشتنەوە چۆپییەک دەکەین و دەڕۆین.
ڕۆمیۆ: مەشخەڵێکم پێ بدەن: من حەز لەو چۆپییە ناکەم؛
چونکە دڵم تارە، با من ڕۆناکییەکە هەڵگرم.
مێرکیوشیۆ: نەخێر، ڕۆمیۆی دڵنەرم، دەبێ سەمامان بۆ بکەیت.
ڕۆمیۆ: باوەڕم پێ بکەن، من نا. ئێوە پێلاوی سەماتان لەبەرە
بن پێلاویشتان سووکە: من ڕۆحێکم هەیە لە مس
وا بەزەویەوەم دەنوسێنێت کە نەتوانم بجولێمەوە.
مێرکیوشیۆ: تۆ عاشقیت: باڵەکانی (کیوپید) بۆخۆت بخوازەوە
بەوان بەسەر سنووره ئاساییەکانەوە خول بخۆ.
ڕۆمیۆ: من بەتیری ئەو ناخ سمراوو یەگجار بریندارم
کە نەتوانم بەپەڕە سووکەکانی بخولێمەوە؛ واش پەلبەستکراوم
کە نەتوانم لەسەر تەپڵەسەری خەمێکی تەپ بەرزتر ببمەوە.
وا لەژێر باری گرانی ئەوین نقەم لێوە دێت.
مێرکیوشیۆ: جا گەر لە ناو ئەوین دانقوم ببیت، تۆ باری ئەو گران دەکەیت –



ئەوەش زوڵمێکی گەورەیە لە شتێکی وا ناسکی دەکەیت.
ڕۆمیۆ: ئەرێ ئەوین شتێکی ناسکە؟ ئەو یەگجار ڕەقە،
یەگجار وشکە و دڕندە و کێوبە، دەڵێی دڕکە لە مرۆڤ دەچەقێت.
مێرکیوشیۆ: ئەگەر ئەوین لە گەڵت ڕەقە، تۆش لە گەڵی ڕەق بە؛
تێی بچەقێنە لەبەر تێ چەقاندنەکەی، بەمە بەسەریا زاڵ دەبیت.
دەمامکێکم بدەرێ تا ڕوخسارمی تێدا وەشارم؛
دەمامکێک بۆ ڕوخساری دەمامکاوی! باکم بەچییە
چ چاوێک سەیری ڕوخساری شێواوم دەکات؟
ئەوەتانێ برۆی قالۆنچە کە بۆم سوور دەچێتەوە.
(دەمامکێک دەپۆشێت)
بێنڤۆلیۆ: وەرە: لە دەرگا بدەو بچۆرە ژوور؛ هەر چووینە ناوەوە
هەموو یەکێک دەبی پاکانی بکەونە سەما.
ڕۆمیۆ: مەشخەڵێکم بدەنی: با گاڵتەکارە دڵ بێ خەمەکان
بەپاژنەکانیان ختووکەی وشکەزەلی بێ هەست بدەن،
بەڵام من وا دەکەم کە وەک پەندە کۆنەکە دەیڵێت:
من دەبمە مۆم هەڵگرو سەیرتان دەکەم.
قەت گەمەکە وا خۆش نەبووەومنیش دڵتەنگ وڕەنگ تەڵخم.
مێرکیوشیۆ: پفاهـ، بەقسەی ئەفسەران مشکۆڵە تەڵخە؛
ئەگەر ئەسپی تەڵخیت و لە قوڕ چەقیویت، ئێمە دەرت دەکێشین،
یان لێم مەگرە ئەگەر بڵێم تا بناگوێت لە خۆشەویستیدا
چەقیویت. ئادەی وەرن، ئێمە ڕۆژەکە دەسووتێنین.
ڕۆمیۆ: نەخێر، وا نییە.
مێرکیوشیۆ: مەبەستم وایە، گەورەم، بەو خۆگنخاندنەمان
بێهودە ڕووناکییەکانمان دەچوێنین وەک پێکردنی ڕووناکی ڕۆژان.
مانا ڕاستەکانمان وەرگرە، چونکە دەرکەوتنی تێگەیشتنی ڕاست و ڕەوانمان
دەکاتە پێنج هێندەی مانا شاراوەکانی ژیری چاکمان.
ڕۆمیۆ: نیازمان پاکە لە چوونە ئەو ئاهەنگە دەمامکپۆشە،
گەرچی هیچ ژیرییەکیشی تێدانییە بچین.

مێرکیوشیۆ: دەکرێ بپرسین، لەبەرچی؟
ڕۆمیۆ: ئەمشەو خەونێکم بینیێ.
مێرکیوشیۆ: منیش هەروا.
ڕۆمیۆ: باشە، چیت بینی؟
مێرکیوشیۆ: ئەوەبوو کە خەونبینان زۆرجار درۆ دەکەن.
ڕۆمیۆ: کە بەخەوتوویی لە ناونوێندان، خەونی شتی ڕاست دەبینن.
مێرکیوشیۆ: ئۆه، کەواتە شاژنە (ماب)* لە گەڵتا بوو.
بێنڤۆلیۆ: شاژنە (ماب)؟ ئەو کێیە؟
مێرکیوشیۆ: ئەو مامانی پەریانە و بەجۆرێک دێت کە لە نقمێکی
ئاقیقی پەنجەی درێژی فەرمانڕەوایەک گەورەتر نییە،
کۆمەڵێک بوونەوەرۆکە ڕای دەکێشن و
لە خەودا بەسەر لووتی مرۆڤا ڕادەبرێت.
تەلی پێچکەی گالیسکەکەی لەلاقی درێژی قالۆنچانە،
سەرپۆشەکەی لە باڵی کلۆیان،
جڵەوەکەی لە تەونی وردترین جاڵجاڵۆکەیە،
پانگۆیەکەی لە تریفەی ئاوینی مانگە،
قامچییەکەی لەئێسکی جرجرەیەو، سیرمەکەی ئارموشی تەونانە،
گالیسکەوانەکەی پێشکۆکەیەکی بەرگ بۆریلەیە،
نیو ئەوەندەی کرمۆکەیەکی خڕکەڵانە نابێت
کە لەژێر پەنجەی تەمبەڵی خانمێک دەرهێنرابێت.
گالیسکەکەی قەپێلکی بۆشی بوندوقە،
کە سمۆرەی دارەوان یان کرمی ناوکەخۆرە کلۆری کردبێت،
ئەوان زۆر لە مێژە گالیسکە دروستکەرن.
شەو لە دوای شەو ئەو ئاوا بەناومێشکی دلدارانداا
چوار پەلە دەکات وئەوانیش خەون بەخۆشەویستییەوە دەبینن؛
دێتە سەر ئەژنۆی دەرباروانان وخەون بەخۆدانواندنەوە دەبینن؛

* شاژنە (ماب): ناوێکی شاژنی پەرییانە.



دێتە سەر پەنجەی پارێزەران و یەکسەر خەون بەکرێوە دەبینن؛
بەسەر لێوی خانمان و یەکسەر خەون بەماچەوە دەبینن،
کە (ماب) ی تووڕە بە تامیسکە گرفتاریان دەکات
چونکە دەیانەوێ هەناسەی بۆگەنیان بەبۆنی خۆش بشارنەوە.
جار وایە بەسەر کەپووی دەرباروان دا چوار ناڵە دەکات
ئەو لە خەونی دا بۆنی سکاڵایەکی چەور دەکات؛
جاریش وایە بەخۆو بە(بەرازانە)کەیەوە وەژوور دەکەوێت و
لووتی مام قەشە ختوکە دەدات هەر کە لە خەودایە،
ئینجا ئەو خەون بەبەخشیشێکی دیکەوە دەبینێت؛
هێندێک جاریش ئەو بەسەر گەردەنی سەربازێکەوە ڕێ دەکات،
ئەوسا ئەو خەون بەپەڕاندنی ملی بێگانانەوە،
بەشکاندنی ڕیزەکانیان، بۆسەنانەوە و شمشێری ئیسپانی،
بەنۆش کردن لە جامی پێنج بەژن قووڵ دەبینێت، جا لەناکاو
خۆی دەکوتێتە ناو گوێی و بەوە ڕادەچەنێت و واگادێتەوە،
جا کەوا ترساوە، نوێژێک یان دوان دەکات و
دیسان دەخەوێتەوە. ئەوە هەمان ئەو (ماب)ەیە
کە شەوان یاڵی ئەسپان دەهۆنێتەوە،
گرێی ئەجندانە لە پرچی سۆزانیە پیسەکان دەدات،
هەر بکرێنەوە بەدبەختی گەورەیان لێ دەکەوێتەوە؛
ئەوە ئەو پیرێژنە قۆتڕەیە کە خانمان لە سەر پشت درێژ دەبن،
لەسەریان پاڵ دەداتەوە و فێریان دەکات چۆن هەڵی بگرن و
دەیانکاتە ئافرەتی بارهەڵگری چاک؛
ئەو ئەوەیە–
ڕۆمیۆ: بەسە، بەس، مێرکیوشیۆ بەسە
تۆ قسەی پووچ دەکەیت.
مێرکیوشیۆ: ڕاست دەکەیت، من باسی خەون دەکەم
کە زادەی مێشکی بێ کارن،
لە هیچەوە پەیدان جگە لە وەهمێکی پووچەڵ و

کەرەستەکەی هێندەی با تەنکە،
کەچی لە ڕەشەبا خۆگرترە، کە تەنانەت ئێستا
خۆی لە سینەی بەستووی باکوور دەباتە پێش و
تووڕە بکرێت لە وێوە هەڵدەکاتەوەو
ڕوو وەردەگێڕێتەوە بەرەو باشووری شەونم پڕژێن.

بێنڤۆلیۆ: ئەو ڕەشەبایەی دەیلێیت لە مەبەستەکانمان دوورمان دەخاتەوە.
وا نانی شێوان ئامادەیە و ئێمەش زۆر بەدرەنگەوە هاتووین.

ڕۆمیۆ: دەترسم، زۆر زوو هاتبین؛ چونکە مێشکم خورپەی خراپ دەکات
لەبارەی هەندێ سەرەنجامەوە کە هێشتاش بەئەستێرانەوە ئاوێزانە،
ژووانە ترسناکەکەی لەگەڵ بەدمەستی ئەمشەو
بەتاڵی دەست پێ دەکات و ماوەی ژیانێکی ڕیسواکراو
کە لەناو سینەمدا بەندکراوە
بەجۆرێک قەرەبووی خراپی مەرگی ناوەخت بەکۆتا دێنێت:
بەڵام بەڵکو ئەو خودایەی کە ئاراستەکردنی ڕێڕەومی لە دەستدایە
چارۆکەی کەشتیەکەم ئاراستە بکات. ئادەی، پیاوانی کەیفباز!-

بێنڤۆلیۆ: بیکوتە، تەپڵکوت، بیکوتە.

(دەڕۆن)



## دیمەنی پێنجەم

## هۆڵی ماڵی کاپۆلێت

ڕۆمیۆ و دەمامکدارەکانی دی دێنە ناوەوەو لەلایەکی تەختەی شانۆ دەوەستن. دوو نۆکەر دێن.

یەکەم نۆکەر: کوانێ (پۆتپان)*، با لەلابردنی ئەو قاپانە یارمەتیم بدات؟ ئەری ئەو ئەم خوانچەیە لا دەبات؟ ئەرێ ئەو ئەم خوانچەیە پاک دەکاتەوە؟

دووەم نۆکەر: ئەگەر گشت ڕەفتارچاکی لە دەستی یەک پیاو یان دوو پیاو کۆبوونەوە و ئەوانیش دەست پیس بوون، ئەوە یەکجار خراپە.

یەکەم نۆکەر: ئەو کورسییە جومگەدارانە لابە، ئەو هەرزاڵەوتەرواڵانە وەلا بنێ، ئاگات لە قاپ و ئامانەکان بێت. برادەرە چاکەکەم، پارچەیەک لەوزینەم بۆ هەڵگرە چونکە تۆ منت خۆشدەوێت، با دەرگاوان ڕێ بە(سوزان گریندستۆن) و (نیل) بدات بێنە ژوور. (بانگ دەکات) هۆ ئەنتۆنی و پۆتپان، هۆو!
(هەردوو نۆکەر، ئەنتۆنی و پۆتپان دێنە ژوور)

ئەنتۆنێ: بەڵێ، ئەوە منم، ئامادەم.

یەکەم نۆکەر: ئەوان بەدواتدا دەگەڕێن و داوات دەکەن و لێت دەپرسن و تۆیان لە ژوورە گەورەکەوە دەوێت.

پۆتپان: ناکرێ ئێمە لێرەو لەوێش بین، برادەران، دڵخۆش بن، برێک گورج بن! ئەوەی پتر دەژیت هەموو بۆ ئەو دەبێت.
(نۆکەرەکان دەڕۆن) (کاپۆلیت و ژنەکەی و جولیێت و تیباڵت و دایەن و میوانەکان و مۆسیقاژەنەکان لەلایەکی تەختەی شانۆ دەوەستن لە بەرامبەر دەمامکدارەکان کە لەوسەری دیکەی شانۆوە وەستاون.)

کاپۆلێت: بەخێر بێن، جوامێران. ئەو خانمانەی پەنجەی پێیان
مێخەکەی لێ نەهاتووە پێچێک سەماتان لەگەڵ دەکەن.
ئەهای خانمان! ئێستا کێ لە ئێوە
سەماکردن ڕەتدەکاتەوە؟ ئەوەی ناڕازییە

* پۆتپان: بەئینگلیزی واتە: (قەباغی مەنجەڵ)

من سوێند دەخۆم مێخەکەدارە. ئەرێ نیشانم پێکا؟
بەخێر بێن، جوامێران. ڕۆژانی وام ڕابواردووە
کە وەک ئێوە دەمامکم پۆشیووە تا چیرۆکێکی بەچرپە
بەگوێی خانمێکی نازدار بچرپێنم
کە دڵخۆشی بکات. ڕابردن، ڕابردن، ئەوکاتانە.
جوامێران، بەخێر هاتن. وەرن مۆسیقاژەنان پەنجەکانتان بلەرێننەوە!
(مۆسیقاژەنەکان مۆسیقا لێ دەدەن و ئەوان سەما دەکەن)
سەر زەویەکە چۆڵ بکەن! جێگا بکەنەوە، کیژۆڵان، سەما بکەن.
(بۆ نۆکەران) دمۆرینە پتر ڕۆشنایێ، مێزەکان وەلا بنێن،
ئاگرەکەش بکوژێننەوە، ژوورەکە یەگجار گەرم داگەڕاوە.
(بۆ خۆی) ئاه، کوڕە، ئەو بەزمە خۆشە چاوەڕوان نەکراوە خۆش کەوتۆتەوە.
(بۆ ئامۆزاکەی) نەخێر، دانیشە، نا دانیشە کاپۆلێت، ئەی ئامۆزای چاکم،
من و تۆ لەوە بووینەوە سەما بکەین.
ئەرێ چەند لە مێژە لەوەتەی دواجار من و تۆ
لە ئاهەنگێکی دەمامکاوی بووین؟
ئامۆزا: بە مەریەمە، سی ساڵە.
کاپۆلێت: چی، پیاو؟ هێندە نییە، هێندە لە مێژ نییە:
لەوەتەی ڕۆژی زەماوەندی (لوسینشیۆ) وەیە -
با جەژنی (پێنتی کۆست)* چەند خێرا دێ بابێت–
بیست و پێنج ساڵ دەبێت کە دواجار دەمامکان پۆشی.
ئامۆزا: زێترە، زێتر، کوڕەکەی لەوە گەورەترە، سی ساڵانە.
کاپۆلێت: تۆ پێم دەڵێیت؟
دوو ساڵ لەمەوبەر کوڕەکەی نابالَق بوو.
(دەڕوانێتە سەماکەرەکان) بەڕاستی گەنجی چاکن. ئای گەنجی چ شتێکی خۆشە.
ڕۆمیۆ (بۆ نۆکەرێ): ئەوە چ خانمێکە دەستی ئەو سوارچاکەی ئەوێندەری
پڕ بەها کردووە؟

* جەژنی (pentecost): جەژنی دروێنەیە لەلای جوولەکان.



نۆکەر: گەورەم، نایزانم.
ڕۆمیۆ (بۆ خۆی): ئۆه، ڕووناکی فێر دەکات چۆن بدرەوشێتەوە ئەو!
هەر دەڵێی ئاوێزانە بەسەر گۆنای شەو.
وەک گەوهەرێکی بەنرخە لە گوێچکەی قولەڕەشێکدایە
جوانترە لەوەی بکرێتە بەر، بەنرخترە کە لەسەر زەویدایە.
هەر دەڵێی کۆترێکی بەفرینە لە ناو ڕەوە قەلێک دەڕوات
ئەو خانمەی ئەوێ ئاوا لەنێو هاوڕێیانی خۆ دەردەخات.
سەما تەواو بێت، چاو دەدەمە ئەو جێگەیەی لێی دەوەستێت،
دەستی زبرم پیرۆز دەبێت تەنیا ئەگەر بەردەستی وی بکەوێت.
ئایا دڵم تا ئێستا کەسی خۆشویستووە؟ نکۆڵی لێ بکە ئەی چاو
چونکە تا ئەم شەو جوانی ڕاستەقینەی نەدیبووە منی داماو.
تیباڵت: ئەوە دەنگی بەکەسێکی مۆنتاگیوۆی دەچێت.
کوڕە، شمشێرەکەم بۆ بێنە (خزمەتکار دەڕوات) ئەو نامەردە چۆن وێراوە
بێتە ئێرەو بەدەمامکی سەیری گرژۆکی خۆ بێرەدا بکات،
گاڵتە و فشە بەگەورەیی و سەنگینیمان بکات؟
سوێند بەڕێ و ڕەچەڵەکی خزم و کەسانم
دەیکوژم و هیچ بەسووچ و گوناهیشی نازانم.
کاپۆلێت: خزم، چیتە، چی ڕوویداوە؟ تا وا هەڵبچیت؟
تیباڵت: مامە، ئەوە مۆنتاگیوۆی دوژمنمانە؛
نامەردێکە بۆ تۆڵە و کینە خۆی کردووە بەماڵمان
تا بزرێنێت سەنگینی ساڵەهای ساڵمان.
کاپۆلێت: ئەرێ ڕۆمیۆی گەنجە؟
تیباڵت: خۆیەتی، ئەو نامەردە ڕۆمیۆیە.
کاپۆلێت: هێمن ببەوە، برازای جوامێرم، لێی گەڕێ؛
من ئەو بە جوامێرێکی ڕێزدار تێ دەگەم:
گەر ڕاستی بلێم، (ڤیرۆنا) بەوەوە دەنازێت
کە گەنجێکی چاک و ڕەوشت باشە.
ئەگەر هەموو سامانی ئەو شارەم پێ ببەخشرێت،

رازی نابم لەناو ماڵم ڕووشکێن بکرێت؛
بۆیە ئارام بگرە، هیچ گوێی پێ مەدە.
ئەوە خواستی منەو گەر تۆ ڕێزی قسەم بگریت
ڕووخۆش و ڕەفتار دۆستانە بەو ڕووگرژی بخەرە لاوە،
چونکە ئەوە ڕوخسارێکە بۆ ئەو ئاهەنگە نەگونجاوە.
تیباڵت: ئەگەر نامەردێکی وا میوان بێت زۆر بەجێیە.
من بەرگەی ئەوە ناگرم.
کاپۆلێت: دەبێ دان بەخۆتا بگریت.
چییە، ئەی کوڕی چاک؟ من دەڵێم دەبێ وابێت. شەرم بکە!
من لێرە خاوەن ماڵم یان تۆ؟ شەرم بکە!
تۆ بەرگەی ئەوە ناگریت! خودا لە ڕۆحم خۆش بێت،
ئەتۆ هەراو کوکە لە ناو میوانەکانما دەنێیتەوە!
تۆ شەڕەکەڵەشێر بەرپا دەکەیت! تۆ دەبێت پیاو بیت!
تیباڵت: بۆ، مامە، ئەوە ئابڕووچوونە.
کاپۆلێت: شەرم بکە، شەرم!
تۆ مرۆڤێکی بێ ڕوویت. ئەری بەڕاست وایە؟
ڕەنگە ئەو ڕەفتارە کارت تێ بکات، من دەزانم چی دەڵێم.
دەکرێ تۆ لە ڕووم بوەستیتەوە! ئەی مەریەمە، وەختی هاتووە–
(بۆ سەماکاران) جوانە، دڵەکانم! (بۆ تیباڵت) تۆ پیاوێکی ڕەقەکاریت -
دوورکەوە، بێدەنگ بە، دەنا–(بۆ نۆکەران) ڕۆناکێ، ڕۆناکی پتر، شەرم بکە!
(بۆ تیباڵت) کڕت دەکەمەوە.–(بۆ سەماکاران) چی، خۆشتر، دڵەکانم!
(تیباڵت بەجێ دێڵێت و لەناو میوانەکاندا دەجوولێتەوە).
تیباڵت (بۆ خۆی): ئارام پێ گرتنی بێ دەستی خۆم و ڕقی بەدەستە خۆم،
هەر کە ئەو دوو ناکۆکە پێک دەگەن لەشم دێننە لەرز بۆم.
من خۆم دەکێشمەوە، بەڵام ئەو سنوورشکاندنە،
ئێستا خۆش دەردەکەوێت، بەڵام دواتر تاڵترین ڕق چاندنە.
(دەڕوات)
ڕۆمیۆ: (دەستی جولێت دەگرێت): ئەگەر من بەدەستی ناشایستەم



ئەو گڵکۆیە پیرۆزە گڵاو بکەم، وای لەو گوناهە نازدارە:
لێوەکانم، دوو حاجی سوورهەڵگەڕاون و ئامادەم
جێی ئەو دەستگرتنە زبرانەم بە ماچێکی ناسک بکەم چارە.
جولێت: ئەی حەجکەری چاک، تۆ یەکجار خراپە لەگەڵ دەستەکانت دەکەیت،
لەبەر ئەوەی پەرستنێکی بەجێیان پیێوە بەجێ مایە:
چونکە پیاوچاک دەستیان بەدەستی حاجییانەوە دەکەوێت،
ناولەپ لەسەر ناولەپ ماچی پیرۆزی هەڵگری گەڵای خورمایە*.
ڕۆمیۆ: ئاخۆ پیاوچاک و حەجکەرە پیرۆزەکان لێویشیان نییە؟
جولێت: بەڵێ، ئەی حەجکەر، بەڵام لێویان بۆ نوێژ خوێندنە.
ڕۆمیۆ: ئۆهـ، کەواتە ئەی چاکی پیرۆزم، بالێوەکان ئەوە بکەن کە دەست دەیکات:
ئەوان لە نوێژا دەڵێن، «تۆ ببیبەخشە، نەوەک بڕوا ببێتە نائومێدی».
جولێت: پیاوچاکان لە جێی خۆیان نابزون گەرچی ئەوەی لە نوێژ داواکراوە دەیبەخشن.
ڕۆمیۆ: جا مەبزوو، کاتێک ئەنجامی نوێژەکەم وەردەگرم.
ئاواش گوناهی لێوم بەلێوی تۆ پاک دەبێتەوەو دەیسڕم.
(ماچی دەکات)
جولێت: کەواتە لێوەکان گوناهیان لە هی تۆوە وەرگرتووە.
ڕۆمیۆ: گوناه لە لێوم؟ وای چەند بەجوانی تۆ بەگوناهبارم دادەنێیت!
ئادەی گوناهەکەم بدەرەوە.
(دیسان ماچی دەکاتەوە)
جولێت: هەر دەڵێی تۆ لە کتێب فێرە ماچ بوویت.
(دایەنەکە لەلایەکی تەختەی شانۆوە بۆلای جولێت دێت.)
دایەن: خانمەکەم، دایکت دەیەوێ قسەت لە گەڵدا بکا.
(جولێت دەچێتە لای دایکی کە لەوسەری لای تەختەی شانۆیە).
ڕۆمیۆ: دایکی کێیە؟
دایەن: بە مەریەم، ئەی گەنج، دایکی ئەو خانمی ئەو ماڵەیە،

* (هەڵگری گەڵای خورما) هێمای ئاشتییە؛ هەروا هێمای ئەو جاییانەیە کە جاران سەردانی فەلەستینیان دەکرد و لە گەڕانەوەدا گەڵای خورمایان وەکو هێمای ئاشتی لەگەڵ خۆ دەهێنا.

من شیرم داوەتە ئەو کیژەی کە قسەت لەگەڵ دەکرد،
پێت دەڵێم ئەوەی ئەو بۆ خۆی بگرێتەوە
سامانێکی زۆری دەبێت.
رۆمیۆ: ئەرێ ئەو لە بنەماڵەی کاپۆلێتانە؟
وای لەو نرخە گرانە! ژیانم قەرزاری دوژمنی خۆمانە.
بێنڤۆلیۆ: بابڕۆین! ئاهەنگەکە گەیشتۆتە ترۆپکی خۆشی.
رۆمیۆ: راست دەکەیت، بۆیە دەترسم و نیگەرانم با پتر نەجۆشێ.
کاپۆلێت: نەخێر، جوامێران، خۆ ساز مەدەن بۆ ڕۆیشتن؛
وا خەریکە خوانێکی ئاسایی ئامادە دەکەین.
(دەمامکپۆشەکان بەچرپە بیانوەکانیانی پێ دەڵێن)
مەسەلەکە وایە؟ کەواتە من سوپاسی هەمووانتان دەکەم.
سوپاس بۆ ئێوە، جوامێرانی بەڕۆمەت؛ شەوتان باش.
(بۆ نۆکەران) پتر رووناکی بێننە ئێرە! ئادەی، ئینجا دواتر بۆ ناو نوێن.
(مەشخەڵ هەڵگرەکان رێگا بۆ دەمامکپۆشەکان رۆشن دەکەنەوە).
(بۆ خۆی) ئاهـ، کوڕە، بەبڕوای من، وا درەنگ دادێت.
دەبێ پشوو بدەم.
(هەموو دەڕۆن جگە لە جولێت و دایەن)
جولێت: دادە، وەرە پێش. ئەو گەنجەی ئەوێ کێیە؟
دایەن: کوڕو میراتگری (تیبیریۆیە).
جولێت: ئەوە کێیە ئێستا لە دەرگا دەچێتە دەر؟
دایەن: بە مەریەم، وابزانم ئەوە (پێترۆشیۆ)ی گەنجە.
جولێت: ئەدی ئەوە کێیە کە بەدوایانەوەیەو سەمای نەکرد؟
دایەن: نایزانم.
جولێت: برۆ ناوی بپرسە. (دایەن دەڕوات) ئەگەر ژندار بێت
دەبێ نوێنی زەماوەندم گۆڕم بێت.
دایەن: (دێتەوە) ناوی (رۆمیۆ)یەو لە بنەماڵەی (مۆنتاگیۆ)یە،
تاقە کوڕی دوژمنە گەورەکەی ئەنگۆیە.
جولێت (بۆ خۆی): تاقە ئەوینم لە تاقە کینەم ڕسکا!



بێ ناسین یەگجار زوو دیم، زۆر بەدرەنگیش ناسیم وا!
چ ڕسکانێکی درنجانەی ئەوینە ئەوە بۆ من،
کە دەبێت بکەومە داوی ئەوینی دوژمنێکی قێزەوەن.
دایەن: ئەوە چ دەڵێی، چی؟
جولێت: شیعرێکە هەر ئێستا لەو کەسەی
سەمام لە گەڵی کرد فێر بووم.
(دایکی جولێت لە ژوورێکی ترەوە بانگی دەکات)
دایەن: هەر ئێستا دێم، وا دێم!
وەرە بابڕۆین؛ هەموو بێگانەکان ڕۆیشتوون.
(دەڕۆن)

## پەردەی دووەم

### پێشگوتار

### کۆرس دێتە ناوەوە

کۆرس: ئێستا مەیلی کۆن لەسەر نوێنی مەرگ ڕاکشاوە،
ئەوینێکی نەوباو بۆ میراتگری ئەو دانوساوە؛
ئەو جوانەی کە دڵدارەکە بۆی دەناڵاندو بۆی دەمرد،
جوان نەبوو کە بە(جولێت)ی نازدار بەراوردی دەکرد.
ئێستا دیسان (ڕۆمیۆ) حەزلێکەر و حەزلێکراوە
هەردووکیان وەکو یەک گیرۆدەن، بەجادووی ڕوخسارو ڕوانین،
بەڵام دەبێ سکاڵاکەی لەلای ئەوە بکات کە بەدوژمن دانراوە،
دولبەریش لە جەنگاڵی ترسناکەوە ڕاپسکێنێت چەشەی خۆشی ئەوین:
بەوەش کە دوژمنە، ڕەنگە ڕێگای ئەوەی نەبێت
ئەو سوێندانەی دڵداران دەیخۆن ئەویش دەریببڕێت؛
دولبەرەکەشی ئەو هەلەی نابێت گەرچی لە ناخیشەوە خۆشی بوێت،
تا بچێتە ژوانی و لە هەرجێیەکی بیەوێت بیبینێت،
بەڵام سۆز هێزیان پێ دەبەخشێ و کات دەرەخسێنێت ڕێگای ژوان
کاری هەرەسەخت نەرم دەکاتەوە دیدەن و ئارام دەبەخشێتە گیان.



### دیمەنی یەکەم

### شەقامێکی لای دیواری باغی کاپۆلێت

ڕۆمیۆ دێتە ناوەوە بەلای ماڵی کاپۆلێت ڕەت دەبێت.
ڕۆمیۆ: چۆن لێرە بڕۆم کاتێک دڵی من لێرەیە؟
بادەوە، ئەی خۆڵی گەوج*، ناخی خۆت بدۆزەرەوە.
(بەسەر شوورەکەوە هەڵدەگەڕێت و دەچێتە ناو باغەکەوە)
(مێرکیوشیۆ و بێنڤۆلیۆ دێنە سەرشەقام و ڕۆمیۆ لەنێو باغەکە گوێ دەگرێت)
بێنڤۆلیۆ: ڕۆمیۆ! ڕۆمیۆی ئامۆزام! ڕۆمیۆ!
مێرکیوشیۆ: ئەو ژیرە،
بەگیانی خۆم ئەو خۆی دزیوەتەوە و چۆتەوە ناو نوێن.
بێنڤۆلیۆ: ئەو بێرەدا ڕای کردو بەسەر دیواری ئەو باغەدا بازی دا.
بانگی بکە، مێرکیوشیۆی چاک.
مێرکیوشیۆ: نەخێر، من ڕۆحیشی زیندوو دەکەمەوە.
ڕۆمیۆ! دەمدەمی! شێتۆکە! سۆزدار! دڵدار!
دەرکەوە لەسەر شێوەی هەنسکێک؛
تەنیا دێرە شیعرێک ببێژە و من قایلم؛
تەنیا هاوارکە «وای»، بەس ببێژە «دولبەرەکەم» و «کۆترەکەم»؛
لەگەڵ (ڤینۆس)**ی هەرزەگۆ تاقە وشەیەکی جوان بدوێ،
نازناوێک بدە کوڕە کوێر و میراتگرەکەی؛
(کیوپید)ی ڕووتوڕەجاڵی منداڵ، کەهێندە بەجوانی دڵان دەپێکێت
هەر کە (کۆفیتوا)ی شا حەزی لە کیژە دەرۆزەکەرێک کرد.
ئەو نایبیسێت، نابزوێت؛
ئەو مەیموونە مردووە، دەبێ من ڕۆحی زیندوو بکەمەوە.

---

* مەبەستی لە لەشی خۆیەتی چونکە بەپێی باوەڕی زۆربەی ئاییەکان لەشی مرۆڤ لە خاک و خۆڵ خولقێنراوە.

** ڤینۆس: خواوەندی جوانی ڕۆمانەکانە.

(لەگەڵ ڕۆمیۆ دەوێت) من ڕۆحت بەچاوانی گەشی (ڕۆزالین) هەڵدەسێنمەوە،
بە تەبەشی پانی و لێوە قورمزیەکانی،
بە پێیە نازدار و لاقە ڕاست و ڕانە لەرزۆکەکانی،
بەو گۆڕەپانەی لەو بەینەدا دایە،
لە شێوەی جارانت بۆ ئێمە دەرکەوە.
بێنڤۆلیۆ: ئەگەر گوێی لێت بێت، تووڕە دەبێت.
مێرکیوشیۆ: نابێ بەوە تووڕە بیت. بەڵکو ئەوە تووڕەی دەکات
کە گیانی کەسێک لە ناو بازنەی خانمەکەی هەڵسێنمەوە،
یەکێکی سەیرو سەمەرە لەوێ ڕابگرم
تا ئەو ساتەی کیژە درێژی دەکات، ئینجا بەڕێی بکەم،
ئا ئەوە پەستی دەکات. بانگەوازەکەی من
چاک و شەرەفمەندانەیە! بەناوی خانمەکەی بانگی دەکەم
تا هەڵی بسێنمەوە.
بێڤۆلیۆ: وەرن، ئەو خۆی لە ناو ئەو درەختانە شاردۆتەوە
تا لە گەڵ شەوی نەرم و خۆش پێکەوە ببێت
ئەوینەکەی کوێرەو تاریکی زۆر لەگەڵ ئەو تەبایە.
مێرکیوشیۆ: ئەگەر ئەوین کوێر بێت، ناتوانێت نیشانە بپێکێت.
ئێستا ئەو لە ژێر درەختێکی یەنگی دنیا* دانیشتووە
خۆزگە دەخوازێت کە دولبەرەکەی ئەو میوە بوایە
کە کیژان پێی دەڵێن یەنگی دنیاو لەبەرخۆ دەخەننەوە.
ئۆی ڕۆمیۆ، خۆزگە کیژەکە وا بوایە! ئۆه بریا کیژەکە
ئەو میوە قونک فشیلکە بوایە و تۆش هەرمێی پۆپەرینێ**!
شەوباش ڕۆمیۆ، من دەچمە ناو قەرەوێلە بێ قاچەکەم؛
نوێنی ئەو بەرهەڵدایە بۆ من زۆر ساردە بۆ خەوتن.
وەرن، لێرە بڕۆین؟

* جۆرە درەختێکە بەرێکی بچووکی قاوەیی وەکو گوێژ دەگرێت لای قونکەکەی کەمێک فشە.
** جۆرە هەرمێیەکە بەناوی شاری پۆریتی بەلچیکی کراوە.



بێنڤۆلیۆ: کەواتە بابڕۆین، چونکە لێرە بێهودەیە
گەڕان بەدوای ئەوەی کە حەز ناکات ببینرێتەوە.
(مێرکیوشیۆ و بێنڤۆلیۆ دەڕۆن)
ڕۆمیۆ (لەناو باغەکەوە): ئەو گاڵتەی بەجێی برینان دێت
چونکە بەخۆی ئازاری برینی نەچەشتووە.
(جولێت دەبینێت)
لەسەرخۆ! ئەوە چ ڕوناکییەکە لەو پەنجەرەیەوە دادەڕژێت؟
ئەوێ ڕۆژهەڵاتە و جولێتیش خۆرە.
هەڵبێ؛ ئەی ڕۆژی جوان و مانگی حەسوود بکوژە
کە لە خەمی ئەوەی تۆی خانمەکەی گەلێ لەو جوانتری
ڕەنگ زەرد و نەخۆش بووە.
مەبە خانمی ئەو چونکە ئەو کرمن و حەسوودە؛
پۆشاکی سەوز و نەخۆشانەیە،
جگە لە گەوج کەسی دی نایکاتە بەر؛ دایکەنە.
ئەوە خانمەکەمە، ئۆه ئەوە دولبەرەکەمە!
خۆزیا بەوەی دەزانی کە لەلای من وایە!
ئەو قسان دەکات، کەچی هیچیش ناڵێت. قەیدی نییە؟
چاوەکانی دەمدوێنن: من وەڵامی دەدەمەوە.
من بەگجار بوێرم: ئەو لەگەڵ من نادوێت.
دوو لە جوانترین ئەستێرەکانی ئاسمانی
کە ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردراوە داوا لە چاوەکانی بکەن
تا دەگەڕێنەوە لە خولگەکانیان بدرەوشێنەوە،
چ دەبوو چاوانی ئەو لەوێ بووان و ئەوانیش لەسەری ئەودا؟
گەشی سەرکوڵمەکانی ئەو ئەستێرانە شەرمەزار دەکات
وەک چۆن ڕووناکی ڕۆژ چرایەک؛ چاوانی ئەو لە ئاسماندا
لەنێو هەرێمی هەواییدا هێندە گەش سەر دەکەن
کە باڵندە دەکەونە چریکە و بەشەوی تێ ناگەن.
بڕوانە چۆن ڕوومەتی خستۆتە سەر دەستەکانی

خۆزگە پەنجەوانە ببوام لە پل و ئەنگوستەکانی
تا گەییبوام بەسەری کوڵمەکانی!
جولێت: وایش.
ڕۆمیۆ: ئەو دەدوێت.
دیسان بدوێ، فریشتەی پڕشنگدار، چونکە تۆ
لەو شەوەدا هێندە گەشیت، بەوەی لە ژوور سەرمایت،
هەر دەڵێی پێغەمبەرێکی باڵداری ئاسمانیت
کەبەسەر هەورە خاوەڕۆکاندا گەشت و گەڕ دەکەیت و
بە چاوەکانت چاوەسپییە ڕووەوئاسمان داگەڕاوەکانی مرۆڤ
بەشەوارە دەخەیت کە سەیرت دەکەن و
چارۆگەی خۆشت لە باوەشی ئاسمان هەڵداوە.
جولێت: ئۆه، ڕۆمیۆ، ڕۆمیۆ! بۆچ تۆ ڕۆمیۆیت*؟
پشت لە باوکت بکە و نکۆڵی لە ناوی خۆت بکە:
ئەگەر واش ناکەیت، تەنیا بەخۆشەویستیم سوێند بخۆ
چی دیکە ئەوسا بە(کاپۆلێت)ی نامێنمەوە.
ڕۆمیۆ (لەلاوە): ئەرێ چی دی ببینم، یان وەڵامی ئەوەی بدەمەوە؟
جولێت: تەنیا ناوەکەتە کە دوژمنی منە.
تۆ هەر هەمان کەسیت، ئەگەر (مۆنتاگیۆ)ش نەبیت.
(مۆنتاگیۆ) چییە؟ نە دەستە و نەپێیە،
نە باسکە و نەدەموچاو نە هیچ ئەندامێکی دیکەیە
کە لەمەڕ مرۆڤ بێت. ئۆه دەبوا ناوێکی دیت هەبێت!
ناو چییە؟ ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین گوڵ
هەر ناوێکی دیکەشی هەبوایە هەر بۆنی خۆش دەبوو.
جا ڕۆمیۆ، ئەگەر ناوی ڕۆمیۆ نەبوایە،
بەبێ ئەو نازناوەش، ئەو
کامڵیە بەنرخەی هەر دەپاراست. ڕۆمیۆ ناوەکەت وەلابنێ،

* ڕۆمیۆیت: مەبەست لەمە ئەوەیە بۆچی تۆ لە بنەماڵەی «مۆنتاگیۆیت».



کە بەشێک نییە لە تۆ، لە باتی ئەو ناوە
هەمووی من ببە بۆ خۆت.
ڕۆمیۆ (بۆ جولێت): بەقسەی خۆت دەتگرم
تەنیا پێم بڵێ (دڵدارەکەم)، ئەوسا من سەرلەنوێ ناو دەنرێمەوە؛
دوای ئەوە هەرگیز نابمەوە ڕۆمیۆ.
جۆلێت: تۆ کێیت کە خۆت وا لەناو شەودا شاردۆتەوە،
ئاوا پەی بە ڕاز و نیازەکانم دەبەیت؟
ڕۆمیۆ: بەناو
نازانم چۆن پێت بڵێم من کێم
ئەی پەرستراوە نازدارەکەم، ناوم لەلای خۆشم ڕق هەڵسێنە
چونکە دوژمنی تۆیە.
بنوسرابوایە، وشەکەم کوت کوت دەکرد.
جولێت: گوێیەکانم هێشتا سەد وشەیان لە زمانت
نەنۆشیووە، کەچی دەنگت دەناسمەوە.
ئەرێ تۆ ڕۆمیۆ و مۆنتاگیۆنیت؟
ڕۆمیۆ: مادام حەز بەهیچیان ناکەیت، خانمی جوانم، من هیچیان نیم.
جولێت: پێم بڵی چۆن و بۆچی هاتوویتە ئێرە؟
دیواری باغەکە بەرزە و سەختە بۆ پیاهەڵگەران
لێرەش مەرگ چاوەڕوانتە، ئەگەر زانرا کێیت و
ئەگەر یەکێک لە خزمەکانم لێرە بتبینن.
ڕۆمیۆ: بە باڵە سووکەکانی ئەوین بەسەر ئەو دیوارانە هەڵفریم،
بۆبە سنووری بەردین ناتوانن خۆشەویستیم لێ بەربەست بکەن؛
جا ئەوەی ئەوین دەتوانێت بیکات و دەوێرێت هەوڵی بۆ بدات:
بۆبە خزمانت ڕێمیان پی ناگیرێت.
جولێت: ئەگەر ئەوان بتبینن، دەتکوژن.
ڕۆمیۆ: مخابن، مەترسی گەورەتر لە چاوانی تۆ دەبینم،
لە بیست شمشێری ئەوان، تۆ بەس بەخۆشییەوە لێم بڕوانە
من بەرگەی دوژمنایەتی ئەوان دەگرم.

جولێت: دنیاشم پێ بدرێت نامەوێ ئەوان تۆ لێرە ببینن.
ڕۆمیۆ: من بە عەبای شەو خۆم لە چاوەکانیان دەشارمەوە.
مەگەر تۆ منت خۆش نەوێت، ئەوسا با لێرە بمدۆزنەوە؛
پێم چاکترە ژیانم بەکینەی ئەوان بەکۆتا بێت
لەوەی کە مەرگم بەدوابخرێت و خۆشەویستی تۆم نەبێت.
جۆلێت: بەڕابەریەتی کێ تۆ ئەو شوێنەت پێ زانی؟
ڕۆمیۆ: بەڕابەری خۆشەویستی، کە زوو هانیدام بپرسم،
ئەو ئامۆژگاری پێدام، منیش دیدەکانم پێی دا.
من دەریاوان نیم، بەڵام ئەگەر تۆ بەقەد
کەنارە فرەوانەکان کە دوورترین دەریا دەیانشواتەوە
دوور بوایت، من لە پێناوی تۆدا خۆم لەو کارە دەدا.
جولێت: تۆ دەزانیت، ڕوخسارم بە دەمامکی شەو پۆشراوە،
دەنا سوورهەڵگەڕانێکی کیژانە سەرکوڵمی ڕەنگ دەکردم،
لەبەر ئەو قسانەی ئەمشەو لێت بیستم.
پێم بکرابوا دڵدارئاسا نکۆڵیم لەو قسانە دەکرد
کە کردوومن: جا خوات لەگەڵ ئەی نەرێتی سەردەم!
ئایا منت خۆش دەوێت؟ دەزانم دەڵێیت (ئا)،
منیش قسەکەت لێ وەردەگرم؛ کەچی گەر سوێندت خوارد
لەوانەیە تۆ بەدرۆ وا بڵێیت. ئەوان دەڵێن (جۆڤ)*
بەسوێندی بەدرۆی دڵداران پێدەکەنێت، ئەی ڕۆمیۆی دڵنەرم،
گەر منت خۆشدەوێت، بەڕاستی بیبێژە؛
یان ئەگەر تۆ وا بیر دەکەیتەوە من یەکجار خێرا بەدەستهێنراوم،
من ڕوو گرژ دەکەم و لاملی دەکەم و دەڵێم نەخێر،
جا تۆ دێیت حەزم لێ دەکەیت؛ کەچی وەکی دی، نەک بۆ دنیا،
بەڵام، ئەی مۆنتاگیۆی جوان، من یەکجار بەگەرمی پڕسۆزم،

* جۆڤ: واتە (جوپیتەر) کە گەورە خوای ڕۆمانەکانە و لەپاڵ ئەوەی کە خودای شتی ترە، ئەو بە خودای سوێند و پەیمانیش دادەنرێت.



بۆیەش ڕەنگە تۆ واتێبگەیت کە مرۆڤێکی سووکم.
بەڵام ئەی جوامێر، باوەڕ بکە، من دڵسۆزترم
لەوانەی کە ئاینوئۆین و مەکر دەکەن و خۆ لەوە نەناس دەکەن.
من دان پێدا دەنێم، ئەگەر تۆ بەر لەوەی ئاگام لە خۆبێت،
دەربڕینی سۆزی خۆشەویستی ڕاستەقینەت
نەبیستبوایە، نەدەبوایە وا بووام، بۆیە بمبوورە؛
ئەو خۆبە دەستەوەدانەم بەخۆشەویستی سووک لێک مەدەرەوە،
کە شەوی تاریک بەم جۆرە ئاشکرای کرد.
ڕۆمیۆ: خانمەکەم، بەو مانگە پیرۆزەی وێندەرێ سوێند دەخۆم،
کە چڵەپۆپەی هەموو ئەو درەختانەی میوەی لە زیوو گرتووە–
جولێت: ئۆهـ، سوێند مەخۆ بە مانگ، مانگی جێ نەگیر
کە مانگانە لەناو خولگەی خۆیدا دەگۆڕێت،
نە بادا خۆشەویستیت وەکو ئەو بگۆڕێت.
ڕۆمیۆ: ئەدی بەچی سوێند بخۆم؟
جولێت: هەر سوێند مەخۆ؛
یان ئەگەر دەشیخۆیت، سوێند بەگیانی پیرۆزت بخۆ،
کە خودای پەرستنمە،
ئەوسا من پێت باوەڕ دەکەم.
ڕۆمیۆ: ئەگەر ئەوینی هێژای دڵ–
جولێت: باشە، سوێند مەخۆ، هەرچەندە مەیلم لە تۆیە،
بەڵام ئەمشەو حەزم لەو پەیمان بەستنە نییە:
ئەمە یەکجار پەلەیە، یەکجار ناژیرانە و یەکجار کتوپڕە،
یەکجار وەکو هەورە تریشقەیە، بەرلەوەی پێڕا بگەیت
بڵێی (ئەها تریشقە دەدات) نامێنێت. شەوت شاد، شیرینەکەم.
ئەو خونچەیەی ئەوین، بەهەناسەی پێگەیەنەری هاوین
ڕەنگە لە ژوانی داهاتوودا ببێتە گوڵێکی نازدار و جوان،
شەوت شاد، شەو شاد، یاخوا ئاسوودەیی و پشوویەکی خۆش
داببارنە سەر دڵت وەک چۆن ئێستا لە سینەمدان.

رۆمیۆ: ئەری وا بەنائاسوودەیی، جێم دەهێلیت؟
جولێت: تۆ ئەمشەو چ ئاسوودەیەکت گەرەکە؟
رۆمیۆ: گۆرینەوەی پەیمانی دڵسۆزی ئەوین بەهی من.
جولێت: من پێتم بەخشی بەر لەوەی تۆ خۆت داوای بکەیت؛
کەچی حەز دەکەم جارێکی دیش وێت بدەمەوە.
رۆمیۆ: دەتەوێ ڕای بکێشیتەوە؟ گیانەکەم، بۆ چ مەبەستێک؟
جولێت: تا بەخشندە ببم و دیسان بتدەمەوە:
کەچی من تەنیا ئارەزووم لەوەیە کە هەمە.
بەخششم وەکو دەریا بێ سنوورە،
خۆشەویستیم هێندەی ئەو قووڵە، چەندی پێت ببەخشم
هێندە پترم هەیە چونکە هەردووکیان بێ کۆتایین.
(دایەنەکە بانگ دەکات)
گوێم لە دەنگە دەنگە لەناوەوە. خوات لەگەڵ، خۆشەویستی هێژام
(بۆ دایەنەکە) واهاتم، دادەی چاکم!
(بۆ رۆمیۆ) مۆنتاگیۆی شیرین لەگەڵم ڕاستگۆ بە.
کەمێک بمێنەوە؛ دێمەوە.
(جۆلێت بەر پەنجەرە بەردەدات و دەچێتە ناوەوە)
رۆمیۆ: ئەی شەوی یەگجار پیرۆز! لەبەر ئەوەی شەوە
دەترسم هەمووی ئەوە خەون بێت،
چونکە هێندە خۆشە بەڕاستی ناچێت.
(جۆلێت دێتەوە بەر پەنجەرە)
جولێت: ڕۆمیۆی خۆشەویست، سێ قسەم هەن وجا بەڕاستی خوات لەگەڵ.
ئەگەر نیازت لەو ئەوینە پاک و دڵسۆزانەیە،
ئامانجت خواستنی منە، سبەی قسەم بۆ بنێرەوە،
لەگەڵ کەسێک کە بۆ لای تۆی دەنێرم،
تۆ ئەو سرووتە لە کوێ و کەی بەجێ دەگەیەنیت؛
من هەموو چارەنووسی خۆم دەخەمە بەرپێت،
ئەی سەروەرم، من تا ئەو سەری دنیاش بەدوات دەکەوم.



دایەن (لە ناوەوەی ماڵەکەوە): خاتوونەکەم!
جولێت: (بۆ دایەنەکە) هەر ئێستا دێم، (بۆ ڕۆمیۆ) بەڵام ئەگەر تۆ
نیازت چاک نییە،
تکات لێ دەکەم–
دایەن: (دیسان لە ناوەوە بانگ دەکات) خاتوونەکەم!
جولێت: وا ئێستا، دێم .(بۆ ڕۆمیۆ) وازم لێ بێنە و بۆ خەمی خۆم جێم بهێڵە.
سبەی دەبنێرمە لات.
رۆمیۆ: جا ڕۆحم ئاو دەخواتەوە، –
جولێت: هەزار جار شەوت باش!
(جولێت دەچێتە ناوەوە).
رۆمیۆ: هەزار جار خراپترە بەبێ ڕووناکی تۆ!
دڵداران بەرەو دولبەرەکانیان دەڕۆن وەک چۆن منداڵان کتێبەکانیان جێ دێڵن؛
بەڵام دڵداران دولبەرەکانیان جێ دێلن وەک چۆن منداڵان بەرەو خوێندنگا دەڕۆن.
(رۆمیۆ پاشەکشە دەکات هەر کە جولێت دێتەوە).
جولێت: پست، ڕۆمیۆ، پست! خۆزیا بازەوان بووام،
تا ئەو شەهێنەم بانگ بکەمەوە،
دیلێتی دەنگی کەرخە و ناتوانێت دەنگ هەڵبڕێت،
دەنا ئەو ئەشکەوتەی کە زایەڵەی تیا پاڵکەوتووە هەڵم دەدڕێ،
ئەوسا زمانە هەواییەکەم بەدووبارە گوتنەوەی (رۆمیۆ)یەکەم
لە هی خۆم کەرختر دەکرد.
رۆمیۆ: ئەوە ڕۆحمە، ناوم بانگ دەکات.
زمانی دڵداران شەوان چ ئاوازێکی شیرینی هەیە
وەکو ناسکترین مۆسیقا دێتە بەر گوێ.
جولێت: ڕۆمیۆ!
رۆمیۆ: خاتوونەکەم؟
جولێت: سبەی چ کاتژمێرێک بینێرمە لات؟
رۆمیۆ: کاتژمێر نۆ.
جولێت: دوای ناخەم. تا ئەو کات بیست ساڵە.

لەبیرم چوو بۆچی بانگم کردیەوە.

رۆمیۆ: با لێرە بوەستم تا بەبیرت دێتەوە.

جولێت: لەبیر خۆمی دەبەمەوە تاوەکو تۆ لەوێ بوەستیت،
هەر کە ئەوەم بەبیردێتەوە کە چەند حەز دەکەم لە گەڵما بیت.

رۆمیۆ: جا من هەر دەمێنمەوە، تا هەر لە بیرت بچێتەوە،
هەموو جێگایەکم لە بیر دەچێتەوە جگە لێرە.

جولێت: وا دەمەوبەیانە. حەز دەکەم بڕۆیت!
کەچی لە باڵندەی دەستەمۆی ژنان دوورتر نا ،
کە لێی دەگەڕێت کەمێک لە دەستی دەرپەڕێت،
بەچەشنی زیندانیەکی بەسەزمانی سندم لە پێکراو
بەداوێکی ئاوریشمی ڕای دەکێشێتەوە،
هێندەی خۆشدەوێت – ئیرەیی بە ئازادی ئەو دەبات.

رۆمیۆ: بریا ئەو باڵندەیەی تۆ بامایە.

جولێت: گیانە، منیش حەزم دەکرد،
کەچی تۆم بەیەکجار بەنازڕاگرتن دەکوشت.
شەو باش، شەوباش. لێک دابڕان خەمێکی هێندە شیرینە،
من دەڵێم (شەوت شاد) تا ئەو دەمەی سبەینی بۆ من یەقینە.

رۆمیۆ: خوا بکا خەو بچێتە چاوانت و ئاسوودەیی لەسینەت ئۆقرەی بگرتایە
کاشکی خەووئاسوودەیی بام، تا بەخۆشی لەوێ پشووم دابویە.
(جولێت دەچێتە ناوەوە)
جا من دەبێ بچمە کونجی تایبەتی کەشیشی ڕەوانی خۆم،
تامەزرۆی یارمەتی ئەوم، بۆی بگێڕمەوە بەختی چاکی خۆم.
(دەڕوات)



## دیمەنی دووەم

## کونجی کەشیش لۆرەنس

کەشیش لۆرەنس سەبەتەیەکی بەدەستەوەیە دێتە ژوور.

کەشیش لۆرەنس: بەیانی چاوبۆر بەشەوی ڕووگرژ دەخەنێتەوە،
هەورەکانی ڕۆژهەڵات بەتیریژی ڕووناکی دەبەشێتەوە؛
تاریکی قان قانە و وەکو سەرخۆشێک گێژ دەخوات
خۆی لە ڕێچکەی خۆر و پێچکەی ئاگرینی (تیتان)* لادەدات.
ئێستا بەر لەوەی خۆر چاوی سووتێنەری هەڵ بهێنێت
ڕۆژ شادمان بکا و شەونمی شێداری شەو وشک هەڵێنێت،
دەبێ ئەو سەبەتەیەی شۆڕەبی خۆمان پڕاوپڕ بئاخنین
لە گیای ژەهراوی و گوڵی شیلەخۆش و شیرین.
زەوی کە دایکی سروشتە گڵکۆی ئەوە:
ئەوەی گۆڕی تیا نێژتنیەتی منداڵدانی ئەوە،
جا لە منداڵدانیەوە ڕۆڵەی جۆراوجۆر:
دەبینین کە شیر لە سینەی سروشت دەمژن چ کەم چ زۆر:
هەندێک لەوانە لە گەڵێ ڕووەوە نایاب و نازدارن،
هیچ شتێک نییە تەواو بێ کەڵک بێ، گەر چی جیاواز دیارن.
چ مەزنە ئەو توانایە چاکەی لەوانە دایە
لە ڕووەک، گژوگیا، بەرد و ئاکاری ڕاستەقینەیان پەیدایە:
چونکە هیچ شتێکی بەتەواوی خراپ ناژیێت لەسەر زەوی
ئەگەر هێندێک چاکەی تایبەتی تێدا نەبێت بۆ ئەوی؛
هیچ شتێکیش نییە هێندە چاک بێت، ئەگەر چاک بەکار نەهێنرێت،
لە نەژادی ڕاستەقینەی هەڵنەگەڕێتەوە و خراپەی لێوە نەڕسکێت.
چاکەش ئەگەر بەخراپی بەکارهات بەخراپ دەگەڕێت،
جاریش وایە خراپە بەکردنی بەچاکی شکۆمەندی پێ دەبڕێت.

---

* تیتان: خودای خۆر بوو لەلای گریکەکان.

(ڕۆمیۆ دێتە ناوەوە و کەشیشەکە نایبینێت)
لەناو تویکڵی ساوای ئەو کوڵۆکە لاوازە
ژەهری تێدایە هێزی دەرمانیش تیایدا سازە:
بۆیە، هەر بۆن بکرێت، بەو بەشەی گشت بەشێکی لەش دەگەشێتەوە؛
ئەگەر تامکرا، هەموو هەستەکان و دڵیش دادەمرکینێتەوە.
دوو شای دژ بەیەک لە ناخی ئەودا دەژین
لەناو مرۆڤ و ڕووەکیشدا چاکە و خراپە بوونەتە جێنشین؛
جا کاتێک خراپترینیان لەو ڕووەکە بالادەست و زاڵە
زوو خۆرکی مەرگ ئەو دەنێت لە چاڵا.
ڕۆمیۆ: بەیانیت باش، بابە.
کەشیش لۆرەنس: خوا پیرۆزت بکات.
کێیە وا زوو بەو زمانە شیرینە سلاوم لێ دەکات؟
ڕۆڵە لاوەکەم، تۆ مێشکێکی شێواوت هەس
تا وا زوو ڕۆژباش لە نوینەکەت بکەیت بەهەوەس.
نیگەرانی لەناو چاوی هەموو پیرەمێردێک ئێشک دەگرێت،
جا لە کوێ نیگەرانی هەبێت، خەو هەرگیز ئۆقرە ناگرێت؛
بەڵام هەرکە گەنجێکی نەغاراوی مێشک بەخەم نەئاخنرا
پەلەکانی لێک دەکێشێتەوە، خەوی زێرین دەبێتە فەرمانڕەوا.
بۆیە لەخەو هەڵسانی زووت من دڵنیا دەکاتەوە، دڵنیا
تۆ بەدڵگرانییەوە دەرپەڕێنرابیت سوێند دەخۆم بەخودا،
یان گەر وانییە، بۆیە من لێرە ڕاستی دێنمە پێکان
ئەمشەو هەر لەناو نوێن نەبووە ڕۆمیۆمان.
ڕۆمیۆ: ئەوەی دواییان ڕاستە: خۆشترین پشوو بەشم بوو.
کەشیش لۆرەنس: خوا لە گوناهان خۆش بێت! لەگەڵ ڕۆزەلین بوویت؟
ڕۆمیۆ: لەگەڵ ڕۆزەلین، ئەی باوکی ڕۆحیم؟ نەخێر نا.
ئەو ناوەم لە بیرچۆتەوە، خەمیشی هەرنا.
کەشیش لۆرەنس: بڵێ وا، کوڕەکەم، ئەدی لە کوێ بوویت؟
ڕۆمیۆ: پێت دەڵێم پێش ئەوەی جارێکی دی لێم بپرسیت:



من لەگەڵ دوژمنەکەم لە ئاهەنگ و خۆشیدا بووم،
کاتێک لەنکاو بەیەکێکی ئەوان من پێکرا بووم
ئەویش بەمن زامدار ببوو، چارەی هەردوولامان وایە
لە دەستی تۆ و پزیشکییە پیرۆزەکەت دایە.
من هیچ کینەم لە دڵدانییە، پیاوی پیرۆز بۆیێ.
ئەو ناورانەوەم بەهەمان جۆر بۆ دوژمنەکەشمە، لۆیێ.
کەشیش لۆرەنس: ڕۆڵەی چاکم، چیت هەیە دەری ببڕە، بەڕوون و ڕەوانی
دان پیانانی مەتەڵئامێز لێخۆشبوونی مەتەڵاوی پێویستە وەک دەیزانی.
ڕۆمیۆ: ڕێک و ڕاست بیزانە کە خۆشەویستییە هێژاکەی دڵەکەم
بەسەرکیژە جوانەکەی کاپۆلیتی دەوڵەمەند نیشتۆتەوە، ئەمن چ بکەم:
جا وەک هی من لەسەر ئەو، هی ئەویش بەسەر من دا نیشتۆتەوە
هەمووی پێکدی گرێ دراوە، جگە لەوەی تۆ دەبێ گرێی بدەیت پێکەوە
بەلێک مارەکردنی پیرۆزەوە، کەی و لە کوێ و چۆن چۆنی
یەکترمان دیووە و دڵداریمان کردووە و پەیمانمان پێکتر داوە بە ڕۆنی،
من پێت دەڵێم، کاتێک پێکەوە دەڕۆین، بەڵام تکا دەکەم لەتۆ
ڕازی ببیت بەوەی لێکمان مارەبکەیت هەر ئەمڕۆ.
کەشیش لۆرەنس: ئەی پیر فرەنسیسی پیرۆز، چ گۆڕانێک لێرە قەوماوە!
ئایا ئەو ڕۆزەلینەی تۆ هێندە خۆشەویستی خۆتت پێی داوە
وا زوو جێ بهێلرێت؟ کەواتە ئەوینی گەنج و لاوان ئاوەهایە
لە چاویانە، نەک بەڕاستی لە ناخی دڵیان دایە.
ئەی مەسیح و مەریەم، چەند ئاوی سوێری چاو
کولمە ڕەنگ زەردەکانتی بۆ (ڕۆزەلین) شۆریووە وەک ئاو!
چەند خوێواوکی بەبەلاش فڕێ دراوە.
بۆتام و بۆ کردنی ئەوین، کە تامی نەکردووە و نەکراوە!
خۆر تا ئێستا هەنسک و ئاهی تۆی ڕانەداوە،
ناڵە ونرکەی جارانت هێشتا لە گوێی پیرم زرنگاوە؛
بۆ، لێرە لەسەر ڕوومەتت پەڵەیەک هەر جێماوە
هی فرمێسکی کۆنە کە هێشتاکەش نەسڕاوە.

ئەگەر هەرگیز تۆ خۆت بوایت و ئەو خەمانەش هی تۆ ببوان،
دەبوا خۆت و خەمەکانت هەمووی هی (رۆزەلین) بوان.
ئەریّ تۆ گۆڕاویت؟ کەواتە ئەو ڕستەیە ببێژە
ژنان دەکەون کە هیچ هێزێک لە پیاوان نابینن، گێژە.

رۆمیۆ: تۆ زۆر جاران لەبەر ئەوینی (رۆزەلین) سەرزەنشتت کردووم.

کەشیش لۆرەنس: لەبەر گەوجیت، نەک ئەوینت، هەی گلێنەی خۆم.

رۆمیۆ: داوات لێکردم من ئەو ئەوینە بنێژم.

کەشیش لۆرەنس: نەک یەکێک لە گۆڕێک بنێژیت و یەکێکی دی لێ بێنیتە دەر.

رۆمیۆ: تکام وایە سەرزەنشتیم نەکەیت. من دڵداری دەکەم.
ئێستا چاکە بەرامبەر چاکە و ئەوین بەرامبەر ئەوین پەیرەو دەکەم:
ئەوەکەی دی وانەبوو.

کەشیش لۆرەنس: ئۆه، چونکە ئەو چاک دەیزانی
ئەو ئەوینەی لەبەر دەتخوێندەوە پیتێکت لێی نەدەزانی.
بەڵام وەرە، ئەی پەتک پسێن، وەرە دەی لەگەڵم بەرێ بکەوە؛
لەبەر یەک شت من یارمەتی تۆ دەدەم لەوە
تا بەڵکو ئەو زەماوەندە بەخۆشی و شادی تەواو ببێت
کینەی ئەو دوو بنەماڵەیە بەخۆشەویستییەکی پاک بەکۆتا بێت.

رۆمیۆ: ئادەی کەواتە بابڕۆین، من یەکجار پەلەمە با خێرا بکەین.

کەشیش لۆرەنس: بەژیری و بەکاوەخۆ، ئەوانەی خێرا ڕادەکەن ساتمە دەکەن

(دەڕۆن)



## دیمەنی سێیەم

### شەقامێک: مێرکیوشێوو بینڤۆلیۆ دێنە ناوەوە

مێرکیوشیۆ: دەبێ ئەو ڕۆمیۆیە لە کوێ بێت؟ دوێنێ شەو نەهاتبووە ماڵەوە؟

بینڤۆلیۆ: نەهاتبۆوە ماڵە باوکی، من قسەم لەگەڵ خزمەتکارەکەی کردووە.

مێرکیوشیۆ: نازانم بۆ ئەو کیژە ڕەنگ زەردە دڵڕەقە، ڕۆزەلین، ئاوا ئازاری دەدات کە بێ گومان شێت دەبێت.

بێنڤۆلیۆ: تیبالتێ، خزمی پیرە کاپۆلێت، نامەیەکی ناردۆتە ماڵە باوکی ڕۆمیۆ.

مێرکیوشیۆ: بەگیانی خۆم، داوای شەڕەشمێشری لێ کردووە.

بینڤۆلیۆ: ڕۆمیۆ وەڵامی دەداتەوە.

مێرکیوشیۆ: هەر کەسێک نووسین بزانێت، دەتوانێت وەڵام بداتەوە.

بینڤۆلیۆ: نەخێر، مەبەستم وایە ئەو وەڵامی خاوەنی نامەکە دەداتەوە، ئەویش دەری دەخات چۆن دەوێرێت و لەوەشدا بێ ترسە.

مێرکیوشیۆ: بەداخەوە، ڕۆمیۆی بەستەزمان، بەڕاستی مردووە- بەچاوە ڕەشەکانی کیژە سپیکەلانەکە بریندارکراوە، بەگۆرانی ئەوین گوێچکەی سمراوە و ناخی دڵی بەتیری برندەی ئەو منداڵە کوێرە شەق کراوە*، ئەرێ چۆن دەتوانیت لە ڕووی (تیبالت) بوەستێت؟

بینڤۆلیۆ: بۆ، تیبالت چییە؟

مێرکیوشیۆ: لە میری پشیلان گەورەترە. ئۆه، ئەو سەرکردەی ئازای ڕەفتاری بەجێیە. ئەو لەگەڵت بەشەڕ دێت هەر کە تۆ بەنۆتە گۆرانی دەچڕیت ـ کات و وەستان و هاوڕێکی دەپارێزێت: ئەو کورتە پشوویێکت پێ دەدات ـ یەک، دوو، سێیەم جار لە سینەت دەچەقێنێت. قەسابێکی لێهاتووی قۆپچەی ئاوریشمینە، شمشێروەشێنێکی بێ هاوتا و جوامێری نمرەیەک و دووە لەبارەی ڕێو شوێن و ڕێسای شمشێربازی. ئاه، لە لێدانە پێشەوپێش و پاشەوپاش و پێکەوتنە

(*) مەبەست لە کیوپیدە.

نەمرانەکەی!

بینڤۆلیۆ: چی؟

مێرکیوشیۆ: سندان لەو باوەکۆنە دەستکرد و پیاوەگەنجە خۆنوێنانە دا، لەوانەی کە تازە شێوەی قسەکردنیان دەگۆڕن! «بەمەسیح، شمشێروەشێنێکی چاکە! و پیاوێکی یەگجار نازدار و بدەرێکی هەرە چاکە!» بۆچی ئەوەندە بەو مەگەزە سەیرانەوە گرفتار ببین، ئەو مۆدیلبازانە، ئەو «لێم ببورانە» کە ئەوەندەی بەسەر شێوازی نوێوە دەنیشنەوە ناتوانن بەخۆشی لەسەر کورسییە کۆنەکانیانەوە دابنیشن! وای لە ئێسکەکانیان، وای لە ئازاری ئێسکەکانیان!

(ڕۆمیۆ دێتە ناوەوە)

بینڤۆلیۆ: ئەوە ڕۆمیۆیە، ئەوە ڕۆمیۆیە دێت.

مێرکیوشیۆ: بەبێ (ڕۆ)*یەکەی دەڵێی ماسیلکەی وشک کراوەیە. های لەو لاشەیەی، لەولاشەیەی، چلۆن تۆ بەماسی کراویت، ئێستا ئەو ئامادەیە بۆ نووسینی ئەو شیعرانەی لە (پیترارک)ەوە سەریان دەکرد! (لۆرا) لە چاو خانمەکەی ژنی ناندینییە- بەمەریەم، ئەو دڵدارێکی چاکتری هەبوو کە شیعری پێدا هەڵدەگوت ـ (دیدۆ) لە چاو ئەو ژنێکی پیسکەیە، (کلیۆپاترا) قەرەجێکە، (هێلین) و (هیرۆ) بدەری خۆفرۆشن، (ثیسە) کە چاوی بۆر بوو یا شتی وابوو، بەڵام ناگاتە ئەو. سینیۆر (ڕۆمیۆ) بۆنژۆ**، سڵاوێکی فەرنسیانە بۆ پانتۆڵە فەرەنسیەکەت، دوێنی شەو تۆ ئێمەت بەتەواوی خەڵەتاند.

ڕۆمیۆ: بەیانی باش لە هەردووکتان. بۆچ ئێوەم خڵەتاند؟

مێرکیوشیۆ: گەورەم، خۆتدزییەوە، خۆ. تۆ تێی ناگەیت؟

ڕۆمیۆ: ببوورە، مێرکیوشیۆی چاک. کارێکی مەزنم بەدەستەوە بوو، جا لە ڕەوشی وەک هی مندا، ڕەنگە مرۆڤ زۆر ڕەوشتبەرزی نەنوێنێت.

مێرکیوشیۆ: واچاکترە بیلێیت، ڕەوشی وەک هی تۆ وا لە پیاو دەکات چۆک بچەمێنێتەوە.

ڕۆمیۆ: مەبەستت وایە خۆ دابنەوێنێت؟

(*) واتە بەبێ (ڕۆزالین)

(*) واتە بەیانی باش بەزمانی فەرەنسی.



مێرکیوشیۆ: ڕێک لە بنی کودیت دا.

ڕۆمیۆ: قسەکەت یەگجار ڕەوشتبەرزانەیە.

مێرکیوشیۆ: نەخێر، من هەر بەخۆم سەرگوڵی ڕەوشتبەرزیم.

ڕۆمیۆ: سەری گوڵ.

مێرکیوشیۆ: دەق وایە.

ڕۆمیۆ: بۆچ، کەواتە کەوشەکانم جوان ڕازاونەتەوە.

مێرکیوشیۆ: قسەیەکی ژیرانەیە! بەدوای ئەو نوکتەیەم بکەوە تا کەوشەکانت دەدڕێن و ئینجا کە بنەکەوشە تاقانەکەت سوایەوە، نوکتەکەم دەمێنێتەوە، پاش سوانەوەشی، هەر ئەوەیە بێ هاوتا بمێنێتەوە.

ڕۆمیۆ: ئۆی چ نوکتەیەکی عەمارەپۆو بێزەوەرە، بێ هاوتاشە تەنیا لەبەر بێ ماناییی!

مێرکیوشیۆ: بینڤۆلیۆی چاک، ناوبژیمان بکە، وا مێشکم دەتوێتەوە.

ڕۆمیۆ: لێی بدەو نەقیزەی تێوە بژەنە، لێ بدەو نەقیزەی تێوەژنە، دەنا دەبەمەوە.

مێرکیوشیۆ: نەخێر، نەخێر، ئەگەر مێشکمان بەدوای قازە کێویلکان بکەوێت، ئەوا من دۆڕاوم، چونکە دڵنیام تاقە زرنگەیەکت پتر قازەکێویلکەی تێدایە لە هەر پێنج زرنگییەکانی* من، ئەرێ من لەگەڵتدا بووم بۆ قازەکان؟

ڕۆمیۆ: تۆ هەرگیز بۆ هیچ شتێک لەگەڵم نەبوویت مەگەر بەخۆت (قاز) بووبیت لەگەڵما.

مێرکیوشیۆ: من لەبەر ئەو نوکتەیە گوێت دەگەزم.

ڕۆمیۆ: نەخێر، قازی چاک، مەیگەزە.

مێرکیوشیۆ: زرنگییەکەت یەگجار شیرینییێکی تاڵە، مەرەگەیەکی هەرە تیژە.

ڕۆمیۆ: ئەدی ئەوە چاک لێ نەنراوە بۆ قازێکی خۆش.

مێرکیوشیۆ: ئۆ، زرنگییەکەت دەڵێی پێستی بزنە کە چەندی بتەوێ بەفرەوانی لێکی دەکێشیتەوە!

ڕۆمیۆ: من ئەو وشەیەی (فرەوانی)یە لێک دەکێشمەوە، ئەگەر بخرێتە سەرقاز، ئەوا دەبێتە قازێکی خۆلێک کێشایەوەی کرکەوتوو.

مێرکیوشیۆ: بۆ، ئەرێ ئەوە لە ناڵە و ئازاری ئەوین باشتر نییە؟ ئێستا تۆ مرۆڤێکی

* پێنج زرنگیەکانی مرۆڤ بریتین لە: زرنگی ئاسایی، یاد، وێناکردن، ئەندێشە و مەزەندە.

کۆمەڵخوازی، ئێستا تۆ ڕۆمیۆی بەڕاستی، ئێستا ئەوەیت کە هەویت، بەخۆت و هونەر و سروشتیتەوە.. لەبەر ئەو لەوچەییەتە، ئەوینەکەت وەکو گەوجێکی زگماکە کە ڕادەکات و زمانی لەقەلەقیەتی تا سەرە گەوجانییەکەی لە کونێک بشارێتەوە.
بینڤۆلیۆ: لێرەوە بیبڕنەوە، بیبڕنەوە.
مێرکیۆشیۆ: تۆ دەتەوێت قسەکەم بەنابەدڵی ببڕم.
بینڤۆلیۆ: وا نەبوایە قسەکەت درێژ دەبۆوە.
مێرکیۆشیۆ: تۆ بەهەڵەدا چوویت. بەڵکو من خەریک بووم کورتم دەکردەوە، چونکە لە ڕاستیدا من گەییبوومە بنی قسەکەم، نەشم دەویست بەڕاستی درێژتری بکەمەوە.
(دایەنەکە و پیتەری بەردەستی دێنە ناوەوە)
ڕۆمیۆ: ئەوەتا جلی جوان! چارۆگەی کەشتییە، چارۆگە!
مێرکیۆشیۆ: دوانن، دوان! کراس و کەوێن*!
دایەن: پیتەر!
پیتەر: بەڵێ
دایەن: پیتەر، باوەشێنەکەم.
مێرکیۆشیۆ: پیتەری چاک، با ڕووی پێ بشارێتەوە، باوەشینەکەی لە ڕووی جوانترە.
دایەن: جوامێران، خوا بەیانیتان باش بکات.
مێرکیۆشیۆ: خوا ئێوارەت باش بکات، خانمی پایەبەرز.
دایەن: بەڕاستی ئێوارەیە؟
مێرکیۆشیۆ: لەوە زووتر نییە، من پێت دەڵێم، چونکە مەیلی داوێن پیسی ئێستاکە لەسەر ناوەندی کونی نیوەڕۆیە.
دایەن: گوم بە لەبەر چاوم! چ پیاوێکی؟
ڕۆمیۆ: خانمی پایەبەرز، خوا ئەوی بۆ ئەوە دروستکردووە خۆی تێک بدات.
دایەن: بەڕاستی چاکت گوت «بەخۆی خۆی تێک بدات»؟ جوامێران یەکێکتان دەتوانن پێم بڵێن چۆن ڕۆمیۆی گەنج بدۆزمەوە؟
ڕۆمیۆ: من دەتوانم، بەڵام ڕۆمیۆی گەنج پیرتر دەبێت هەتا تۆ دەیدۆزیتەوە لەو کاتەی تۆ بەدوایدا دەگەڕێیت، من گەنجترین کەسم ئەو ناوەم هەبێت، چونکە کەسی لەوە خراپتر نییە.

---

* واتە ژن و پیاون.



دایەن: جوانە...قسەی جوانە.
مێرکیۆشیۆ: ئایا خراپتر جوانە؟ جوان تێگەیشتی، بەڕاستێ، بەژیری، بەژیری تێگەیشتی.
دایەن: گەورەم، ئەگەر تۆ ئەوی، حەز دەکەم کەمێک بەتەنیا بدوێین.
بینڤۆلیۆ: دەعوەتی دەکات بۆ نانی شێوان.
مێرکیۆشیۆ: ژنێکی داوێن پیسە، داوێن پیس! ئەوەتانێ!
ڕۆمیۆ: چی؟ دۆزیتەوە؟
مێرکیۆشیۆ: کەروێشک نییە، گەورەم، مەگەر کەروێشکی ناو تەڕەحەڵوای ڕۆژووی گەورەبێت کە بەرلەوەی بخورێت زووبەیات و کۆن دەبێت.
(گۆرانی دەڵێت)
پیرە کەروێشکی داوەشاو،
پیرە کەروێشکی داوەشاو،
لە ڕۆژووی گەورەدا گۆشتی نازدارە؛
بەڵام کەروێشکێ کە داوەشابێت،
یەگجار گرانە گەرپارەت پێدا بێت،
کاتێ تێک دەچێت پێش ئەوەی بچێت بەزارا.
ڕۆمیۆ ئەرێ دێیتەوە ماڵی باوکت؟ ئێمە لەوێ فراوین دەخۆین.
ڕۆمیۆ: بەدواتاندا دێم.
مێرکیوشێو: ماڵئاوا، پیرەخانم، ماڵئاوا، ئەی خانم، خانم، خانم.
(مێرکیوشێو و بینڤۆلیۆ دەڕۆن).
دایەن: گەورەم، تکات لێ دەکەم، ئەوە چ پیاوێکی قسەڕەق بوو کە هێندە پڕ فرتوفێڵ بوو؟
ڕۆمیۆ: دادە، ئەو جوامێرە حەزی لەوەیە گوێی لە قسەکانی خۆی بێت و لەیەک خوولەکدا پتر لەوە قسە دەکات کە لە مانگێکدا گوێی بۆ بگرێت.
دایەن: ئەگەر ئەو هیچ لە دژی من بڵێت، سەرشۆڕی دەکەم، تەنانەت گەر بەهێزتریش بێت و من هەمان شت لەگەڵ بیست کەسی وەک ئەو زیخ دەکەم؛ ئەگەر پێشم نەکرا، ئەوانە دەدۆزمەوە کە پێیان بکرێت، چ خوێڕییەکی ناکەس بەچەیە! من یەکێک نیم لەو ژنە بێ ناموسانەی؛ من یەکێک نیم لە دۆستە داوێن پیسەکانی (بۆ پیتەر) چۆنە تۆ لێرەیت و دەمکوتی خوێڕییەک ناکەیتەوە کە بەکەیفی خۆمی پێم

ڕادەبوێرێت!

پیتەر: هیچ پیاوێکم نەبینیوە پێتەوە ڕابوێرێت. ئەگەر بینیبام، دەبوایە چەکەکەم خێرا دەرکێشا بوایە. من دڵنیات دەکەمەوە، دەوێرم وەک هەر کەسێکی دی بەزوویی هەر دەرفەت هەبێت شمشێربازییەکی چاک بکەم، ئەگەر یاسا بەلای منەوە بێت.

دایەن: لە بەردەمی خوا، سوێند دەخۆم کە هێندە توورەم هەرچی ئەندامی لەشمە دەلەرزێت (ئاماژە بە مێرکیوشیۆ دەدات) خوێڕیی ناکەس بەچە! (بۆ ڕۆمیۆ) گەورەم، قسەیەکم لەگەڵت هەیە، وەک پێتم گوت، خاتوونەکەم داوای لێکردم بتدۆزمەوە. ئەو چی پێ گوتم، بۆ خۆم هەڵی دەگرم، بەڵام ڕێم بدە یەکەم جار پێت بڵێم، وەک دەیڵێن، ئەگەر دەیبەیتە ناو خۆشییەکی گەوجانەوە، ئەوە خراپترین جۆرە ڕەفتارە، چونکە خانمە نازدارەکەم گەنجە و ئەگەر تۆ دەتەوێت بیخڵەتێنیت، بەڕاستی ئەوە ڕەفتارێکی نامەردانەیە بەرامبەر هەر خانمێکی نازدارو ئەمەش جولانەوەیەکی نزمە.

ڕۆمیۆ: دادە، ڕێزم بگەیەنە خاتوونەکەت و من لە بەرامبەر تۆ
ناڕەزایی دەردەبڕم کە-

دایەن: وای دڵت چ چاکە! بەڕاستی من ئەوانەی پێ دەڵێم، خوایە،
خودایە، ئای دڵی بەوە چەند خۆش دەبێت!

ڕۆمیۆ: دادە، تۆ چی پێ دەڵێیت؟ تۆ گوێم لێ ناگریت.

دایەن: گەورەم، من پێی دەڵێم کە تۆ ناڕەزایی دەردەبڕیت و وەک
من تێی دەگەم، ئەوە هاتنەپێشەوەیەکی پیاوانەیە.

ڕۆمیۆ: پێی بڵێی ڕێگایەک بدۆزێتەوە ئەم پاش نیوەڕۆیە بێت بۆ دان پیانان، جا لەوێ، لە کونجی کەشیش لۆرەنسدا، دان پیانانەکەی وەردەگیرێ و مارە دەکرێت (ڕۆمیۆ پارەی پێ دەدات). ها ئەمەش بۆ ماندوو بوونت.

دایەن: نەخێر، گەورەم، ئەوەی ڕاستی بێت، پێنسێک* وەرناگرم.

ڕۆمیۆ: نابێت، هەر دەبێ وەری بگریت.

دایەن: (پارەکە وەردەگرێت) گەورەم، ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ؟ ئەو لەوێ دەبێت.

ڕۆمیۆ: جا دادەی چاک، لە پشت دیواری کلێسا چاوەڕوان بە:
ئەو دەمە من خزمەتکارەکەم دەنێرمە لات،

* جۆرە پارەیێکی وردەی بەریتانییە.



گوریسێکت پێ دەدات کە پەیژەی لێوە هۆنراوەتەوە،
کە من پێیەوە دەگەمە سەر ترۆپکی ئەستوندەی خۆشیم
هۆی پێک گەیشتنیشم شەوی نهێنی دەبێت.
خوا حافیز، متمانەداربە و من پاداشتی ماندوو بوونت دەدەمەوە.
خودا حافیز؛ ڕێز و سلاوم بەخانمەکەت بگەیەنە.

دایەن: خودای ئاسمان پیرۆزت بکات! گوێ بگرە، گەورەم.

ڕۆمیۆ: تۆ چی دەڵێیت، ئەی دایەنی ئازیز؟

دایەن: ئەرێ خزمەتکارەکەت نهێنگیرە؟ ئەرێ هەرگیز نەتبیستووە،
(نهێنی بە دوو کەس دەپارێزرێت سێیەمیان ئاشکرای دەکات؟)

ڕۆمیۆ: من دڵنیام کە خزمەتکارەکەم وەک پۆڵا بێ گەردە.

دایەن: دەباشە، گەورەم، خانمەکەم شیرینترین خانمە، خودایە خودایە! ئەوە وەک منداڵۆکەیەکی بەگڕوگاڵە. بەگزادەیەکی شار کە ناوی (پاریس)ە، دەیەوێت بەزەبری شمشێری سواری کەشتی بێت، بەڵام، ئەو ڕۆحی هێندە چاکە، ئەو پێی وایە باشترە بۆ بۆقەشینکە بێت نەک ئەو. هەندێ جار، من توورەی دەکەم و دەڵێم (پاریس) پیاوێکی قۆزترە، بەڵام دڵنیابە، کاتێک وا دەڵێم، ڕەنگی وەک هەر پەڕۆکێکی سپی لەناو ئەو جیهانە گەورەیەدا سپی هەڵدەگەڕێت. ئەرێ وشەکانی (ڕۆزماری)* و (ڕۆمیۆ) بەهەمان پیت دەست پێ ناکەن؟

ڕۆمیۆ: بەڵێ، دادە، ئەوەچی تێدایە؟ هەردووکیان بە(ڕ) دەست پێ دەکەن.

دایەن: بەڵێ، گاڵتەباز، ئەوە ناوی سەگە، (ڕ) یەکەم پیتی - نەخێر؛ من دەزانم ئەوە بەپیتێکی دی دەست پێدەکات؛ جا خانمەکەم (جولێت) قسەی جوان لە بارەی تۆ و گوڵی (ڕۆزماری) دەکات کە تۆ بەبیستنیان دڵت خۆش دەبێت-

ڕۆمیۆ: سلاوم بگەیەنە بەخانمەکەت.

دایەن: هەزار جار. پیتەر!

پیتەر: ئامادەم.

دایەن: خێرا، بەپێشم بکەوە.

دەڕۆن

* ڕۆزماری: گوڵێکی چیایی بۆن خۆشە.

## دیمەنی چوارەم

### باغی کاپۆلێت: جولێت دێتە ناوەوە

جولێت: سەعات نۆ بوو کە من دایەنەکەم نارد؛
بەڵێنی دابوو بەنیو سەعات بگەڕێتەوە.
ڕەنگە نەتوانێت بیبینێتەوە ـ بەڵام باوەڕ ناکەم وابێت.
ئۆهـ، ئەو شەلەیە! دەبوایە بیر پەیامبەری ئەوین ببوایە،
کە دەجار لە تیشکی خۆر خێراتر دەخزێت و
سێبەر لەسەر گردە تاریکەکانەوە ڕاودەنێت.
لەبەر ئەوەشە کۆتری تیژباڵ گالیسکەی ئەوین ڕادەکێشن،
هەر بۆیەشە باڵی خێرای ڕەشەبایی (کیوپید)ی هەیە.
ئێستا خۆر لەسەر ترۆپکی گردی گەشتی
ئەورۆکەیەتی، جا لە نۆوە تا دوازدە
سێ سەعاتی درێژە، کەچی ئەو نەهاتۆتەوە.
هاتبا سۆز و خوێنی گەنجانەی گەرمی هەبوایە،
وەک تۆپێک بەخێرایی دەبزواو دەجولایەوە:
وشەکانم هەڵیدەدایە لای دەزگیرانە شیرینەکەم و
هی ئەویش هەڵیدەدایەوە لای من.
بەڵام زۆربەی خەڵکی پیر وەکو مردووان خۆ دەنوێنن.
لامل و تەپن و وەک مس خاوو قورسن و ڕەنگ زەردن.
(پیتەر دێتە ژوورەوە و دایەنی بەدواوەیە)
ئەی خودا، وا هات! – ئەی دادەی شیرین، چ هەواڵێکت پێیە؟
ئەرێ بینیت؟ پیاوەکەت بەڕێ بکە.
دایەن: پیتەر، برۆ لای دەرگا بوەستە.
(پیتەر دەڕوات)
جولێت: دەی دایەی شیرینی چاک – چییە وا خەمبار دیاریت؟
گەرچی هەواڵەکە ناخۆشیش بێت، بەڵام بەخۆشی بیلێ:
ئەگەر خۆشیشە، تۆ بەو ڕوخسارە ترش و تاڵەت
مۆسیقای هەواڵە خۆشەکە شەرمەزار دەکەیت.



دایەن: من شەکەتم، کەمێک لێم بگەڕێ.
ئاخ، چۆن ئێسکەکانم ئازارم دەدەن!
وای چ گەشتێکی شەکەتکەرم هەبوو!
جولێت: بریا ئێسکەکانی من بۆ تۆ بووان و هەواڵەکانی تۆش بۆ من.
نەخێر، وەرە، تکات لێ دەکەم، بدوێ، دادەی چاک، دەبدوێ.
دایەن: ئەی مەسیح، کچێ تۆ پەلەی چیتە! ناتوانیت بڕێک ئارام بگریت؟
ئەرێ نابینیت من هەناسەم لێبڕاوە؟
جولێت: چۆن تۆ هەناسەت لێ بڕاوە، کە تۆ هەناسە دەدەی
تا پێم بڵێیت هەناسەت لێ بڕاوە؟
ئەو بیانووەی تۆ دەیهێنیتەوە بۆ بەدرەنگخستن
درێژترە لەو چیرۆکەی هەواڵەکەی پێدەگێڕیتەوە.
ئایا هەواڵەکەت چاکە یان خراپ؟ وەڵامی ئەوەم بدەوە.
یەکێکیان بڵێ، من دوایی چاوەڕوانی درێژەی دەکەم
با دڵنیابم، ئایا هەواڵەکەت چاکە یان خراپ؟
دایەن: باشە، تۆ لە هەڵبژاردنەکەتدا ساویلکە بوویت، تۆ نازانیت چۆن پیاو هەڵبژێریت؟
نەخێر، ئەونا. ئەگەرچی ڕوخساریشی لەهی هەموو پیاوێکی دی جوانتر بێت،
بەڵام قاچی لە هی هەموو مرۆڤێک نایابترە؛ جا دەست و پێ و لەش؛ گەرچی نابێ
باسی ئەو شتانە بکەین، بەڵام ئەوانە بێ هاوتان. ئەو سەرتۆپی ڕێزنواندن نییە،
بەڵام دڵنیات دەکەم، ئەو لە ڕەوشت باشیشدا وەکو بەرخە. کیژێ، دەبڕۆ لە کۆڵم
بەرەوە؛ خزمەتی خودای بکە، چی، تۆ لە ماڵەوە نانی نیوەڕۆت خوارد؟
جولێت: نەخێر، نەخێر، بەڵام من ئەو هەموو شتانەم پێشتر دەزانی
ئەو چی لە بارەی زەماوەندەکەمانەوە دەڵێت؟ چی گوت؟
دایەن: خودایە، سەرم چەند دێشێت! چ سەرێکم هەیە!
ئەوها لێ دەدات هەر دەڵێی بۆتە بیست کەرت.
پشتیشم لەولاوە بوەستێت؛ ئای پشتم، وای پشتم!
ئەو دڵەت بەنەفرەت بێت کە بەم
هەڵبەز و دابەزەدا ناردمی تا مەرگی خۆم ببینم.
جولێت: بەڕاستیتە، زۆر خەفەتبارم کە حاڵت باش نییە.
دادەی شیرین و نازدار، پێم بڵێ، دەزگیرانەکەم چ دەڵێت؟

دایەن: دەزگیرانت وەکو جوامێرێکی بەڕۆمەت و بەڕەوشت و
دلۆڤان و قۆز و من دڵنیام کە چاک ڕەوشتە – دەڵێت –
ئەرێ دایکت لە کوێیە؟
جولێت: دایکم لە کوێیە؟ بۆچی، لەو ناوەیە.
دەبێ لە کوێ بێت؟ چەند سەیر وەڵام دەدەیتەوە:
«دەزگیرانت وەکو جوامێرێکی بەڕۆمەت دەڵێت»
ئەرێ دایکت لە کوێیە؟
دایەن: بەخانمەکەی خودا*!
تۆ زۆر گڕت گرتووە؟ بەمەریەم، وەرە، من بروام وایە.
ئەرێ ئەوە نیوە نمەکەکەتە بۆ ئێسکە بەئازارەکانم؟
لە مەودوا بەخۆت پەیامەکانت بگەینە.
جولێت: ئەوە چ هەرایە! پێم بڵێ، ڕۆمیۆ چ دەڵێت؟
دایەن: مۆڵەتت لە ماڵی وەرگرتووە ئیمڕۆ بچیت بۆ دان پیانان؟
جولێت: وەرمگرتووە.
دایەن: کەواتە خێراکە و بۆ کونجەکەی کەشیش لۆرەنس بچۆ؛
لەوێ مێردێک چاوەرێیە بتکاتە ژنی خۆ.
وا خوێنی بەرەڵڵات دەپرژێتە سەر کولمەکانت:
لەگەڵ بیستنی هەر هەواڵێک قورمزی دەبن.
خێرا کە بۆ کلێسا؛ من دەچمە جێیەکی تر
بۆ هێنانی پەیژەیەک، کە دەزگیرانەکەت
لەگەڵ دنیا تاریک داهاتن دا
پێیەوە سەردەکەوێتە سەر هێلانەی باڵندە.
من ڕەنجبەر و پاڵەی خۆشییەکانی تۆم.
بەڵام هەر شەو داهات تۆ بارەکە دەگریتە شان بۆم.
برۆ، من نانی نیوەڕۆ دەخۆم؛ ئادەی بۆ کونجەکە بچۆ.
جولێت: دەی با خێراکەم بەرەو بەختی بەرز! دایەنی بەڕۆمەت، ماڵئاوا.
دەڕوات

* مەبەست: لە حەزرەتی مەریەمەی دایکی حەزرەتی عیسایە.



## دیمەنی پێنجەم

## کونجی کەشیش لۆرەنس

کەشیش لۆرەنس و ڕۆمیۆ دێنە ژوور
کەشیش لۆرەنس: دەبا ئاسمان بەو کارە پیرۆزە بزەی لێ بێت
تاکو پاشەڕۆژ بەخەم سزایان نەدات.
ڕۆمیۆ: ئامین، ئامین، بەڵام هەر خەمێکی دێ بابێت.
ناتوانێت پارسنگی ئەو خۆشییەی کە بینینی ئەو
لە تاقەساتێکدا پێم دەبەخشێت دابلەنگێنێت.
تۆ تەنیا دەستمان بە وشە پیرۆزەکانتەوە پێکدی ببەستەوە،
جا باکم نییە مەرگی ئەوین لووش چی پێ دەکرێت بابیکات؛
ئەوەندەم بەسە بتوانم بەهی خۆم بانگی بکەم.
کەشیش لۆرەنس: خۆشی توند و بەتینی وا سەرەنجامیان توند و تیژ دەبێت
وەک ئاگر و بارووت، لە ترۆپکی جۆش و خرۆشدا دادەمرکێتەوە،
هەر کە دەمیان پێکتر گەیشت، لەناو دەچن. خۆشترین هەنگوین
لەبەر یەکجار شیرینی بێزهەڵسێنە،
تام و چێژەکەی بەر دڵمان دەگرێت.
بۆیە بەنەرمی یەکترتان خۆش بوێت تا ئەوینتان تەمەنی درێژ بێت:
پەلەترین کەس وەک خاوترینیان کاتی پێدەوی تادەگاتە دوا قۆناغ.
(جولێت دێتە ژوور)
ئەوەتا وا خانمەکەش هات، ئۆهـ، کەسێکی وا دڵناسک
هەرگیز ناتوانێت بەرگەی ئەو بارە قورسەی ژیان بگرێت.
دڵدار دەتوانێت بەسەر ڕایەڵی تەونی جاڵجاڵۆکە
کە بە شنەبای گەمەکەری هاوینان دەجولێتەوە، بێت و بچێت.
بەبێ ئەوەی بشکەوێتە خوارەوە، خۆشی دنیایی ئاوا سووکەڵەیە.
جولێت: ئێوارە باش لە دان بۆ پیانراوی ڕۆحیم.
کەشیش لۆرەنس: کچم، ڕۆمیۆ، بەناوی خۆی و منەوە سوپاست دەکات.
(ڕۆمیۆ ماچی دەکات).

جولێت: بەهەمان ڕادەش بۆ ئەو، چونکە سوپاسەکانی ئەو یەگجار زۆرن.
(ماچەکەی پێ دەداتەوە)

ڕۆمیۆ: ئاه، جولێت، ئەگەر ڕادەی دڵخۆشیت
وەک هی من کەڵەکە بکرێت و ئەگەر شارەزایی تۆ
لەهی من پتر بێ بۆ دەربڕینی ناخت، دە ئینجا ئاوو هەوای
ئەم ناوە بەهەناسەت پڕبەرامە بکە و با مۆسیقای پڕاوپڕی زمانت
ئەو بەختەوەرییە ئەندێشەکراوەی کە لەو چاوپێکەوتنەمان
لێکتری دەبینین بیژەنێت.

جولێت: ئەندێشەکە لە بنەڕەتەوە دەوڵەمەندترە لە وشە، بۆیەش
بەگەوهەری خۆیەوە دەنازێت نەک بەجوانی ڕوخساری.
ئەوانەی کە ئەوینیان بەقسە لێک بدەنەوە دڵداری دەرۆزەکەرن؛
بەڵام ئەوینی ڕاستەقینەی من هێندە پەرەی سەندووە
کە لە توانامدانییە ئەو سامانەی هەمە لێکی بدەمەوە.

کەشیش لۆرەنس: وەرن، دەی لەگەڵم، وەرن، با ئیشەکە لە کورتی ببڕێنینەوە؛
ڕێم بدەن، لێ ناگەڕێین ئێوە بمێننەوە بەتەنیایی
تا لە کلێسای پیرۆز نەتانخەینە ناو یەک قالبی خودایی.

دەڕۆن



## پەردەی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

### سەرشەقامێک

مێرکیوشیۆ و بەردەستەکەی و بینڤۆلیۆ و خزمەتکاران دێنە ژوورێ.

بینڤۆلیۆ: مێرکیوشیۆی چاک، تکات لێ دەکەم، بابگەڕێینەوە؛
ڕۆژەکە گەرمە، کاپۆلێتەکان لە دەرەوەن،
ئەگەر تووشی یەکدی ببین، شەڕێکمان بەمل دادێت،
چونکە ئێستا، لەو ڕۆژەگەرمانەدا، خوێنی سەرشێت لە کەفوکوڵە.

مێرکیوشیۆ: تۆ دەق وەک ئەو کەسانەیت کە دەچنە مەیخانە. شمشێرەکانیان بەتووندی لە مێزەکە دەکوتن و تەقەی لێوە دێن و دەڵێن (خوا نەکات پێویستم پێت بێت) جا کە دووەم پێک هەڵدەدەیت، شمشێرەکە لە ڕووی مەیگێڕ هەڵدەکێشێت بێ ئەوەی ئەوە هەر پێویستیش بکات.

بینڤۆلیۆ: ئەرێ من وام؟

مێرکیوشیۆ: وەرە، وەرە؛ تۆش کەسێکی تووندخوو و سەرگەرمیت وەک هەر کەسێکی دیکەی ئیتاڵیات، جا هەر زوو تووڕە دەبیت و دەورووژێیت و زوو دەورووژێیت و تووڕە دەبیت.

بینڤۆلیۆ: جا کە وروژام چی دەکەم؟

مێرکیوشیۆ: نەخێر، هاتبا دووی وەک تۆمان هەبوان، ئێمە هیچمان وا زوو نەدەماین، چونکە یەکێکیان ئەوی دی دەکوشت. تۆ؟ چی، تۆ لەگەڵ کەسێک کە موویەکی لە ڕدێنی لە تۆ پتر بێ یان کەمتر بێت شەڕ دەکەیت. تۆ شەڕ لەگەڵ کەسێک دەکەیت لەبەر ئەوەی بوندوق دەشکێنێت چونکە ڕەنگی چاوی تۆ بوندوقییە. چ چاوێک جگە لەهی تۆ شەڕ لەسەر ئەوە هەڵدەگیرسێنێت؟ هێلکە چەند پڕگۆشتە سەرکت ئەوەندە پڕ شەڕ و هەرایە، کەچی سەرکت لەبەر شەڕانگێزی تێی کوتراوە وەک چۆن هێلکەی بۆگەن تێی دەکوترێت. تۆ لەگەڵ پیاوێک بەشەڕ هاتیت، چونکە لەسەر جادە کۆخی بوو و سەگەکەت کە لەبەر ڕۆژ خەوتبوو واگای هێنا بۆوە. هەر تۆ نەبوویت لەگەڵ بەرگدرووێکدا بەشەڕ هاتیت، چونکە سوخمەکەی بەرلە (چەژنی

ڕەممانە) کردبووە بەر؟ لەگەڵ یەکێکی تر چونکە پێڵاوە نوێیەکانی بەخرێنکەیەکی کۆن بەستبوو؟ کەچی لەبارەی شەڕ کردن ئامۆژگاریم دەکەیت؟

بێنڤۆلیۆ: هاتبا من هێندەی تۆ حەزم لەشەڕ کردن بوایە، هەموو کەسێک مافی تەواوی کڕینی ژیانمی هەبوو تەنیا بۆ ماوەی سەعات و چارەکێک.

مێرکیوشیۆ: مافی ژیانم؟ ئای لەو فشەیە.

(تیبالْت و دواکەوتەکانی دێنە ناوەوە)

بێنڤۆلیۆ: ئا بەسەری خۆم، ئەوە کاپۆلیتەکان هاتن.

مێرکیوشیۆ: بەبنی پێم، باکم نییە.

تیبالْت (بۆ دواکەوتەکانی): لە دوامەوە بەنزیکی برۆن، چونکە من لەگەڵیان دەدوێم، (بۆمێرکیوشیۆ و بینڤۆلیۆ) جوامێران، ئێوارەتان باش، قسەیەکم، لەگەڵ یەکێک لە ئێوە هەیە.

مێرکیوشیۆ: تەنیا یەک قسە لەگەڵ یەکێکمان؟ لەگەڵ شتێک جووتی بکە: بیکە بەقسەیەک و لێدانێک.

تیبالْت: من بەتەواوی بۆ ئەوە ئامادەم، گەورەم، تۆش ئەو هەلەم بۆ دەرەخسێنێت.

مێرکیشیۆ: تۆ بەخۆت پێت ناکرێت بیڕەخسێنیت بێ ئەوەی پێتی ببەخشم؟

تیبالْت: مێرکیوشیۆ، تۆ لەگەڵ ڕۆمیۆ تەباو سازی.

مێرکیوشیۆ: تەباو ساز؟ چی، دەمانکەیت بەگۆرانیبێژی بەکرێگیراو؟ بڵێی تۆ دەمانکەیتە گۆرانیبێژی بەکرێگیراو، بڕوانە، با گوێت لە هیچ نەبێت جگە لە شتی ناتەباو ناساز.ئەوەتانێ، داری کەمانەکەم، ها با بتخاتە سەماوە. بەزامی مەسیح، تەباو سازە!

بێنڤۆلیۆ: ئێمە لێرە لە گۆڕەپانی گشتی لە ناو خەڵکدا دەدوێین.
یان بچنە جێگایەکی چۆڵ،
یان بەنەرمی لەبارەی کێشەکانتان بدوێن،
یاخود لێک ببنەوە. لێرە، هەموو چاوێک تەماشامان دەکەن.

مێرکیوشیۆ: چاوی مرۆڤ بۆ ڕوانین دروستکراوە، دەبا هەر سەیرکەن.
من لێرە لەبەر دڵی هیچ کەسێک نابزووم.
(ڕۆمیۆ دێتە ناوەوە)

تیبالْت (بۆ مێرکیوشیۆ): باشە، گەورەم، لەگەڵ تۆ بەسە؛



ئەوەتا ئەو کەسەی من لە دوای دەگەڕام.

مێرکیوشیۆ: لە سێدارەم بدە، گەورەم، ئەگەر ئەو ملت بۆ کەچ بکات.
بەمەریەم، تۆ پێشتر بچۆرە مەیدانی جەنگ، ئەو بەدواتدا دێت:
تەنیا بەرێزتان بەو واتایەوە بانگی بکات «پیاو».

تیبالْت: ڕۆمیۆ، ئەو خۆشەویستییەی بۆ تۆم لە دڵدایە
ناکرێ لەوە پترت پێ بڵێت کە تۆ نامەردیت.

ڕۆمیۆ: تیبالْت، ئەو هۆیانەی هەن کە تۆم پێ خۆش بوێن
گەلێ پاکانە بۆ ئەو ڕقە دەهێنێتەوە کە
ئەو سڵاوانەت لە ناخمی هەڵدەسێنێت.
من نامەرد نیم، بۆیە خودا حافیز؛
من دەزانم تۆ نامناسیت.

تیبالْت: کوڕە، ئەوە پاکانە بۆ ئەو برینانە ناکات
کە تۆ لە منت کردوون؛ بۆیە ڕوو وەرگێڕە و
شمشێرەکەت دەرکێشە.

ڕۆمیۆ: من ناڕەزایی دەردەبڕم و هەرگیز تۆم بریندار نەکردووە،
بەڵام تۆم لەوە خۆشتر دەوێت کە بیرت بۆ دەچێت
تا ئەو کاتەی هۆی ئەو خۆشەویستییە دەزانیت.
جا، کاپۆلێتی چاک، دڵنیابە ئەو ناوەی من بایەخی پێ دەدەم
بەقەد ناوەکەی خۆم لەلام خۆشەویستە.

مێرکیوشیۆ: ئای لەو ملکەچییە هێمن و حیزانە و چەپەڵانەیە!
تەنیا «لێکتر وەشاندن» ئەوە لادەبات.
(شمشێرەکەی دەکێشێت) تیبالْت، ئەی جورج ڕاوکەر،
ئایا دێیتە ئەم لایەوە؟

تیبالْت: تۆ چیت لە من دەوێت؟

مێرکیوشیۆ: شای چاکی پشیلان، هیچم ناوێت جگە لەوەی کە بەڕەقی لەگەڵ یەکێک لەو نۆ ڕوحانەت ڕەفتار بکەم و جا ئەوەش ڕەفتاری دواتری تۆ لەگەڵ من دیار دەکات، هەشت ڕۆحەکەی دیشت لەپێشدا ورد دەکەم. ئەرێ بەبێ خۆنواندن شمشێرەکەت بەگوێچکەکەی ڕاناکێشێت؟ پەلە بکە، نەبادا بەر لەوەی هی خۆت هەڵبکێشیت،

هی من بگاتە بنا گوێت.
تیبالت (شمشێرەکەی دەردەکێشێت): من بۆ تۆ دەمینێم.
رۆمیۆ: مێرکیوشیۆی چاک، شمشێرەکەت هەڵگرەوە.
مێرکیوشیۆ: (بۆ تیبالت): وەرە جەناب. با شمشێر وەشاندنەکەت ببینم.
(مێرکیوشیۆ و تیبالت شەڕ دەکەن)
رۆمیۆ: بێنڤۆلیۆ، شمشێرت دەرکێشە؛ ئەو شمشێرانەیان لێک دوورخەوە؛
جوامێران، شەرم بکەن، ئەو شەڕەنگێزەیە بوەستێنن!
تیبالت! مێرکیوشیۆ! میر بەبێ پێچ و پەنا
ئەو شمشێر وەشاندنەی لە شەقەمەکانی (ڤیرۆنا) قەدەغە کردووە.
تیبالت، مێرکیوشۆی چاک، بوەستن!
(رۆمیۆ دەکەوێتە نێوانیانەوە. تیبالت لە پشت رۆمیۆوە
مێرکیوشیۆ زامدار دەکات و ئینجا ڕادەکات و پیاوەکانی بەدوایەوەن)
مێرکیوشیۆ: من پێکرام. دەک ماڵی هەردوو لاتان وێران بێت من فەوتام.
ئەرێ ئەو رۆیشت، بەبێ ئەوەی هیچی لێ بێت؟
بێنڤۆلیۆ: چی، تۆ پێکرایت؟
مێرکیوشیۆ: بەڵێ، بەڵێ، رنۆکێکە، رنۆکێک؛ بەمەریەمە، بەسمە.
کوا بەردەستەکەم؟ برۆ نامەرد پزیشک بانگ بکە.
(بەردەستەکە دەڕوات)
رۆمیۆ: ورەت هەبێت، پیاو؛ برینەکەت زۆر نییە.
مێرکیوشیۆ: نەخێر، نە هێندەی بیرێک قووڵە و نەهێندەی دەروازەی کلێسا فرەوانە، بەڵام بەسمە، بەشی مردنم دەکات. سبەی لێم بپرسەوە، بەسەنگینی لەناو گۆڕ دەمبینیەوە. من دڵنیات دەکەمەوە، کە من بەگوێرەی ئەو دنیایە تەواو بووم و برامەوە. دەک ماڵی هەردوو لاتان وێران بێت! بە زامی مەسیح! سەگێک، جورجێک، مشکێک، پشیلەیەک جینجرۆکم لێ بدات و بمرم! فشەکەرێک، خوێڕییەک، نامەردێک کە لەسەر دەستووری کتێب لەگەڵم بجەنگێت! چ شەیتانێک وای لێکردیت بێیتەنێوانمان؟ من لەژێرباڵی تۆوە پێکرام.
رۆمیۆ: من بۆ چاکی بوو وام کرد!
مێرکیوشیۆ: بێنڤۆلیۆ، یارمەتیم بدە و ببە ماڵێکەوە



دەنا دەبوورێمەوە. دەک ماڵی هەردووکتان وێران بێت.
ئەوان منیان کردە خۆراکی کرمان. من برینی مەرگم
پێوەیە و قووڵیشە. دەک ماڵی هەردوولاتان خراپ بێت.
(بێنڤۆلیۆ یارمەتی بردنە دەرەوەی دەدات)
رۆمیۆ: ئەو جوامێرە، کە خزمێکی نزیکی میرە
برادەری ڕاستەقینەمە و لەسەر من
ئەو زامەی مەرگی لێ کرا، ئابڕووم
بەتیبالت لەکەدارکراوە - ئەو تیباڵتەی کە تەنها سەعاتێکە
بۆتە خزمم. ئەی جولێتی ناسک و نازدار
جوانی تۆیە منی مێ کردووە، هاوار هەیهاوار،
شمشێری ئازایەتی لە ناو کەسێتیم دا خاو بۆتەوە.
(بێنڤۆلیۆ دێتەوە)
بێنڤۆلیۆ: ئۆه رۆمیۆ، رۆمیۆ، مێرکیوشیۆی ئازا مرد.
ئەو رۆحە مەردانەیەی هەڵکشاوەتە لای هەوران
کە زۆر زوو لێرەوە بێزاری خۆی لە زەوی دەربڕی.
رۆمیۆ: چارەنووسی ڕەشی ئیمرۆ بەرۆژانێکی دیکەی دادێ پێوەند دەبێت،
ئەمە خەمێک دەڕسکێنێت کاتێک یەکێکی دی دەبێ بەکۆتا بێت.
(تیبالت دێتەوە)
بێنڤۆلیۆ: ئەوەتە تیباڵتی تووڕە دیسان هاتەوە.
رۆمیۆ: دەژیت و بەسەرکەوتوویش! و مێرکیۆشیۆش کوژراوە!
با بەزەیی خزمانە بچێتەوە ئاسمان،
رقی چاوئاگرین با ئێستا ڕابەرم بێت!
هەنکە تیبالت (نامەرد)یەکەی خۆت وەرگرەوە
کە لەم دواییانە پێت گوتم، لەبەرئەوەی رۆحی مێرکیوشیۆ
تەنیا کەمێک لەسەر سەرمان دوور کەوتۆتەوە،
چاوەڕێی ئەوەیە کە رۆحی تۆ یاوەری بێت.
یان تۆ یان من، یان هەردووکمان دەبێ لەگەڵی بچین.
تیبالت: تۆ، ئەی منداڵی بەدبەخت، بۆ ئێرە لەگەڵی بوویت،

پێویستە لەگەڵی بچیتە ئەوێش.
ڕۆمیۆ: (شمشێر هەڵدەکێشێت): ئەوە بڕیارە دەدات.
(بەشەڕدێن و ڕۆمیۆ تیباڵت دەکوژێت)
بێنڤۆلیۆ: ڕۆمیۆ، بڕۆ، ڕاکە!
خەڵک دەستیان داوەتە چەک و تیباڵت کوژراوە.
بەواق وڕماوی مەوەستە: میر فەرمانی مەرگت بۆ دەدات
گەر بکەویتە دەستی. ئادەی، هەڵبێ، لێرە بڕۆ!
ڕۆمیۆ: ئۆه، من گەمەی دەست چارەنووسم.
بێنڤۆلیۆ: ئەوە بۆ ماویتەوە؟
(ڕۆمیۆ دەڕوات)
(ئەفسەرێک و هاووڵاتیان دێنە ناوەوە)
ئەفسەر: ئەوەی مێرکیوشیۆی کوشت بۆ کوێ هەڵات؟
تیباڵتی پیاوکوژ بەکام لا هەڵات؟
بێنڤۆلیۆ: ئەو تیباڵتە وا لێرە ڕاکشاوە.
ئەفسەر: هەڵسەوە، جەناب، لەگەڵم وەرە،
بەناوی میرەوە فەرمانت پێ دەکەم، گوێڕایەڵ بە-
(میر ئێسکالۆس، مۆنتاگیۆ، کاپۆلێت و ژنەکانەکانیان و خزمەتکارەکانیان دێنە ناوەوە)
میر: کوا لە کوێن هەڵگیرسێنەرە چەپەڵەکانی ئەم شەڕە؟
بێنڤۆلیۆ: ئەی میری پایە بەرز، من هەمووی ئاشکرا دەکەم
لەبارەی بەدبەختی ئەو جەنگە چارەنوسسازە بێ زیاد و کەم.
ئا لەوێ ڕاکشاوە ئەو پیاوەی ڕۆمیۆ گیانی دەرکرد
ئەو بوو مێرکیوشیۆی ئازای خزمی تۆی لەناوبرد.
خاتووکاپۆلێت: تیباڵت، ئەی ئامۆزام! ئەی کوڕی برام!
ئەی میر! ئەی ئامۆزام! ئەی مێردەکەم! ڕژاوە خوێنی خزمی هێژام.
میر، کە تۆ پیاوێکی ڕاستەقینە و چاکی
بۆ خوێنی ئێمە، بڕژێنە خوێنی مۆنتاگی.
ئەی ئامۆزا! ئەی ئامۆزا!



میر: بێنڤۆلیۆ، کێ ئەو شەڕە خوێناوییەی هەڵگیرساند؟
بێنڤۆلیۆ: تیباڵت، کە لێرە کوژراوەو ئەوەی کە دەستی ڕۆمیۆ خوێنی ڕژاند.
ڕۆمیۆ، بەچاکی لەگەڵی دوا و تکای لێی کرد
کە ئەو شەڕە بێ بایەخەو پێی ڕاگەیاند کە بەڕێزتان
چەند لەو کارانە قەڵس و بێزارن. ئەمەی هەموو
بەخۆشی و هێواشی و ڕوخسارێکی هێمن پێیگوت و چۆکی بۆ چەماند،
پێی نەکرا ئاشتی لەگەڵ ڕقی بەرزەفیتنەکراوی تیباڵت
کە لە ئاستی ئاشتی کەڕ بوو ببەستێت، کەچی بەپێچەوانەوە
ئەو بەشمشێری تیژو کونکەر ئاژاندیە سینگی مێرکیوشیۆی ئازا،
کە ئەویش وەک ئەوتوڕە بوو، بەسووکاتییەکی سەربەرزانەوە نوکبەنوک
وەشاندنی مەرگی پەرچ دەدایەوە، بەدەستێک مەرگی ساردی وەلادەناو
بەدەستەکەی دیش دەینارددەوە لای تیباڵت و بەکارامەیی دەیگەڕاندەوە.
ڕۆمیۆ، بەهاوار دەی قیژاند"بوەستن! برادەرینە لێک بینەوە! "
خێراتریش لە زمان، باسکە چوستەکانی لە نوکە مەرگینەکان دەکوتاو
خۆی هەڵدەکوتا نێوانیان؛ لەژێر باڵی ئەودا لێدانێکی کینەدارانەی
تیباڵت خێوایە ژیانی مێرکیشیۆی ئازا، پاشان تیباڵت هەڵات،
بەڵام زووبە زوو، بۆ ڕۆمیۆ گەڕایەوە
کە تەنیا ئەودەم بیری لەتۆڵەسەندنەوە کردبۆوە،
جا هەر بۆ ئەو مەبەستە هەردووکیان وەک بروسکە تاویان دا، تەنانەت بەر لەوەی
شمشێر دەرکێشم و لێکیان بکەمەوە تیباڵتی ئازا کوژرا، جا کە بەربۆوە ڕۆمیۆ
ئاوڕی دایەوەو هەڵ هات.
ئەوە ڕاستییەکەیە، دەنا با بینڤۆلیۆ گیانی لەدەست بدات.
خاتووکاپۆلیت: ئەو خزمی مۆنتاگۆیە
خۆشەویستی ئەوان نایەڵێت ڕاستی بڵێت، چی دەیڵێت درۆیە.
بیست کەسی ئەوان لەو شەڕە نەگریسەدا بەشدارییان کردووە،
بە هەر بیستیان تەنها یەک تاقە ژیانیان لەناو بردووە.
من داوای داد دەکەم ئەی میر کە دەبێ تۆ بیسەپێنیت لەوناوە
ڕۆمیۆ تیباڵتی کوشتوە، بۆیە ڕۆمیۆ مافی ژیانی نەماوە.

میر: ڕۆمیۆ ئەوی کوشت، ئەویش مێرکیوشیۆی لەناو بردووە
کێ نرخی خوێنی گرانبەهای ئەوی لەئەستۆ کەوتووە؟
مۆنتاگیۆ: میرم، ڕۆمیۆ نا، ئەو برادەری مێرکیوشیۆ بوو.
خراپەی ئەو تەنیا ئەوە بوو ئەوەی بەجێ گەیاند بوو–
کە دەبوایە ژیانی تیباڵت لەناو ببات.
میر: جا لەبەر ئەو خراپەیە،
فەرمانی شار بەدەرکردنی دەسبەجێمان بۆ ئەو دانایە.
منیش سەروکارێکم لەکاروباری ڕق و کینەتان دا هەیە
لەبەر شەڕی دڕندانەتان خوێنی خزمم داچۆڕایە.
بەڵام من تاوانەیەکی وا گرانتان پێ شۆڕ دەکەم
کە ئێوە هەردوولاتان پەژیوان دەبن لە زیانەکەم.
من خۆم لەئاست تکاو بیانووتان کەڕوکوند دەکەم؛
بەفرمێسک و بەپاڕانەوە خراپەکاریتان لە بیرناکەم.
بۆیە هیچ بەکارمەهێنن. دەبا ڕۆمیۆ لێرە بڕوا بەخێرایی
گەر دۆزرایەوە، ئەو دەمە لە ژیانی دەبێتە ساتی دوایی.
ئەو لاشەیە لێرە لاببەن و فەرمانمان با جێبەجێ بکرێت.
بەزەیی مرۆڤ دەکوژێت، ئەگەر لەپیاوکوژان ببوردرێت.
دەڕۆن



**دیمەنی دووەم**

ژووری جولێت. جولێت دێتە ناوەوە.
جولێت: ئادەی چوارپەلە بکەن ئەی ئەسپی پێ ئاگرین
بەرەو ئارامگەی (فۆیبەس)*! گالیسکەوانێکێ
وەک (فێیتۆن) بەرەو ڕۆژئاوا بەقامچی دەتان هاژوا،
جا دەستبەجێ شەوی هەوراوی دادەهێنێت.
شەوی ئەوینکاری، پەردەی نهێنی خۆت داکێشە
تاکو چاوی ڕاکردوو بچێتە خەوو ڕۆمیۆ
بەبێ قسە و بێ بینران خۆی باوێتە باوەشم.
دڵداران بۆ بەجێ گەیاندنی سرووتە ئەوینداراوییەکانیان
لە ڕێی توانا جوانەکانی خۆیان دەبینن؛
یان ئەگەر دڵداری کوێر بێت، زۆر چاک لە شەو دەوەشێتەوە.
وەرە ئەی شەوی بەڕەوشت، ئەی گەورە ژنی سەرتاپا
ڕەشپۆشی سەنگین، فێرم بکە چۆن گەمەیەکی براوە بدۆڕێنم،
کە لەپێناو جووتێک پاکیزەی بێ پەڵەوە کراوە،
خوێنی پیاونەدیتەم کە لەسەر کۆڵمەم فڕەفڕیەتێ،
بەپاڵتۆ ڕەشەکەت بشارەوە تاوەکو ئەوینی نەدیتکۆکەم وەرەی بێتە بەر،
ئەوسا بیربکەوە چۆن ئەوینی ڕاستەقینە بێ فیزی سادە دەنوێنێت.
وەرە، شەو؛ وەرە، ڕۆمیۆ؛ وەرە تۆی خۆر لە شەودا،
لەبەر ئەوەی تۆ لەسەر باڵی شەودا ڕادەکشێیت،
لەبەفری تازە باریووی سەرپشتی قەلەرەش سپیتریت.
وەرە، شەوی خۆش؛ وەرە، ئەوینەکەم، شەوی ئابرۆڕەش،
ڕۆمیۆی خۆمم بدەرێ و کاتێک دەمرێت
ئەو ببە و کەرت کەرتی بکەو بیکە ئەستێرەی گچکۆکە،
ئینجا ڕوخساری ئەو ئاسمان وا جوان دەکات
کە هەموو جیهان لەگەڵ شەودا دەکەوێتە دڵداری و

---

* فۆیبەس: خواوەندی خۆرە لەلای گریکییەکان.

هەرگیز خۆری تیشک زرقی ناپەرستێت.
ئۆهـ، من تەلارێکی ئەوینم کڕیووە،
بەڵام نەبۆتە هی خۆم؛ جا هەرچەندەش من فرۆشراوم
کەچی خۆشیم لێ نەبینراوە، ئەو ڕۆژە هێندە بێ تامە
هەر دەڵێیی شەوی پێش جەژنە
لەلای منداڵێکی بێ ئارام کە جل و بەرگی نوێیی هەیەو
لێیی ناگەڕێن لەبەریان بکات، ئۆهـ، ئەوە دایەنەکەمە دێت و
هەواڵی پێیە، جا هەر زمانێک کە بدوێت
تەنیا ناوی ڕۆمیۆ بێنێت، ئەوا ڕەوانبێژی ئاسمانی تیایە.
ئێستا، دادە، هەواڵی چیت پێیە؟ ئەوە چیت پێیە؟
گوریسن.
کە ڕۆمیۆ داوای لێ کردیت بیانهێنێت؟
دایەن: بەڵێ، بەڵێ، گوریسن.
جولێت: ئەیهاوار، هەواڵ چییە؟ بۆ دەستەکانت وا دەگوشیت؟
دایەن: ئەیهاوار! ئەو مردووە، مردووە، مردووە!
فەوتاین، خانم، فەوتاین.
وای لەو ڕۆژە، ئەو چوو، کوژرا، مرد!
جولێت: دەشێ ئاسمان بتوانێت هێندە قین لە دڵ بێت؟
ڕۆمیۆ: ڕۆمیۆ دەتوانێت،
گەرچی ئاسمان ناتوانێت. ئۆهـ، ڕۆمیۆ، ڕۆمیۆ!
کێ بیری لەوە دەکردەوە، ڕۆمیۆ!
جولێت: تۆ چ شەیتانێکیت تا وام ئازار بدەیت؟
دەبێ ئەو ئازارە لەناو دۆزەخی تاردا بنەڕێنرێت.
ئایا (ڕۆمیۆ) خۆی کوشتووە؟ تەنیا تۆ بڵێیی (ئا)،
جا ئەو تاقە بزوێنە (ئا) پڕ ژەهرترم دەکات
لە چاوی مەرگێنی ماری ئەژدەر.
من خۆم نابم، ئەگەر (ئا)یەکی وا هەبێت،
یان ئەگەر ئەو چاوانە داخرابن کەوات لێ دەکەن بڵێیی (ئا)



ئەگەر کوژراوە بڵێ (ئا)، گەر نەکوژراوە بڵێ (نا)
دەنگی کورت بڕیار دەدەن لە بوونی خۆشی یان خەمانا.
دایەن: من زامەکەم بینی، بەو چاوانەی خۆم بینیم -
گوێی شەیتانی کەڕ بێت! - لێرە لەسەر سینگی پیاوانەیدا؛
کەلاشێکی بەستەزمان، کەلاشێکی خوێناوی بەستەزمان؛
وەکو مشکی بێ ڕەنگ، ڕەنگ بزرکاو، سەرتاپا شلاڵی خوێن،
سەرتاپای تەڵخەخوێن، کەبینیم بوورامەوە.
جولێت: ئای دڵ، شەق بەرە! ئەی هەژاری هیچ نەماو، یەکسەر شەق ببە!
چاوان، بچنە زیندانەوە و هەرگیز بەئازادی مەبینن!
ئەی خۆڵی چەپەڵ، ملکەچی خاک ببەوەو لێرەدا لە جووڵە بکەوە،
تۆ و ڕۆمیۆ لەیەک دارەبازەی قورس دا پێکەوە بەرێ دەخرێن!
دایەن: ئۆ تیباڵت، تیباڵت، ئەی چاکترین هاوڕێ کە هەمبوو!
ئۆ تیباڵتی ڕەفتار جوان، ئەی جوامێری بەڕومەت
بریا نەژیابام مەرگت ببینم؟
جولێت: ئەوە چ ڕەشەبایەکە کەوا لە دژی من هەڵدەکات؟
ئایا ڕۆمیۆ کوژراوە و تیباڵت مردووە؟
هێژاترین ئامۆزام و ئازیزترین سەروەرم؟
کەواتە، ئەی کەڕەنای ترسناک، کۆتایی دنیا ڕابگەیەنە،
چونکە ئەگەر ئەو دووە نەمان کێی دی بژیت؟
دایەن: تیباڵت چوو و ڕۆمیۆ شاربەدەرکراوە؛
ڕۆمیۆ کە ئەوی کوشت، لە شار دەرکراوە.
جولێت: ئۆی خودایە! ئایا خوێنی تیباڵت بەدەستی (ڕۆمیۆ) ڕژاوە؟
دایەن: وای کرد، وای کرد! مخابن، وای کرد!
جولێت: ئای دڵی مارین کە بەڕوخسارێکی گوڵین شاردراوەتەوە!
ئەرێ هەرگیز ئەژدەها لە ئەشکەوتی وا جوان دا ژیاوە؟
ستەمکاری جوان، دڕنجی فریشتاوی،
قەلەڕەشی پەڕکۆترین، بەرخی گورگینی برسی،
ئەی نژاد چەپەڵی پیرۆزترین ڕوخسار،

بەتەواوی پێچەوانەی ئەوەی کە پێی دەچێت،
کەشیشی نەفرەت لێکراو، نامەردی بەڕۆمەت!
ئەی سروشت، تۆ چ کارت بەدۆزەخ هەیە
کاتێک گیانێکی شەیتانانەت لەناو
لەشێکی بەهەشتی وا خوێن شیرین دا حەشارداوە؟
ئەرێ هەرگیز کیتابێکی وا هەبووە بابەتی وا چەپەڵی تێدا بووبێت و
وا بەجوانی بەرگ کرابێت؟ ئۆه چۆن تەڵەکە و فێڵی وا
لەناو کۆشکی وا نازداردا دەژیت!

دایەن: پیاو هیچ جێی بڕوا،
متمانە و ڕۆمەتداری نین، هەموو سوێند بەدرۆ دەخۆن،
هەموویان ناپاک و خراپەکار و هەڵخەڵەتێنەرن.
ئاه، خزمەتکارەکەم لە کوێیە؟ کەمێک ئاوی ژیانم* بدەرێ.
ئەو خەمانە، ئەو خەفەتانە، ئەو پەژارانە پیرم دەکەن.
ڕۆمیۆ یاخوا خوا شەرمەزارت بکات!

جولێت: یا خوا زمانت مووی لێ بێت
لەبەر ئەو جۆرە تووک و نزایە! ئەو بۆ شەرمەزاری نەبووە.
لەسەر نێوچەوانی ئەو شەرمەزاری لە ڕووی نایە بنیشێت،
چونکە ئەوێ تەختێکە ڕەنگە لەوێ ڕۆمەت تاجی بنرێتە سەر و
ببێتە تاقە شاهی سەرانسەری زەوی.
ئۆه من چەند دڕندەبووم کەوا سەرزەنشیتم کرد!

دایەن: ئەوە بەباشی باسی ئەو کەسە دەکەیت کە تیباڵتی ئامۆزاتی کوشتووە؟

جولێت: ئەدی بەخراپە باسی ئەو بکەم کە مێردمە؟
ئاه، ئەی سەروەری بەسەزمان، چ زمانێک ناوت شیرین دەکاتەوە،
کاتێک من، ژنی سێ سەعات لەمەوبەرت، زڕاندوومە؟
بەڵام، هەی نامەرد، بۆچی ئامۆزاکەمت کوشت؟
چونکە ئەو ئامۆزایە نامەردەم مێردەکەمی دەکوشت.

---
* مەبەستی لەخواردنەوەیەکی بەهێزە.



فرمێسکی گەوج، بۆ سەرچاوەی ڕاستەقینەتان بگەڕێنەوە؛
جۆباری ئەو دڵۆپانە بۆ خەم و خەفەتانن،
تۆ بەهەڵە لە خۆشیدا پێشکەشیان دەکەیت.
مێردەکەم دەژیت کە تیباڵت دەیەویست بیکوژێت،
جا تیباڵت مردووە کە دەیەویست مێردم بکوژێت،
ئەوە هەمووی دڵنەواییە. جا بگریم لەبەر چی؟
هەندێ قسە هەبوون خراپتر لە مردنی تیباڵت
منیان کوشت، پێم خۆشە لە بیرم بچی،
بەڵام ئۆه، بیرم وەکو گوناهکردنی نەفرەتی
ناو مێشکی گوناهکاران دەپەستێت:
(تیباڵت مردووە و ڕۆمیۆ شاربەدەرکراوە.)
ئەو (شاربەدەرە)، ئەو تاقە وشە (شاربەدەرە)
لە کوشتنی دە هەزاری وەک تیباڵت خەفەتناکترە، مەرگی تیباڵت
خەمێک بوو بەس ئەگەر لێرە کۆتایی پێ هاتبا؛
یان ئەگەر خەمی تاڵ پێی خۆش بێت هاوڕێی لەگەڵدابێت
و بەناچاری لەگەڵ خەمی دیکە ڕیز بکرێت،
بۆ کاتێک دایەن گوتی (تیباڵت مردووە) ئەوەی بەدوا دانەهات
کە (باوکت) یان (دایکت) یان نەخێر هەردووکیان مردوون
چونکە ئەوە خەمێکی ئاسایی دەهێنایە بوون؟
بەڵام لە پاشکۆی مەرگی تیباڵت دا،
(ڕۆمیۆ شاربەدەرکراوە!) دێت؛ بەگوتنی ئەو قسەیە
واتە باوک، دایک، تیباڵت، ڕۆمیۆ، جولێت و
هەر هەموویان مردوون، کوژراون، (ڕۆمیۆ شاربەدەر کراوە.)
هیچ کۆتایی، سنوور، پێوانە و، سەر سەدەیەک بۆ ئەو مەرگە نییە.
کەلە وشەوە دەرسکێت.هیچ وشەیەک توانای دەربڕینی ئەو خەمی نییە.
کوا باوک و دایکم، دادە؟

دایەن: بەسەر لاشەی تیباڵتەوە دەگرین و دەنووزێنەوە،
دەتەوێت بچیتە لایان؟ من دەتگەیەنمە ئەوێ.

جولێت: برینەکانی بەفرمێسک دەشۆن؟ هی من ئەوکاتە دەبارێت
بۆ شاربەدەری ڕۆمیۆ کاتێک هی ئەوان چک دەبێت.
ئەو گوریسانە سەرخە، گوریسی بەسەزمان ئێوە فریوتان خوارد،
هەردوو لامان، ئێوە و من بەتاراندنی ڕۆمیۆ بووین هەناسەسارد.
ئەو ئێوەی هۆنیەوە تا بەو ڕێگا بەرزەدا بگاتە سەرنوێنی من،
بەڵام من بە کیژی، هێشتا نەبووبمە مێرددار دەبمە بێوەژن.
وەرە، گوریس، وەرە دایەن، من بۆ سەر نوێنی زەماوەند دەتانبەم،
مەرگ، نەک ڕۆمیۆ، کیژێتی من دەپژێنێت، تەنیا ئەم.
دایەن: بەپەلە برۆ ژوورەکەت، من ڕۆمیۆ دەدۆزمەوە.
تا دڵت بداتەوە؛ من چاک دەزانم ئەو لە کوێیە.
گوێ بگرە، ڕۆمیۆکەت بە شەو دێتە ئێرە:
من دەچمە لای؛ ئەو لە کونجەکەی لۆرەنس خۆی پەناداوە.
جولێت: خۆزیا بیدۆزیتەوە! ئەو ئەنگوستیلە بە سوارچاکی ڕاستەقینەم بسپێرە،
داواشی لێ بکە با بۆ دوا ماڵئاوایی بێتە ئەو ناوە.
(دەڕوات).



### دیمەنی سێیەم

## کونجی کەشیش لۆرەنس

کەشیش لۆرەنس دێتە ناوەوە
کەشیش لۆرەنس: وەرە پێش ڕۆمیۆ، دەی وەرە ئەی پیاوی ترساو
بەدبەختی حەزی لە ئاکارە چاکەکانت کردووە و
تۆ لە کارەسات مارەکراویت.
(ڕۆمیۆ لە ژوورێکی ناوەوە دێتە پێشەوە)
ڕۆمیۆ: باوکە، چباسە؟ میر چی فەرمانداوە؟
چ خەمێک تامەزرۆی ئەوەیە بمناسێت
کەمن هێشتا نایناسم؟
کەشیش لۆرەنس: کوڕە هێژاکەم،
تۆ یەگجار متووی ئەو برادەرە تاڵانەیت*.
من فرمانی کۆتایی میرت بۆ دەهێنم.
ڕۆمیۆ: دەبێ فەرمانی کۆتایی میر چی لە ڕۆژی کۆتایی کەمتر بێت؟
کەشیش لۆرەنس: فەرمانێکی نەرمتر لە لێوەکانی تەرین:
نەک مەرگی لەش: بەڵکو تاراندنی لەش.
ڕۆمیۆ: شاربەدەرکردن، ها؟ بەزەییت هەبێ و بڵێ (مەرگ)
چونکە ڕوو و ڕوخساری تاراوگە لە مەرگ
ترسناکترە؛ مەڵێ (شاربەدەر کردن).
کەشیش لۆرەنس: تۆ لە (ڤیرۆنا) شاربەدەر کراویت.
ئارامت هەبێت، چونکە دونیا پانوبەرینە.
ڕۆمیۆ: هیچ دنیایەک لەو دیووی دیواری (ڤیرۆنا)وە نییە،
جگە لە پاکژگا و ئازار و دۆزەخ.
(شاربەدەرکران) لێرە واتە لە دنیا شار بەدەرکرا بێت و
تاراندنیش لە دنیا مەرگ و مردنە، کەواتە (شاربەدەری)

* مەبەستی لەو خەم و خەفەتانەیە کە بەردەوام لەگەڵێدایە.

مەرگە و بەهەڵە وا ناولێنراوە، بەمەرگ بڵێی (شاربەدەری)،
تۆ بەتەورێکی زێڕین سەرم دەبڕیت و
بەو لێدانەی دەمکوژیت بزە دەتگرێت.
کەشیش لۆرەنس: ئای لەو گوناهە فەوتێنەرە! ئای سپڵەی چەپەڵ!
تاوانی تۆ بەپێی یاساکەمان مەرگە، بەڵام میری میهرەبان،
لای تۆی گرت و یاسای وەلانا و
وشەی (مەرگی) بە(شاربەدەری) گۆڕییەوە.
ئەمە بەزەیییەکی مەزنە و تۆش چاوت نابینێت.
ڕۆمیۆ: ئەوە ئازاردانە نەک بەزەیی، بەهەشت لەوجێیەیە
کە جولێتی لێ دەژیت و هەر پشیلە و سەگێک و
مشکێکی بچووک و هەر شتێکی دی هیچ و پووچ،
کە لەو بەهەشتەدا دەژیت دەتوانێت تەماشای بکات،
بەڵام ڕۆمیۆ نەتوانێت، ئەو مێشەی ناو کەلاکان
لە ڕۆمیۆ بەنرخترە و لە ڕەوشێکی بەرۆمەتتردایە و
لەو پایە بەرزترە: لەوانەیە ئەوان
گەزە لە پەرجووی سپی دەستی جولێتی هێژا بگرن و
پیرۆزیی نەمر لە لێوەکانی بدزن،
یان هێشتا لەبەر بێ فیزی پاک و بێ گەردیان
سوور هەڵگەڕێن و ماچەکانیان بەگوناه بزانن،
کەچی ڕۆمیۆ نەتوانێت: ئەو شاربەدەر کراوە.
مێش دەتوانن وا بکەن، کەچی من دەبی لێی هەڵبێم،
ئەوان ئازادن و من شاربەدەر کراوم
کەچی هێشتاش دەڵێی تاراوگە مەرگ نییە؟
تۆ ژەهرێکی تێکەڵاو، چەقۆیەکی تیژ کراوە،
ڕێگایەکی مەرگت نییە کە هێندەی ئەو
(شاربەدەر)ەت چەپەڵ بێت پێی بکوژێت؟ (شاربەدەری)!
ئەی کەشیش! نەفرەت لێکراوانی ناو دۆزەخ ئەو وشەیە دبێژن؛
هاوار و ڕۆرۆشی بەدواوەیە. چۆن تۆ دڵت دێت،



کە قەشەیت و دان بۆ پیانراوێکی پیرۆز و
گوناهـ لابەر و بەبرادەرم داندراویت
بە وشەیەی (شاربەدەر)ی دام بڕژێنیت؟
کەشیش لۆرەنس: هەی شێتی گەوج، گوێ بگرە با کەمێ بدوێم.
ڕۆمیۆ: ئۆهـ، دیسان باسی (شاربەدەری) دەکەیتەوە.
کەشیش لۆرەنس: من ڕێت دەدەمێ خۆت لەو وشەیە پێ بپارێزێت:
فەلسەفەی شیری شیرینی تەنگانەت دەدەمێ
بۆ دڵنەواییت گەرچی شاربەدەریش کرابیت.
ڕۆمیۆ: هەر (شاربەدەری)؟ فەلسەفە هەڵواسە!
مەگەر فەلسەفە بتوانێت جولێتێک دروست بکات،
یان شاری (ڤیرۆنا) لەڕەگەوە هەڵکەنێت، فەرمانی میر پووچ بکاتەوە،
چارم ناکات، بێ سوودە، چیتر مەڵێ.
کەشیش لۆرەنس: ئۆهـ، کەواتە دەبینم، مرۆڤی شێت بێ گوێن.
ڕۆمیۆ: چۆن هەیانبێت کاتێک مرۆڤی ژیر بێ چاون؟
کەشیش لۆرەنس: ڕێم بدە با لە بارەی ڕەوشی خۆت لەگەڵت بدوێم.
ڕۆمیۆ: تۆ ناتوانیت لێی بدوێیت، چونکە هەستی پێ ناکەیت،
هاتبا وەکو من گەنج بایت و جولێتیش دەزگیرانت بایە،
سەعاتێک بێ ژنت هێنابێت و تیبالت کوژرا بێت،
وەک من عاشق بایت و بەچەشنی من شاربەدەرکراو،
ئەوسا مافی خۆت بوو بدوێیت و قژت بڕنیتەوە،
لەسەر زەوی درێژ ببیت وەک من ئێستا دەیکەم،
تا بزانیت گۆڕی هەڵنەکەنراوت چەند درێژە.
(ڕۆمیۆ خۆی بە زەوی دادەدات. لە دەرگا دەدرێت)
کەشیش لۆرەنس: هەڵسەوە، یەکێک لە دەرگا دەدات، خۆت بشارەوە، ڕۆمیۆی چاک.
ڕۆمیۆ: پێم ناکرێت، مەگەر ئاهـ و ناڵەی دڵی دەردەدارم
وەکو تەمومژ لە خۆوە لوولم بدات و لە چاوی گەڕۆک بمشارێتەوە.
(پتر لە دەرگا دەدرێت).
کەشیش لۆرەنس: گوێ بگرە، چۆن لە دەرگا دەدەن! ـ کێیە؟ـ ڕۆمیۆ، هەڵسەوە؛

دەتگرن. ـ(بانگ دەکات) کەمێک بوەستن!ـ
(بۆ ڕۆمیۆ) ڕاست بەرەوە!
راکە بۆ ژووری خوێندنەوەم.ـ (بانگ دەکات) وا هاتم!ـ
(بۆ ڕۆمیۆ) کاری خودایە، ئەوە چ گەوجییەکە؟ (بانگ دەکات)
واهاتم، واهاتم!
(تووندتر لێدەدرێت)
کێیە وا تووند لە دەرگا دەدات؟ لەلای کێ هاتوویت؟ چیت دەوێت؟
دایەن (لە دەرەوە ڕا): لێمگەڕی بێمە ناوەوە ئینجا لە ڕاسپاردەم دەگەیت
من لەلایەن خاتوو جولێتەوە هاتووم.
کەشیش لۆرەنس (دەرگا دەکاتەوە): کەواتە بەخێر بێیت.
دایەن (دێتە ژوور): ئەی کەشیشی پیرۆز، پێم بڵێ، ئەی کەشیشی پیرۆز،
خودانی خاتوونەکەم کوانێ؟ ڕۆمیۆ کوانێ؟
کەشیش لۆرەنس: ئەوەتا لەوێیە لەسەر زەوی کەوتووە و بەفرمێسکی خۆی مەستە.
دایەن: ئۆهـ، ئەویش لە هەمان باری خاتوونەکەم دایە،
ڕێک لە ڕەوشی ئەودایە، ئۆهـ، ئەی سۆزی خەم!
ئەی دەردەسەری بەزەیی هێن! تەنانەت جولێتیش کەوتووە،
هەنسک دەدات و دەگریت و هەنسک دەدات.
(بۆ ڕۆمیۆ) هەڵسەوە، هەڵسەوە، هەڵسەوە و ببە پیاو!
بۆ خاتری جولێت، بۆ خاتری ئەو هەڵسەوە سەرپێیان.
بۆچی وا نقوومی خەمێکی هێندە قووڵت؟
ڕۆمیۆ (هەڵدەستێتەوە): دادە!
دایەن: ئاهـ، گەورەم! ئاهـ، گەورەم!، مردن ڕێی هەمووانە.
ڕۆمیۆ: ئەرێ باسی جولێتت کرد؟ پێم بڵێ چۆنە چۆن؟
دەبێ بەپیرە پیاوکوژم تێ نەگات،
هەر کە کۆرپەی خۆشییەکانیم بەخوێنی خۆی
یان خزمێکی نزیک بەخۆی لێ لەکەدار کرد؟
ئەو لە کوێیە؟ ئەرێ چی دەکات؟ ئەو خانمە
بەدزیەم لە بارەی ئەوینی سڕاوەمان چی دەڵێت؟
دایەن: ئۆهـ، گەورەم، ئەو هیچ ناڵێت و تەنیا دەگریت و دەگریت،



جار وایە بەر دەبێتەوە سەر جێگاو ئینجا ڕادەچەنێت،
جاریش وایە بانگی تیباڵت دەکات و پاشتر هاواری ڕۆمیۆ دەکات،
دواتر دیسان بەردەبێتەوە.
ڕۆمیۆ: دەڵێی ئەو ناوەی من
لە سێرەی فەوتێنەری تفەنگێکەوە تەقێنراوە و
ئەوی پێ کوژراوە؛ چونکە دەستی نەفرەتی ئەو ناوە
خزمەکەی ئەوی کوشت. ئۆهـ، پێم بڵێ، کەشیش، پێم بڵێ،
ناوی من لە چ پارچەیەکی چەپەڵی
ئەو لاشەیەم دا جێگیرە؟ پێم بڵێ تاکو ئەو
باڵەخانە کینەدارە تالان و بڕۆ بکەم.
(خەنجەرەکەی هەڵدەکێشێت خۆی پێ بکوژێت، بەڵام
دایەنەکە لە دەستی ڕادەپسکێنێت).
کەشیش لۆرەنس: دەستی نائومێدیت ڕاگرە!
ئەتۆش پیاوی؟ شێوەت هاوار دەکات کە وایت:
کەچی فرمێسکەکانت ژنانەن، کردارە دڕندەکانت
ڕقی ناژیرانەی دڕندەیەک پیشان دەدەن.
ژنێکی نالەبار لە پیاوێکی لەباردا،
هەروا دڕندەیەکی دێوئاسا لە ڕوخساری هەردووکیاندا!
تۆ سەرت لە من تێکداوە! بەرێبازی پیرۆزم*
من وای بۆ دەچووم کە خێماکت چاکتر بێت.
تۆ تیباڵتت کوشت؟ دەتەوێ خۆشت بکوژیت؟
بە کردنی ئەو کارە کە ڕقی چەپەڵ لە دژی خۆت پێت دەکات
دەتەوێت خاتوونەکەت کە لە ژیاندایە بکوژیت؟
تۆ بۆچی دادەبەزیتە سەر بوونی خۆت و ئاسمان و زەوی،
لەوەختێکدا کە بوونت و ئاسمان و زەوی، هەرسێکیان پێکڕا
لە تۆدا یەک دەگرنەوە، کە تۆ دەتەوێ دەستبەجێ بیان دۆڕێنێت؟
شەرم بکە، شەرم! تۆ شەرم لەسەر و سەکوت و ئەوین و زیرەکیت

* مەبەست لە ڕێبازی تیرەی ئایینی فرانسیسکانییە.

بکەوە کە هەردەڵێی سووخۆرێکە کە هەمووشتی لە خۆ زیاتری هەیە،
بەڵام هیچیان بەڕاستی بەکارناهێنیت
تا ڕوخسار و ئەوین و زیرەکیت پێیان برازێتەوە.
روخساری بەگزادانەت وێنەیەکە لە مۆم،
بەڵام لە ئازایەتی پیاوان لای داوە؛
ئەوینی هێژات کە سوێندت بۆ خواردووە درۆیەکی بۆشە،
ئەو ئەوینە دەکوژێت کە تۆ پەیمانی پەروەردەکردنیت داوە؛
زیرەکیت، کەخشڵی ڕوخسار و ئەوینتە،
هەر دووکیان بەخراپی ئاراستە دەکات،
وەکو بارووتە و لەناو کیتەڵەی سەربازێکی نەشارەزا دایە و
لەبەر نەزانی خۆی بەخۆیدا دەتەقێتەوە و
تۆش بەو شتەی دەتپارێزێت کەل و کرۆم دەکرێیت.
چیتە، هەی پیاو، قیت بەوە! جولێتەکەت دەژیت.
کە لەبەر خاتری ئەوینی هێژای ئەو بەو دواییانە دەمردیت؛
ئەوە مایەی خۆشییە. تیباڵت دەیویست بتکوژێت،
بەڵام تۆ تیباڵتت کوشت؛ ئەمەش هەر مایەی خۆشیتە.
ئەو یاسایەی کە گەفی مەرگی لێ دەکردیت دەبێتە برادەرت،
ئەوەت بۆ دەگۆڕێت بۆ شاربەدەری؛ ئەمەش هەرمایەی خۆشیتە.
کۆڵێک خێر و فەڕ بەسەرتا دەبریسکێتەوە،
خۆشیی لە باشترین بەرگدا حەزت لێ دەکات،
بەڵام وەک کیژێکی بەدخووی ڕووگرژ
تۆ لە بەختی خۆت و ئەوینت مووڕ دەبیتەوە.
وریا بە، وریا، ئەوانەی وان بەکلۆڵی دەمرن،
برۆ، بگە دولبەرەکەت وەک بڕیارمان دابوو،
بەسەرکەوە بۆ ژوورەکەی؛ لەوێ دڵی بدەوە،
بەڵام ئاگادار بەو مەمێنەوە تا ئەو دەمەی پاسەوان دادەنرێت،
چونکە ئەوسا ناتوانیت بچیتە(مانتوا)،
کە دەبێ لەوێدا بژیت تاوەکو ئێمە کارێکی لەبار دەبینینەوە
بۆ ئاشکراکردنی ژن هێنانت، بەبرادەرانت شاد دەکەینەوە و



داوای لێبوردن لە میر دەکەین و بانگت دەکەین بێیتەوە
بیست سەد هەزار جار* خۆشتر
لەوێ کە تۆ بەخەمناکی چوویتە ئەوێ.
دادە، تۆ لە پێشتر برۆ. سڵاوم بەخانمەکەت بگەیەنە،
پێی بڵێ با پەلە بکات لەوەی هەموو ئەندامانی ماڵ بباتە ناونوێن،
کە خەمی قورس وایان لێ دەکات بۆی ئامادەبن.
ڕۆمیۆش دێت.
دایەن: ئای خودایە، خۆزگە بمتوانیبا بەدرێژایی شەو لێرە بمابامەوە و
گوێم لە ئامۆژگاری چاکت بگرتایە، ئۆهـ، زانین چ شتێکە!
گەورەم، من بەخانمەکەم دەڵێم تۆ دێیت.
ڕۆمیۆ: وابکە و بەشیرینەکەم بڵێ با خۆی بۆ سەرزەنشتیم ئامادە بکات.
دایەن: ها گەورەم ئەم ئەنگوستیلەیە بگرە کە خانمەکەم پێی گوتم بتدەمێ،
گەورەم، دەی پەلە بکە چونکە وا درەنگ دادێت.
ڕۆمیۆ: چۆن بەم ئەنگوستیلەیە فەرامۆشیم هاتۆتەوە.
کەشیش لۆرەنس: ئادەی برۆ؛ شەوت شاد.
(دایەنەکە دەڕوات).
جا چارەنووسی تۆ بەتەواوی ئاوایە؛
یان بەرلەوەی پاسەوان دابنرێت برۆ،
یان ئەگەر ڕۆژت بەسەرداهات خۆت بگۆڕەو لێرە برۆ.
تا ماوەیەک لە (مانتوا) بمێنەوە. من نۆکەرەکەت دەبینمەوە،
ناوە ناوە هەر هەواڵێکی خۆش
لێرە ڕووبدات بەودا بۆتی ڕەوانە دەکەم.
دەستتم بدەرێ، درەنگە خواحافیز، شەوت شاد.
ڕۆمیۆ: هاتبا خۆشییەکی گەورەتر لە خۆشی خۆی بانگی نەکردبام،
خەمم دەخوارد وابەزوویی لەلای تۆ دابڕابووام.
خواحافیز.

دەڕوات

* لەسەردەمی شکسپیردا بەم جۆرە ژماردن دەکرا.

## دیمەنی چوارەم

## مالّی کاپۆلێت

کاپۆلێت و خاتوو کاپۆلێت و پاریس دێنە ژوور.
کاپۆلێت: گەورەم شتەکان وا بەخەفەتناکی ڕوویان داوە
که کاتی ئەوەمان نەبوو لەو بارەوە لەگەلّ کیژەکەمان بدوێین.
تۆ دەزانیت کە ئەو تیبالّتی خزمی خۆی زۆر خۆشدەویست و
منیش هەروا. کەچی، هەموو کەس دەبێت بمرێت،
کات زۆر درەنگە؛ ئەمشەو ئەو نایەتە خوارەوە،
من دلّنیات دەکەمەوە و لەبەر چاوی تۆ نەبوایە،
سەعاتێک لەمەوبەر لەناو جێدا بووم.
پاریس: ئەو کاتانەی دلّتەنگی کاتی دلّداری نییە،
شەوت شاد، خانمەکەم. سلاّویشم بەکیژەکەت بگەیەنە.
خاتووکاپۆلێت: وا دەکەم، سبەینی زوو بیروڕای دەزانم؛
ئەمشەو ئەو بەبن باری خەماندا کەوتووە.
(کاپۆلێت بانگی پاریس دەکاتەوە کە دەڕوات)
کاپۆلێت: گەورەم، پاریس! من پێشکێشییەکی بوێرانە
لە بارەی خۆشەویستی جگەرگۆشەکەمەوە دەکەم، بڕواشم وایە ئەو
لە هەموو ڕوویێکەوە گوێڕایەلّیم دەکات. نەخێر، پتریش بێ گومانم.
ژنێ، بەر لەوەی بچیت بخەویت بڕۆ بۆ لای؛
لە بارەی خۆشەویستی پاریسی کوڕمەوە قسەی بۆ بکە و
داوای لێ بکە، باش ئاگاداربە ـ چوارشەممەی دادێ–
بەلاّم هێواش، ئەمڕۆ چ ڕۆژە؟
پاریس: گەورەم دووشەممەیە.
کاپۆلێت: دووشەممە، ئەها؛ باشە، چوارشەم زۆر زووە؛
با پێنچشەممە بێت، پێی بلّی، ڕۆژی پێنچشەممە
ئەو لەو میرە جوامێرە مارەی دەبڕێت.
ئەرێ تۆ ئامادە دەبیت؟ ئەرێ حەزت لەو پەلەپەلیەیە؟



ئێمە نایکەینە هەلاّیەکی گەورە؛ برادەرێک یان دووان بەسە،
چونکە گوێ بگرە، لە مێژ نییە تیبالّت کوژراوە،
لەبەر ئەوەی خزممانە، ئەگەر ئاهەنگێکی گەورە بکەین،
ڕەنگە خەلّکی بلّێن ئێمە گوێمان بەئەو نەچووە،
بۆیە لە دوای چەند برادەرێک دەگێڕینەوە و بەس،
لەوەش پتر ناکەین، (بۆ پاریس) تۆ پێنچشەممەت پێ چۆنە؟
پاریس: گەورەم، خۆزگە سبەی پێنچشەممە بوایە.
کاپۆلێت: باشە، جا تۆ فەرموو بڕۆ! کەواتە با پێنچشەممە بێت.
(بۆ ژنەکەی) بڕۆ لای جولێت پێش ئەوەی بچیتە ناو نوین؛
ژنێ، بۆ ئەو ڕۆژەی زەماوەند ئامادەیی بکە.
خواحافیز، گەورەم. (بۆ خزمەتکارەکەی) هۆی، ژوورەکەم ڕۆشن بکەوە!
بەو خودایەی، زۆر درەنگە و هەر دەمێکی دێ
دەتوانین بلّێین بەرە بەیانە. شەوت شاد.
دەڕوات

## ديمەنی پێنجەم

## ژووری خەوتنی جولێت

ڕۆمیۆ و جولێت لەبەر پەنجەرە دەوەستن.

جولێت: دەتەوێت بڕۆیت؟ هێشتا ڕۆژ نزیک نەبۆتەوە.
ئەوە بولبول بوو نەک کلاوکوڕە
کە کونی گوێی پڕ ترستی سمی.
ئەو هەموو شەوێ لەسەر ئەو دار هەنارەی وێندەرێ دەچریکێنێت.
گیانەکەم، باوەڕ بکە، ئەوە بولبول بوو.

ڕۆمیۆ: کلاوکوڕەبوو کە مزگێنی دەری بەیانییە،
نەک بولبول. بڕوانە، گیانەکەم، ئەو تیریژە حەسوودانە
چۆن ئەو هەورە لێک دابڕاوانەی ئەوێندەرێی ڕۆژهەڵاتی ڕازاندۆتەوە.
مۆمەکانی شەو کوژاونەتەوە و ڕۆژی کەیف خۆشیش
لەسەر نووکی پێی بەسەر دوندی ئەوچیا سەربەتەمانەوە وەستاوە.
من دەبێ بڕۆم و بژیم، یان بمێنمەوە و بمرم.

جولێت: ئەو ڕووناکییەی وێندەرێ، من دەزانم من، ڕووناکی ڕۆژ نییە.
ئەوە ئەستێرەیەکی کلکدارە کە لە هەناسەدانەوەی خۆر کەوتۆتەوە
تاکو ببێتە ڕێ ڕۆشنکەرەوەت و
تا دەگەیتە (مانتوا) ڕێت بۆ ڕووناک بکاتەوە.
جا بۆیە هێشتا بمێنەوە و پێویست ناکا بڕۆیت.

ڕۆمیۆ: با بگیرێم، با بکوژرێم،
من ڕازیم ئەگەر تۆ مەیلت لەوە بێت.
منیش دەڵێم، ئەو بۆراییە چاوی خۆر نییە.
بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕەنگ زەردی ڕوخساری (سینثیا)*یە؛
هەروا ئەو ئاوازانەی کە لە گومەزی ئاسمانی سەرسەرمان
دەزرنگێنەوە هی کلاوکوڕە نەبوو.

* سینثیا خواوەندی مانگە.



من پێم خۆشترە بمێنمەوە نەک بچم.
وەرە، مەرگ، بەخێر بێیت! جولێت مەیلی لەوەیە.
ڕۆحەکەم، ئەوەت پێ چۆنە؟ با قسان بکەین؛ ئەوە ڕۆژ نییە.

جولێت: هەوە، هەوە! ئادەی پەلە بکە، بڕۆ، دەی!
ئەوە کلاوکوڕەیە وا بەناسازی دەچریکێنێت،
ئاوازەکانی وا بەناڕێکی و قیژەی ناساز دەردێنێت.
هەن دەڵێن کلاوکوڕە نیشانەی لێک دابڕانی خۆشییە.
ئەمە وا نییە چونکە لێکدیمان دەکات.
هەن دەڵێن کلاوکوڕە و بۆقی بێزەوەر چاویان گۆڕیوەتەوە؛
من دەڵێم خۆزیا دەنگیشیان بگۆڕیبوایەوە.
چونکە ئەو دەنگەیە ئێمە لە باوەشی یەکدیدا ڕادەچڵەکێنێت،
ڕاوی تۆ دەنێت بەگۆرانی (ڕاو تەواو و خۆر هەڵات.)
دەی بڕۆ وا دنیا بەرەبەرە ڕۆشنتر دەبێتەوە.

ڕۆمیۆ: ڕۆشنتر و ڕۆشنتر دەبێتەوە، بەڵام خەمەکانمان تادێ تارتر دەبنەوە.
(دایەنەکە بەپەلە دێتە ژوور)

دایەن: خانمەکەم!

جولێت: دایەنەکەم؟

دایەن: خاتوونی دایکت وا دێتە ژوورت.
ڕۆژ هەڵاتووە؛ وریا و ئاگادر بە.
(دایەنەکە دەڕوات)

جولێت: کەواتە ئەی پەنجەرە، با ڕۆژ بێتە ناوەوە و ژیان لێی بچێتە دەرەوە.

ڕۆمیۆ: خودا حافیز، ماڵئاوا. ماچێکم بدەرێ و دەچمە خوارەوە.
(بەپەیژەکە دادەبەزێتە خوارەوە)

جولێت: ئەرێ ئاوا ڕۆیشتیت، یار و سەروەر و مێرد و برادەرم؟
پێویستە هەموو ڕۆژێک سەعات بەسەعات هەواڵت ببیستم،
چونکە خولەکێک لەلام بەقەد چەند ڕۆژە.
ئۆهـ، بەو جۆرە ژماردنە ئەوەندە پیر دەبم
پێش ئەوەی جارێکی دی چاوم بە ڕۆمیۆم بکەوێتەوە.

رۆمیۆ (لە باخچەکەی خوارەوە): خواحافیز، گیانەکەم، هیچ هەلێک لە دەست نادەم
کە بتوانم سڵاوت بۆ بنێرم.
جولێت: ئۆهە، باوەڕ دەکەیت جارێکی دی یەکتر ببینینەوە؟
رۆمیۆ: من گومانم نییە، جا ئەو هەموو خەمانە
لە داهاتوودا دەبنە بابەتی قسەی خۆشمان.
جولێت: ئۆی خودایە، من ڕۆحێکی بەدبینم هەیە!
ئێستا لەو خوارەدا بەم جۆرە وات دەبینم
هەر دەڵێی یەکێکی مردوویت لە بنی گۆڕێکەوەیت؛
یان چاوم ڕەشکەوپێشکە دەکات، یان تۆ ڕەنگ زەرد دیاریت.
رۆمیۆ: دولبەرەکەم، باوەڕ بکە، تۆش لەبەر چاوم هەروایت وا؛
خەمی وشک خوێنمان دەخواتەوە، دەسا خوات لەگەڵ و ماڵئاوا.
(رۆمیۆ دەڕوات).
جولێت: ئەی چارەنووس، هەموو کەس بەخۆگۆڕت دەزانن؛
ئەگەر خۆگۆڕیت، تۆ چی لەگەڵ کەسێک دەکەیت
کە بەدڵسۆزی و نەگۆڕی ناسراوە؟ خۆگۆڕ بە، ئەی چارەنووس
چونکە ئەوسا من ئومێد دەکەم کە ئەو زۆر ڕانەگریت
بەڵکو زوو بۆمی بنێریتەوە.
خاتووکاپۆلێت: (لە دەرەوەی ژووری جولێتەوە): هۆو، کیژەکەم، بەئاگایت؟
جولێت: کێیە؟ ئەوە خانمی دایکمە.
ئەرێ تا ئەو درەنگە نەخەوتووە یان وا زوو خەبەری بۆتەوە؟
چ هۆیەکی نائاسایی دەیهێنێتە ئێرە؟
(خاتوو کاپۆلێت دێتە ژوور)
خاتووکاپۆلێت: ئەوە چیتە، جولێت؟
جولێت: ناساغم، خانمەکەم.
خاتووکاپۆلێت: هێشتا، هەر بۆ مەرگی ئامۆزاکەت دەگریت؟
چییە، دەتەوێت بەفرمێسک لە گۆڕ بیهێنیتەدەر؟
ئەگەر ئەوەشت پێ بکرێت، پێت ناکرێت بیژیێنیتەوە؛
جا بیبڕەوە: کەمێک خەم خۆشەویستی دەردەخات،



بەڵام خەمی زۆر مێشک کەمی پیشان دەدات.
جولێت: هێشتاش لێم گەڕێ با بۆ ئەو زیانەی هەستی پێ دەکەم بگریم.
خاتووکاپۆلێت: جا بەمە تۆ هەست بەزیانەکە دەکەیت، نەک
ئەو برادەری کە بۆی دەگریت.
جولێت: بەجۆرێکی وا هەست بەزیانەکەم دەکەم.
بەدەستە خۆم نییە و دەبێ هەمیشە بۆ ئەو هاوڕێیە بگریم.
خاتووکاپۆلێت: باشە، کیژێ، تۆ هێندە بۆ مردنەکەی ناگریت
بەقەد ئەوەی چونکە ئەو نامەردی ئەوی کوشتووە دەژییێت.
جولێت: خانمەکەم، کام نامەرد؟
خاتووکاپۆلێت: ئەو ڕۆمیۆیە نامەردە.
جولێت (لەولاوە): نامەردی و ئەو چەندین میل لەیەکەوە دوورن.-
(بۆ دایکی) خوا لێی ببورێت؛ من پڕ بەدڵ لێم بووردووە؛
کەچی کەس وەک ئەو دڵمی پڕخەم نەکردووە.
خاتووکاپۆلێت: لەبەر ئەوەیە، پیاوکوژە ناپاکە کە دەژیت.
جولێت: بەڵێ، خانمەکەم، چونکە دوورە و دەستم پێی ناگات.
خۆزیا بێجگە لە خۆم کەس تۆڵەی کوشتنی ئامۆزاکەمی نەکردباوە!
خاتووکاپۆلێت: مەترسە، ئێمە تۆڵەی دەکەینەوە
جا چیتر مەگری، من کەسێک دەنێرمە (مانتوا)،
کە ئەو سلۆرتە هیچ و پووچە شاربەدەری لێ دەژیت،
خواردنەوەیەکی سەیری وای پێ بدات
یەکسەر بچێتە پاڵ (تیبالت)؛
جا هیوادارم دڵت ئاو بخواتەوە.
جولێت: ئەوەی ڕاستی بێت، من هەرگیز لەوەی ڕۆمیۆی
دڵم ئاو نەخواتەوە تا نەیبینم؛ مردووە
دڵی بەسەزمانم، بەو ڕادەیەی بۆ خزمێک خەم زەدەکراوە.
خانم، ئەگەر کەسێکت دۆزییەوە
ئەو ژەهرە ببات؛ من بەجۆرێکی وا
تێکی دەدەم هەر کە ڕۆمیۆ خواردییەوە

دەستبەجێ بەئاسوودەیی بخەوێت، ئۆهـ، دڵم چەند ڕقی لەوەیە.
گوێم لە ناوی ببێت بێ ئەوەی پێی بگەم و
ئەو خۆشەویستییەی بۆ ئامۆزاکەم هەمە
لەسەر لاشەی ئەوەی ئەوی کوشتووە هەڵیڕێژم.
خاتووکاپۆلێت: تۆ ڕێگاکان بدۆزەوە، من پیاوێکی وا دەدۆزمەوە.
بەڵام کیژێ من هەواڵی خۆشم بۆتۆ پێیە.
جولێت: جا خۆشی ڕێک لە وەختی پێویست دێت.
تکایە خانمەکەم، ئەو هەواڵانە چین؟
خاتووکاپۆلێت: چاکە، چاک، کچم، تۆ دەزانیت، باوکێکی خەم خۆرت هەیە؛
کەسێک کە دەیەوێت لە خەم دەربازت بکات
ڕۆژێکی وا لە ناکاوی بۆ خۆشەویستیت هەڵبژاردووە
کە نە تۆ بیرت لێی کردۆتەوە و نەمنیش چاوەڕوانی بووم.
جولێت: خانمەکەم، وای لەو خۆشیە! ئەمرۆ چ ڕۆژێکە؟
خاتووکاپۆلێت: ڕۆڵەکەم، بەمەریەمە، پێنجشەممەی داهاتوو- بەیانی زوو.
ئەو جوامێرە، بەگزادەیە گەنجە مەردە،
کۆنت پاریس، لە کلێسای (سێنت پیتەر)دا،
بەشادییەوە تۆ لەوێ دەکاتە بووکێکی بەختەوەر.
جولێت: دە ئێستا، سوێند بە(کلێسای سێنت پیتەر) و (سێنت پیتەر)،
ئەو من لەوێ ناکاتە بووکێکی بەختەوەر.
من سەرم لەو پەلەپەلیە سوڕماوە، بۆچ دەبێ من مێرد بکەم.
پێش ئەوەی ئەو کەسەی دەبێتە مێردم بێتە داواکردنم بەخۆی.
تکات لێ دەکەم، خانمەکەم، بەسەروەر و باوکم ڕابگەیەنە
کە جارێ مێردناکەم؛ جا سوێند دەخۆم، ئەگەر بیکەم
بە ڕۆمیۆی دەکەم کە ئێوە دەزانن من ڕقم لێیەتی
نەک بەپاریس. ئەوانە بەڕاستی هەواڵن!
خاتووکاپۆلێت: ئەوە باوکت هات؛ بەخۆت پێی ڕابگەیەنە،
بزانە ئەو چۆن لێتی وەردەگرێت.
(کاپۆلێت و دایەن دێنە ژوور)



کاپۆلێت: کاتێ خۆر ئاوا دەبێت؛ زەمین خوناو دەپرژێنێت؛
بەڵام بۆ ئاوا بوونی برازاکەم،
رەهێڵە دەبارێنێت.
چییە ئەی کیژی ئاوپرژێن؟ چیتە، هێشتا فرمێسک دەڕێژیت؟
هەتا هەتایی شەستەباران دەبارێنیت؟ بەو لەشە بچووکەت
تۆ لە کەشتی و دەریا و ڕەشەبا دەچیت،
چونکە چاوەکانت کە من بە دەریا ناویان دەبەم
هێشتا بەفرمێسکان لە خیزاو و نیشتاو دان؛ لەشت کەشتییە،
لەناو ئەو لافاوە سوێرەدا کەوتۆتە ڕێ؛ ڕەشەباش ئاهەکانتە،
کە بەفرمێسکت دەورووژێن و فرمێسکیشت بەمانە،
گەر دەستبەجێ هێور نەبیتەوە،
لەشی ڕەشەبا تێ هەڵداوت نغرۆ دەکات! ژنێ، چییە؟
ئەری بڕیاری ئێمەت پێی ڕاگەیاند؟
خاتووکاپۆلێت: بەڵێ، گەورەم، بەڵام ڕازی نییە، سوپاست دەکات.
خۆزگە ئەو گەوجە لە گۆڕەکەی مارە بکرا بوایە.
کاپۆلێت: هێواش کە، تێم بگەیەنە، ژنێ، تێم بگەیەنە.
چۆنە ڕازی نییە؟ ئایا سوپاسمان ناکات؟
ئەرێ شانازی بەوە ناکات؟ ئایا خۆی بەخاوەن بەخت نازانێت؟
هەرچەندە شایەنیش نییە، کە ئێمە جوامێرێکی وا پایە بەرزمان
هێناوەتە ڕایێ کە پێی ڕازی بێت و بە بووک پەسندی بکات؟
جولێت: شانازی پێوە ناکەم، بەڵام بۆ ئەو کارەتان سوپاسمەندم
هەرگیز ناتوانم شانازی بە شتێکەوە بکەم کە ڕقم لێی بێت،
بەڵام تەنانەت بۆ ئەو ڕقەی نیازی ئەوینی لە پشتەوەیە سوپاسمەندم.
کاپۆلێت: چۆن، چۆن! چۆن، چۆن، هەی دایکی قسان! ئەوە چییە؟
(شانازی) و (سوپاست دەکەم) و (سوپاست ناکەم)،
کەچی «شانازی پێوە ناکەیت»، هەی کیژی بەدرەفتار؟
سوپاسی سوپاسەکانم مەکە، شانازی مەکە بەشانازییەکانم،
بەڵام جومگە ناسکەکانت بۆ پێنجشەممەی داهاتوو ئامادە بکە،

تا لەگەڵ (پاریس) بچیتە کلێسای (سێنت پیتەر)،
دەنا لەسەر دارەبازە بۆ ئەوێ ڕاتدەکێشم.
بۆ دەرەوە، ئەی کەلاشی کەسکی نەخۆش! بۆ دەرەوە، کەچە پەڕۆ!
هەی دەموچاو بەزو دونگانی.
خاتوو کاپۆلێت: (بۆ مێردەکەی) شەرم بکە، شەرم.– ئەوە چیتە، شێتی؟
جولێت: ئەی باوکی چاکم، من لەسەر چۆکان لێت دەپاڕێمەوە،
بەشێنەیی تەنیا گوێ لە یەک قسەم بگرە.
کاپۆلێت: تۆ شایەنی هەڵواسینیت، هەی کەچە پەڕۆی تازەکار!– – ئەی کیژی یاخی!
من پێت دەڵێم: یان ڕۆژی پێنجشەممە دەچیتە کلێسا
یان لەمەو پاش تەماشای ڕووم نەکەیت.
قسە مەکە، وەڵام مەدەوە، وەڵامم مەدەوە.
سەرپەنجەم دەخورێن. ژنێ، وامان دەزانی خودا
بەکەمی ئێمەی بەسەر کردۆتەوە کە تاقە منداڵێکی پێداوین،
کەچی وا ئێستا دەبینم ئەو یەکەش زۆرە،
ئێمە بەبوونی ئەو نەفرەتمان لێ کراوە.
لێرە برۆ، هەی هیچ و پووچ! –
دایەن: خودای ئاسمان پیرۆزی بکات!
– گەورەم خەتا لە تۆیە، نابێ وا سەرکۆنەی بکەیت.
کاپۆلێت: جا بۆ، ئەی خانمی ژیرایەتی؟ زمانت بگرە،
چ لێزانێکی چاکە. برۆ هەی زۆر بلێ خەریکی قسە و قسەلۆکەکان بە.
دایەن: من قسەی خراپم نەکردووە.
کاپۆلێت: ئۆهـ، «شەوت شاد» و برۆ! –
دایەن: ئەرێ کەس نابێت قسەیەک بکات؟
کاپۆلێت: بەسە، ئەی گەوجی زۆر بلێ!
قسە سەنگینەکانت بەدەم جامی مەیەوە هەڵڕێژە،
چونکە لێرە پێویستمان پێیان نییە.
خاتوو کاپۆلێت: تۆ یەگجار تووڕەیت!
کاپۆلێت: سوێندم بە نانی خودایی! ئەوە شێتم دەکات.



بەڕۆژ، بەشەو، هەموو سەعاتێک، نیوەڕۆو هەموو کاتێک، لە ئیش و یاریدا،
بەتەنیا بووبم یان لەگەڵ برادەران، هەمیشە خەمم ئەوە بووە
کە مێرد بکات؛ ئێستاش کە جوامێرێکی خانەدان
بۆی پەیدابووە، ڕەچەڵەک چاک و گەنجە و بە خانەدانی پەروەردە کراوە،
وەک دەڵێن، بەئاکاری ڕێک و جوان ئاخنراوە،
بەتەواوی لە هەموو ڕوویەکەوە کاملە کە مرۆڤ ئاواتی بۆ دەخوازێت،
جا تۆش گەوجێکی گرینۆکی بەدبەختت هەبێت،
بوکۆکەیەکی بەنوزە نوزت بۆ ئەو پێشکێشەی چارەنووس هەبێت،
وا وەڵامت بداتەوە، «من شووناکەم، من ناتوانم خۆشم بوێت،
من یەگجار گەنجم، تکا دەکەم ببووریت»!
بەڵام ئەوجا مێرد ناکەیت من لێت دەبوورم:
لە کوێ حەزت لێیە بلەوەڕێ، تۆ لەو ماڵە لەگەڵ من ناژیت،
بڕوانە و بیری لێ بکەوە، من بەگاڵتەم نییە.
پێنجشەممە نزیکە و بەقووڵی بیری لێ بکەوە و لێی وردبەرەوە.
ئەگەر دەتەوێت کیژی من بیت، من دەتدەم بەو برادەرەم:
ئەگەر نەشتەوێت، بگەڕێ و دەرۆزە بکە و برسی بەو لەسەر شەقامەکان بمرە،
چونکە بەرۆحی خۆم، من دانت پێدا نانێم،
لە میرات بێ بەشت دەکەم .
بڕوا بکە، بیر بکەرەوە، من سوێند بەدرۆ ناخۆم.
(کاپۆلێت دەڕوات).
جولێت: ئایا لە ئاسمان*دا هیچ بەزەییەک نەماوە
لە قووڵایی خەمەکانم بڕوانێت؟
ئەی دایکی شیرینم، فڕێم مەدە!
ئەو مێردکرنە بۆ مانگێک، هەفتەیەک وەپاش بخە؛
یان ئەگەر واناکەن، نوێنی بووکێنیم بکەنە
ئەو گڵکۆیە تارەی کە لەوێدا (تیباڵت) ڕاکشاوە.

* لە دەقەکەدا نووسراوە (لەسەر هەوران).

خاتوو کاپۆلێت: قسەی لەگەڵ من مەکە، چونکە من هیچ ناڵێم.
چۆنی پێت خۆشە وا بکە، چونکە من دەستم لێت شۆریوە.
(خاتوو کاپۆلێت دەڕوات)
جولێت: ئەی خودایە! ئەرێ دایەنەکەم چۆن ڕێ لەوە بگرم؟
مێردم لەسەر زەوییە و پەیمانەکەم لە ئاسمانە؛
چۆن ئەو پەیمانەم بێنمەوە سەر زەوی؛
مەگەر ئەو مێردەم بچێت لە ئاسمان بۆم بنێرێتەوە
بەوەی زەوی بەجێ بهێڵێت؟ دڵم بدەرەوە، ئامۆژگاریم بکە.
مخابن کە ئاسمان ئەو فڕوفێل و گۆبەندانە
لەگەڵ بەندەیەکی ناسکی وەک من دەکات!
تۆ چی دەڵێیت؟ ئەرێ تۆ قسەیەکی خۆشت پێ نییە؟
جۆرە دڵنەواییەک ئەی دایەنەکەم.
دایەن: لە ڕاستیدا ئەوەیە: ڕۆمیۆ
شاربەدەر کراوە؛ من لەسەر هەموو دنیا گرەو دەکەم و تۆش لەسەر هیچ
کە ئەو هەرگیز ناوێرێت بێتەوە داوات بکاتەوە؛
یان ئەگەر بشکات؛ دەبێ بەدزی بیکات.
جا چونکە ڕەوشەکە وەکو ئەوەی ئێستا وایە،
من وا بیردەکەمەوە چاکترین شت ئەوەیە مێرد بە کۆنت پاریس بکەیت.
ئۆه، چ جوامێرێکی قۆزە!
ڕۆمیۆ لە چاو ئەو پەڕۆی سەر خوانە. خانمەکەم
خەرتەل چاوی وا سەوز و گەش و جوانیی
وەک هی پاریسی نییە. نەفرەت لەو دڵەم
ئەگەر تۆ لە دووەم زەماوەندا دا بەختەوەر نەبیت،
چونکە لە یەکەمیان چاکترە، یان ئەگەر واش نەبێت،
یەکەمیان لە ڕیزی مردووانە، جا گەر وەک ئەویش چاک بێت،
لەسەر زەوی دەژی و هیچ سوودێکی نابێت.
جولێت: تۆ ئەو قسانەت لە دڵەوەیە؟
دایەن: لە ڕۆحیشمەوەیە، ئەگەرنا با هەردووکیان بەنەفرەت بن.



جولێت: ئامین!
دایەن: چی؟
جولێت: چاکە، تۆ زۆر بەجوانی دڵنەواییت کردم.
برۆ ژوورو بەخانمی دایکم بڵێ من وا دەچم
بۆ کونجی کەشیش لۆرەنس بۆ دانپیانان و
لە گوناه بوردن، چونکە دڵی باوکمم تەنگ کردووە.
دایەن: بەمەربەم، وا دەچم؛ ئەمەت لە ژیربە.
(دایەنەکە دەڕوات)
جولێت: ئەی پیرە شەیتان! ئەی دڕنجی خراپەکار!
کامیان گوناهترە کە ئاواتت ئەوەیە من سوێندی پەیمان بشکێنم
یان سەروەرەکەم دابشۆریت بەهەمان ئەو زمانەی
کە بەخۆی هەزاران جار وا بێ هاوتا
پێ دا هەڵگوتووە؟ برۆ، ئەی ئامۆژگاریکەر،
لەمەودوا تۆ و ڕازی سینەم لێک جودا دەبن.
من دەچمە لای کەشیش، تا چارەسەری ئەو بزانم،
ئەگەر هیچ سەری نەگرت، خۆ هێزی مەرگ پێ دەزانم.
(جولێت دەڕوات)

## پەردەی چوارەم

### دیمەنی یەکەم

### کونجی کەشیش لۆرەنس

(کەشیش لۆرەنس و پاریس دێنە ژوور)

کەشیش لۆرەنس: پێنجشەممە، گەورەم؟ کاتەکە زۆر زووە.
پاریس: کاپۆلێتی باوکم وای دەوێت،
منیش خاونیم تا خێراییەکەی خاو بکەمەوە.
کەشیش لۆرەنس: تۆ دەڵێیت کە ڕای خانمەکە نازانیت؟
ئەو کارە نارێکە و من حەزی لێ ناکەم.
پاریس: ئەو لە ڕادەبەدەر بۆ مەرگی (تیبالت) دەگریت،
بۆیەش من کەم باسی خۆشەویستیم لە گەڵدا کردووە،
چونکە (ڤینۆس) لە ماڵی بەفرمێسک دا بزەی نایەتێ.
گەورەم، ئێستا باوکی وا دادەنێت جێگای مەترسییە
کە خەم هێندە دەستی لێ بسێنێت،
جا لە ژیرێتییەتی کە پەلە لە زەماوەندمان دەکات،
تاکو لافاوی فرمێسکی بەگوڕی بوەستێنێت،
چونکە گەر بەتەنیا بێت مەیلی دەکەوێتە سەر گریان،
ئەگەر لە گەڵ کەسێک بێت ڕەنگە واز لەوەی بهێنێت.
ئێستا زانیت هۆی ئەو پەلە کردنەی چییە؟
کەشیش لۆرەنس: (لەلاوە) خۆزگە نەمزانییبا بۆچ دەبێ خاو بکرابوایەوە.-
گەورەم، بڕوانە، وا خانمەکە بەرەو کونجەکەم دێت.
(جولێت دێتە ناوەوە)
پاریس: چ ڕێکەوتێکی خۆشە، خانمەکەم و ژنەکەم!
جولێت: گەورەم، لەوانەیە ئەوە وابێت کاتێک دەبمە ژنت.
پاریس: گیانەکەم، پێنجشەممەی داهاتوو ئەو «لەوانە»یە دەبێ ببێت.
جولێت: ئەوەی دەبێت ببێت هەردەبێت.



کەشیش لۆرەنس: ئەمە ڕاستە.
پاریس: هاتوویتە لای باوکە قەشە تا دانپیانان بەئەنجام بگەیەنیت؟
جولێت: وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە واتە دانپیانانە بۆ تۆ.
پاریس: لەلای ئەو نکوڵی لەوە مەکە کە منت خۆش دەوێت.
جولێت: من لەلای تۆ دان بەوەدا دەنێم کە ئەوم خۆش دەوێت.
پاریس: من دڵنیامە کە تۆ دان بەوەدا دەنێیت کە منت خۆش دەوێت.
جولێت: ئەگەر وابکەم ئەوا زۆر بەبەهاتر دەبێت،
لە پشتەوە بیڵێم نەک بەڕووتا دابدرێت.
پاریس: ئەی ڕۆحی بەستەزمان، ڕوخسارت زۆر بەفرمێسک تێکدراوە.
جولێت: فرمێسکەکان بەو کارەیان سەرکەوتنێکی گچکەیان بەدەست هێناوە،
چونکە پێش تێکدانەکەشیان بەتەواوی تێکچوو بوو.
پاریس: تۆ بەو قسانەت لە فرمێسک خراپترت پێ کردن.
جولێت: ئەوە ناوزڕاندن نییە، گەورەم، بەڵکو ڕاستییە،
ئەوەی گوتیشم، من لە ڕووی خۆمەوە گوتوومە.
پاریس: ڕوخساری تۆ هی منە و تۆش ناوت زڕاندووە.
جولێت: ڕەنگە وا بێت، چونکە ئەوە هی خۆم نییە.-
ئەرێ باوکی پیرۆز ئێستا تۆ ئیشت نییە-
یان کاتی ئاهەنگی پیرۆزی ئێوارە بێمەوە؟
کەشیش لۆرەنس: ئێستا کاتی بێ ئیشیمە، ئەی کیژی خەمبار،
گەورەم، دەبێ ئێمە ئەوکاتە بەتەنیا بمێنینەوە.
پاریس: خوا نەکات من پەرستنکاری تێک بشێوێنم.
جولێت پێنجشەممێ زوو واگات دێنمەوە؛
تا ئەو کاتی، ماڵئاوا و ئەو ماچە پیرۆزەشت لا بمێنێتەوە.
(ماچی دەکات و دەڕوات).
جولێت: ئۆه دەرگاکە دابخە و کە داتخست
وەرە لەگەڵم بگری، نائومێد و بێ چارەو بێ یارمەتیدەرم.
کەشیش لۆرەنس: ئۆه جولێت، من خەمی تۆ باش دەزانم؛
مێشکم وا تێک دەدات کە لە سنوور چۆتە دەر.

بیستوومە دەبێت پێنجشەممەی داهاتوو
مێرد بەو کۆنتە بکەیت و بەهیچ جۆرێکیش ئەوە دوا ناخرێت.
جولێت: ئەی کەشیش پێم مەڵێ ئەوەت گوێ لێ بووە،
ئەگەر پێم ناڵێیت چۆن بتوانم نەیەڵم ئەوە ڕووبدات.
ئەگەر تۆ بەو ژیرییەوە نەتوانیت هیچ یارمەتییەکم بدەیت،
دەبێ تۆ بڕیارەکەم بەژیرانە دابنێیت و
بەم چەقۆیە دەستەبەجێ بەفریای دەگەم.
خودا دڵی من و ڕۆمیۆی پێکەوە نوساند، تۆش دەستەکانمان؛
جا پێش ئەوەی ئەو دەستە، کە تۆ بۆ ڕۆمیۆت مۆر لێ دا،
جارێکی دی پەیمانێکی دی مۆر بکات،
یان دڵی دڵسۆزم بەناپاکی هەڵگەڕێتەوە و
ڕوو لە یەکێکی تر بکەم، بەمە هەردووکیان دەکوژم.
بۆیە لە ئەزموونی ئەو ماوە دوور و درێژەی خۆتەوە؛
هەندێک ئامۆژگاریم بدەرێ؛ دەنا ئاگادار بە،
لە کێشەی نێوان چەرمەسەرییەکانم و منەوە، ئەم چەقۆیە خوێناویە
ڕۆڵێ دادوەرێک دەبینێت بۆ براندنەوەی ئەو کێشەیەی
کە دەسەڵاتی تەمەن و هونەرەکەت
ناتوانێت سەرەنجامێکی ڕێمەتداری بۆ بدۆزێتەوە.
دوا مەکەوە لە قسەکردن: من تامەزرۆمە بۆ مردن
ئەگەر ئەوەی تۆ لێی دەدوێیت چارەیەکی تێدا نەبێ بۆ من.
کەشیش لۆرەنس: کیژم، بوەستە، من تاڵە ئومێدێک شک دەبەم،
کە جێبەجێ کردنی پێویستی بەگیانبازی هەیە
وەک چۆن ئەوەی دەمانەوێت ڕێشی لێ بگرین هەر گیانبازییە.
ئەگەر تۆ هێزی ئەڤانیت هەبێت خۆت بکوژیت
نەک شوو بەکۆنت پاریس بکەیت،
جا لە گوینە تۆ کارێک وەئەستۆ بگریت
کە وەک مردنە بۆ خۆ بەدوورگرتن لە ئابڕوو چوون،
لە کاتێکدا تۆ ئامادەیت ڕووبەڕووی مەرگ ببیتەوە بۆ خۆ لێ لادانی،



جا ئەگەر تۆ بوێریت، من چارەیەکت پێشکەش دەکەم.
جولێت: ئۆه، داوام لێ بکە لەسەر قەراخی هەر بورجێک
خۆم هەڵدەمە خوار نەک مێرد بەپاریس بکەم،
یان بەڕێگای پڕ جەردەدا بڕۆم، یان داوام لێ بکەیت
لەناو کونی ماردا ڕابکێشم؛ یان لەگەڵ ورچی مڕەمڕکەر بمبەستنەوە،
یان شەوانە لەناو مردووخانە بمشاریتەوە،
کە بەتەواوی بەئێسکی قرچە قرچکەری مردووان،
یان بەپەل و پۆی بۆنسارد و کەللەی زەردی بێ شەویلاگ داپپۆشرێم؛
یاخود داوام لێ بکەیت بچمە ناو گۆڕێکی تازە دروستکراوەوە،
لەگەڵ مردووان لە جانگەکەیدا بمشاریتەوە-
یان شتی وا بکەم، کە گوێ بیستیان دەبووم، لەرزیان لێ دێنام-
کەچی بەبێ ترس و دوودڵی دەیانکەم
تا ژنێکی پاک بمێنمەوە بۆ دڵدارە خۆشەویستەکەم.
کەشیش لۆرەنس: کەواتە، بوەستە. بڕۆ ماڵەوە، دڵخۆش بە، ڕازی بە
بەمێردکردن بەپاریس. سبەی چوارشەممەیە:
سبەی شەو ئاگادار بە و بەتەنیا درێژ بە؛
لێمەگەڕێ دایەنەکە لە ژووری لە گەڵت بمێنێتەوە.
ها ئەو شووشەیە وەرگرە، کاتێک دەچیتە ناو نوین،
ئەو شلە دڵۆپێنراوە هەڵقوڕێنە،
کە زوو بەزوو بەناو هەموو دەمارەکانتدا
ئەو گیراوە سارد و سڕەی پێدا دەچێت، جا هیچ پرتەیەک
جوولەی سروشتی خۆی پێ ناپارێزرێت، بەڵکو بەتەوای دەوەستێت،
هیچ گەرمی و هەناسەیەک گەواهی ئەوە نادات کە دەژێت؛
گوڵی لێوو ڕوومەتت دەژاکێن و
دەبنە مشکیی و خۆڵەمێشی سپی پات، پەنجەرەی چاوت دادەخرێن
وەکو مەرگ کە ڕۆژی ژیان دادەخات.
هەر ئەندامێک کە لە جوولە بێبەشکراوە،
ڕەق و وشک و سارد وەکو مردوو دەردەکەون،

جا لەو وێکچوونە خوازراوەیەی مەرگی ژاکاودا
بۆ ماوەی چل و دوو کاتژمێر دەمێنیتەوە،
پاشان وەک بڵێی لە خەوێکی خۆش دا بووبیت واگا دێیتەوە.
ئینجا کە زاوا لە بەیانی دا دەگاتە ئەوێ
تا لە ناو جێگا تۆ واگا بێنێت، دەبینی تۆ مردوویت.
ئەوسا وەک دابونەریتی وڵاتەکەمان وایە،
تۆ لە باشترین جلوبەرگ و لەسەر دارەبازەیەکی سەر دانەپۆشراودا،
هەڵدەگرن و بەرەو هەمان کۆنە گڵکۆت دەبەن
کە هەموو خزم و کەسوکاری کاپۆلێتی تێدا ڕاکشاوە.
لە هەمانکاتدا، بەرەبەری واگاهاتنەوەی تۆ،
ڕۆمیۆ بەنامەکانی من لە مەبەستمان دەگات،
جا ئەویش دێتە ئەوێ، ئەوسا من و ئەو
چاودێری واگا هاتنەوەت دەکەین. ئینجا هەر ئەم شەوە
ڕۆمیۆ تۆ هەڵدەگرێت و دەتباتە (مانتوا).
جا ئەوە لەو ئابڕووچوونەی ئێستا ڕزگارت دەکات،
ئەگەر هیچ بیری پووچ یان ترسی ژنانە
ئازایەتیت وەلا نەنێت لە جێبەجێ گەیاندنی ئەو کارانە.
جولێت: بمدەرێ، بمدەرێ! ئۆه باسی ترس بۆ من مەکە!
کەشیش لۆرەنس: ها بگرە، دەی بڕۆ، لەو بڕیارەدا بەهێز و سەرکەوتووبە
من بەپەلە کەشیشێک بۆ (مانتوا)
بەرێ دەکەم و نامەی بۆ هاوسەرەکەت پێدا دەنێرم.
جولێت: خۆشەویستی هێزم پێ دەبەخشی! هێزیش یارمەتیم پێشکەش دەکات.
خوا حافیز ئەی باوکی خۆشەویست.
دەڕوات



**دیمەنی دووەم**

**ماڵی کاپۆلێت (کاپۆلێت و خاتوو کاپۆلێت و دایەن و خزمەتکاران دێنە ژوور)**

کاپۆلێت: (کاغەزێک دەداتە نۆکەرێک) لەو میوانانەی لێرە
ناویان نووسراوە بگێڕەوە (نۆکەرەکە دەڕوات)
(بۆ نۆکەرێکی دی) کوڕە، بڕۆ بیست چێشت لێنەری شارەزام بۆ بەکرێ بگرە.
نۆکەر: گەورەم، هیچ چێشت لێنەری نەشارەزا ناهێنم، چونکە من
بەپەنجە لێستنەوەیان دەیزانم.
کاپۆلێت: چۆن دەتوانیت وا تاقییان بکەیتەوە؟
نۆکەر: بەمەریەم، گەورەم، ئەو چێشت لێنەرەی پەنجەی خۆی نەلێسێتەوە، چێشت لێنەرێکی خراپە، جا ئەوەی نەتوانێت پەنجەی خۆی بلێسێتەوە، لەگەڵە خۆمی ناهێنم.
کاپۆلێت: بڕۆ، دەی بڕۆ.
(نۆکەرەکە دەڕوات)
ئێمە تا ئەوکات باش بەخۆ نەکەوتووین.
ئەرێ کیژەکەم چۆتە لای کەشیش لۆرەنس؟
دایەن: بەڵێ، بەدڵنیاییەوە.
کاپۆلێت: چاکە، ڕەنگە ئەو هەندێک سوودی پێ بگەیەنێت.
وای چ کیژێکی جینگز و کەللەڕەقە.
(جولێت دێتە ژوور)
دایەن: بڕوانە دوای گەڕانەوە لە دانپیانان ڕەنگ و ڕووی چەند خۆشە.
کاپۆلێت: ئێستا چۆنیت، کەللە ڕەقەکەم؟ لە کوێ دەگەڕایت و دەسوڕایت؟
جولێت: لە شوێنی بووم کە فێربووم لە گوناهی
دژایەتی کردنی نا گوێڕایەڵانەی تۆ و فەرمانەکانت
پەشیمان ببمەوە، هەروا کەشیش لۆڕەنس فەرمانی پێ کردووم
کەوا لەبەردەمت ڕاکشێم و
داوای لێبووردنت لێ بکەم. (دەکەوێتە سەرچۆکان)، تکا دەکەم، بمبوورە.
لەمەودوا هەتا هەتایە بەرفەرمانت دەبم.

کاپۆلێت: بەدوای کۆنتدا* بنێرن؛ برۆن ئەوەی پێ بڵێن.
من سبەی بەیانی زەماوەندتان دەگێڕم.
جولێت: من سەروەری گەنجم لە کونجی لۆڕەنس دا بینی،
ئەوەی لە خۆشەویستی دەوەشایەوە پێم بەخشی
بەبێ ئەوەی سنووری ڕێز و حورمەتیش ببەزێنم.
کاپۆلێت: چاکە، من دڵم بەوە خۆشە، ئەوە خاسە. هەڵسەوە.
دەبوایە ئەوە وابووایە. دەمەوێ کۆنت ببینم:
ئادەی، بۆ خاتری مەریەم، دەڵێم برۆن بیهێننە ئێرە.
ئێستا، لەبەردەم خودادا، دەڵێم هەموو شارەکەمان زۆر قەرزباری،
ئەو کەشیشە پیرۆزە بەڕێزەیە–
جولێت: دادە، ئەرێ لەگەڵم نایەیتە ژوورەکەم
تا یارمەتیم بدەیت ئەو خشڵانە هەڵبژێرم
کە پێویستمە و تۆ پێت باشن سبەی خۆمیان پێ برازێنمەوە؟
خاتووکاپۆلێت: نەخێر، تا پێنجشەممە نا، تا هەنگی کاتی زۆرمان بەدەستەوەیە.
کاپۆلێت: برۆ، دادە، لە گەڵی برۆ. ئێمە هەر سبەی دەچینە کلێسا.
(جولێت و دایەن دەڕۆن)
خاتووکاپۆلێت: وا بێ کاتمان نابێ بۆ بەخۆ کەوتن:
ئێستا وا نزیکەی شەوە.
کاپۆلێت: قسەی فش، من بەچوستی کاردەکەم،
هەموو شتێک ڕێک دەبێت، دڵنیات دەکەمەوە، ژنێ.
تۆ برۆ لای جولێت یارمەتی بدە خۆی برازێنێتەوە.
من ئەمشەو ناچمە ناو نوێن. بەتەنیا جێم بهێڵە؛
من ئەم جارە دەبمە کابانی ماڵێ. (بانگی نۆکەرەکان دەکات) کێ لەوێیە!
هەموو ڕۆیشتوون. چاکە من بەخۆم
دەچمە لای کۆنت پاریس تا ئەو بۆ سبەی
ئامادە بکەم. دڵم زۆر سەیر و خۆش و بێ خەمە
چونکە ئەو کیژە ملهوڕە وا هێنراوەتە سەر ڕێ.
(کاپۆلێت و خاتوو کاپۆلێت دەڕۆن)

* واتە: (کۆنت پاریس)



## دیمەنی سێیەم

## ژووری خەوتنی جولێت

جولێت و دایەن دێنە ژوور.
جولێت: بەڵێ، ئەو جلوبەرگانە باشترینیانن، بەڵام دایەنی دڵنەرم.
تکام وایە ئەمشەو بەتەنیا بەجێم بهێڵێت،
چونکە پێویستم بەگەلێ نوێژ هەیە
تاوەکو ئاسمان بزوێنم و بۆ حاڵی پەرێشانم بێتە بزە،
کە تۆ چاک دەیزانیت بەرباد و پڕ گوناهە.
(خاتوو کاپۆلیت دێتە ژوور).
خاتووکاپۆلێت: چی، کارتان هەیە، هۆو؟ پێویستیتان بەیارمەتی من هەیە؟
جولێت: نەخێر، خانم؛ ئێمە ئەوەی پێویستمانە و
لە حاڵ و باری سبەینێمان دەوشێتەوە هەڵمان بژاردووە:
جا تکام وایە، ئێستا لێ گەڕێن بەتەنیابم،
با ئەمشەو دایەن لەگەڵ تۆ دابنیشێت،
چونکە دڵنیام کە تۆ زۆر سەر قاڵیت
بەو کاروبارانەی وابە کتوپڕی هاتوون.
خاتووکاپۆلێت: شەو شاد.
برۆ ناو نوێن و بحەسێوە، چونکە پێویستت پێیەتی.
(خاتوو کاپۆلێت و دایەن دەڕۆن).
جولێت: خواتان لەگەڵ.
– خوا دەزانێت کەی جارێکی دی یەکتری دەبینینەوە.
هەست بەترسێکی ساردی کز دەکەم لە ناو دەمارەکانم دەلەرزێتەوە،
کە وەختە گەرمی ژیان بتەزێنێت.
من بانگیان دەکەمەوە تا دڵم خۆش بکەنەوە.
(بانگ دەکات) دادە!– بێ لێرە چی بکات؟
دەبێ من دیمەنە زراوبەرەکەی خۆم بەتەنیا بنوێنم.
وەرە، ئەی شووشە.
چ دەبێت ئەگەر ئەو گیراوەیە هەرگیز کارنەکات؟

جا سبەی بەیانی بەمێرد دەدرێم؟
نەخێر، نا. ئەوە ناهێڵێت. (چەقۆکە دادەنێت) تۆ لێرە بە
چ دەبێت ئەگەر ئەوە ژەهرێک بێت و کەشیشەکە
بەفرو فێڵ ئامادەی کردبێت بۆ ئەوەی پێی بمرم،
نەوەکا لەو مێردکردنەدا ئابرووی ئەو بچێت
چونکە ئەوی پێشتر منی لە ڕۆمیۆ مارە کردووە؟
دەترسم وابێت، کەچی وابزانم واش نییە،
چونکە ئەو هەمیشە بەمرۆڤێکی پیرۆز دانراوە.
ئەدی چۆن دەبێت، ئەگەر کاتێک من لە ناو گۆڕدا درێژ کرابم،
پێش ئەوەی ڕۆمیۆ بێت بۆ قورتارکردنم
واگا بێمەوە؟ لەوەدا خاڵێکی مەترسیدار هەیە!
ئەدی دەبێ لە ناو ئەو گڵکۆیەدا نەخنکێم
کە هیچ هەوایەکی خۆش ناچێتە ناو زارکی بۆگەنیەوە،
جا لەوی دەخنکێم پێش ئەوەی ڕۆمیۆکەم بێت؟
یان ئەگەر بشژیم، ئەرێ ئەوە وەکو
بیری ترسناکی مەرگ و شەو نییە،
وێرای ترسی ئەو شوێنەش-
کاتێک لەو گڵکۆو گۆڕە کۆنەدا
کە لەوێ ئێسک و پروسکی باو باپیرانم
بۆ ماوەی چەند ساڵە لەوێ هەڵگیراوە؛
لەوێ تیبالّتی خوێناوی تازە لە زەویدا نێژراوە،
لە ناو جانگەکەی دا دەپووێت، لەوێ، - وەک دەگوترێ،
لە هەندی کاتژمێری شەودا ڕۆحەکانیان پەنا دەبەنە بەر-
ئەی هاوار و وەیهاوار! یان ڕەنگ نییە کە من،
کاتێک زوو واگا دێمەوە، بەو بۆنە بێزەوەرانە و
قیژەی وەکو هی گیای (ماندریک)* کە لەزەوی هەڵدەکەنرێت،

* جۆرە ڕووەکێکە دوو فلیقانەیە و گوایە شێوەکەی لە مرۆڤ دەچێت، خەڵکی باوەڕیان وابوو ئەو ڕووەکە دەقیژێنێت کاتێک لە زەوی هەڵدەکەنرێت، جا هەر کێ گوێی لەو قیژەیە بێت یان دەمرێت یان شێت دەبێت.



وا لە زیندووان دەکات بەبیستنی شێت بین-
یان ئەگەر من بگەڕێم، دەبێ شێت نەبم،
کە بەو ترسە دزێوانەوە چواردەورە دراوم،
شێتانە بەجومگەی باو باپیرانم گەمان بکەم و
تیبالّتی زامدارکراو لە جانگەکەی دەربکێشم،
جا لە گەرمەی ئەو شێتایەتیەم دا، بەئێسکی خزمێکی گەورەم
وەکو تۆبز کاپێلکی مێشکی نائومێدم بپرژێنم؟
ئۆه ،بڕوانە! وابزانم ئەوە تارمایی ئامۆزاکەمە دەیبینم،
بەدوای ڕۆمیۆدا دەگەڕێت کە لاشەکەی بەنووکی قلینجەکەی
کون کردووە. بوەستە، تیبالّت، مەڕۆ!
وادێم! ئەوەش بۆ تۆی هەڵدەقوڕێنم ڕۆمیۆ.
(دەکەوێتە سەر جێگاکەی).

## دیمەنی چوارەم

## هۆڵی ناو ماڵی کاپۆلێت

**«خاتوو کاپۆلێت و دایەن کە گزۆگیای لە دەستە دێنە ژوور.»**

خاتوو کاپۆلێت: دادە، ها ئەو کلیلانە بگرە و پتر بەهارات بێنە.

دایەن: لە ژووری کولیچەسازیدا داوای خورما و بەهێ دەکەن.

(کاپۆلێت دێتە ژوور)

کاپۆلێت: دەی بجولێن، بجولێن، بجولێن! وا کەڵەباب بۆ دووەم جار قووقاندی

زەنگی کلێساش کوتای، سەعات سێیە.

(ئەنگێلیکا)ی چاک، ئاگات لە گۆشتی برژاو بێت؛

گوێ بەنرخ و بەهای مەدە.

دایەن: برۆ، تۆ ئەی پیاوی ناو ژنان، برۆ.

برۆ بخەوە. بەڕاستی سبەی نەخۆش دەکەویت ئەتۆ

لەبەر نەنوستنی ئەمشەو.

کاپۆلێت: نەخێر، ئەوەندۆکەش نا. چی! من لەمەوبەر بەدرێژایی شەوشەوارەم گرتووە بۆ

مەبەستێکی بچووکتر و هەرگیز نەخۆشیش نەکەوتووم.

خاتوو کاپۆلێت: بەڵێ، وەختی خۆی تۆ ڕاوکەری خانمان بوویت،

بەڵام ئەمشەو شەونخونیت لێ دەگرم لەو جۆرە شەونخونیانەت.

(خاتوو کاپۆلێت و دایەن دەڕۆن).

کاپۆلێت: چ ژنێکی دڵپیسە، وای چ دڵپیسە!

(نۆکەرەکان بەشیش و کۆتەرەدار و بەرچنەوە دێنە ژوور)

ئێستا، هاوڕێیان، چیتان بەدەستەوەیە؟

نۆکەر: شمەکی چێشت لێنان، گەورەم، بەڵام من نازانم چیان لێ بکەم.

کاپولێیت: پەلە بکە، کوڕە، دەی پەلە بکە، داری وشکتر بێنە.

بانگی پیتەر بکە؛ ئەو پێت نیشان دەدات لە کوێیە.

نۆکەر: من خۆم سەرم هەیە، گەورەم کە کۆتەرەدارەکان بدۆزێتەوە،

هەرگیز بۆ ئەوە ئازاری پیتەر نادەم.

کاپۆلێت: بەئاهەنگی پیرۆز چاکت گوت، کوڕی قەحپەی بەزم خۆش، ها!



کەوابێ تۆ مێشک ئەستووری کۆتەرەدارینی. - بەباوەڕی چاکم، ئەمڕۆ ئەوڕۆژە!

هەر ئێستا کۆنت بەخۆو بەمۆسیقاوە دەگاتە ئێرە،

چونکە ئەو گوتی وادەکات (دەنگی مۆسیقا دێ) گوێم لێیە لەو ناوەیە.

دادە! ژنێ! کێ لەوێیە! چی، ئەی دایەن، دەڵێم!

(دایەن دێتە ژوور)

برۆ جولێت واگا بێنە؛ برۆو بیڕازێنەوە.

من دەچم لەگەڵ پاریس قسە دەکەم. ئادەی خێراکە،

خێراکە! ئەوا زاوا گەیشتووە.

دەڵێم پەلە بکەن.

(هەموویان دەڕۆن جگە لە دایەن)

## ديمەنی پێنجەم

## ژووری خەوتنی جولێت

دایەن: (لە دەرەوەی کوللەی خەوەوە بانگ دەکات) خاتوون! کچێ خاتوون!
گرەو دەکەم، لە شیرین خەودایە.
بۆچی بەرخەکەم! بۆ خانمەکەم! شەرمە، هەڵسە هەی تەمبەڵ!
ئەوە چیتە دڵەکەم! خانمەکەم! گیانەکەم! چییە، هەی بووکەکەم!
چییە، تاقە وشەیەک؟ ئێستا مافی خۆت وەردەگریت؛
جا بۆ هەفتەیەک بخەوە؛ چونکە گرەو دەکەم کە شەوی داهاتوو
کۆنت پاریس بڕیاری داوە
کەم ماوەت بدا بۆ پشوودان، خودا لێم ببوورێت!
مەریەمی پیرۆز، ئامین! چەند بەقووڵی خەوتووە!
دەبێ هەر واگای بهێنم. خانمەکەم، خانم، خانم!
ئای، با کۆنت بێ و لەناو جێگاوە بتبات؛
بەبڕوام، ئەوە دەتترسێنێت. وا نییە؟
(کوللەی خەو دەکاتەوە).
چی، خۆی کردۆتە بەرو جلی پۆشیوە و خەوتۆتەوە؟
هەر دەبێ بەئاگای بێنمەوە. خاتوون، خاتوون، خاتوون!
ئاخ و داخ، ئاخ و داخ! فریام بکەون، فریا! خاتوونەکەم مردووە!
وای لەو ڕۆژەی کە من تیایدا لە دایک بووم!
هەندێک ئاوی ژیانم بۆ بێنن، هۆ! گەورەم! خانمەکەم!
(خاتوو کاپۆلێت دێتە ژوور)
خاتوو کاپۆلێت: ئەوە چ هەراو هۆریاتە؟
دایەن: وای لەو ڕۆژە خەفەتناکە!
خاتوو کاپۆلێت: چ بووە؟
دایەن: بڕوانە، بڕوانە! چ ڕۆژێکی دڵتەنگە!
خاتوو کاپۆلێت: وایش لە خۆمی، هەش بەسەری! ڕۆڵەکەم، تاقە گوڵەکەی ژیانم،
هەڵسەوە، سەر هەڵبڕە، دەنا لە گەڵت دەمرم!



فریام کەون، فریا! داوای فریاکەوتن بکەن!
(کاپۆلێت دێتە ژوور)
کاپۆلێت: شەرم بکەن، جولێت بێننە دەرێ، مێردەکەی گەیشتووە.
دایەن: ئەو مردووە، چوو، مرد، وای لەو ڕۆژەی!
خاتوو کاپۆلێت: وای لەو ڕۆژەی، مردووە، مردووە، مردووە!
کاپۆلێت: ها، ڕێم بدەن با بیبینم، ئاخ، داخ! سارد و سڕە؛
خوێنی وەستاوە، گەیەکانی ڕەق و وشک داگەڕاون.
لە مێژە ژیان ئەو لێوانەی جێ هێشتووە؛
مەرگ وەکو شەختەی ناوەخت بەسەریدا
بەسەر جوانترین گوڵی گوڵزاران داکەوتووە.
دایەن: وای لەو ڕۆژە خەفەتناکە!
خاتوو کاپۆلێت: وای لەو ڕۆژگارە خەمبارە!
کاپۆلێت: مەرگ ئەوی لەمن بردووە تا وام لێ بکات شین و زاری بکەم،
زمانم دەبەستێتەوە و نایەڵێت قسە بکەم.
(کەشیش لۆڕەنس و پاریس دێنە ژوور)
کەشیش لۆڕەنس: وەرە، ئایا بووک ئامادەیە بچێتە کلێسا؟
کاپۆلێت: ئامادەیە بۆ چوون، بەڵام هەرگیز ناگەڕێتەوە.
ئۆه، کوڕەکەم، شەوی پێش زاوابیت.
مەرگ لە گەڵ هاوسەرەکەت ڕاکشاوە. ئەوا لێرە پاڵکەوتووە،
دەڵێی گوڵە و مەرگ پەردەی گوڵینی پڕاندووە.
مەرگ زاوامە، مەرگ میراتگرمە؛
ئەو زەماوەندی لەگەڵ کیژەکەم کردووە. من دەمرم و
هەموو شت بۆ ئەو بەجێ دەهێڵم.
ژیان و سەر و سامانم، هەمووی هی مەرگە!
پاریس: چەند بەبێ ئارامی چاوەڕوان بووم ڕوخساری ئەو بەیانییە ببینم،
ئەویش دیمەنێکی وام پێ نیشان دەدات؟
خاتوو کاپۆلێت: ئەی ڕۆژی نەفرەتی ناشاد و بەدبەخت و ڕق هەڵسێن!
ئەی نەگبەتیترین کاتژمێر کە تائێستا کات

لە گەشتی پڕەنجی نەپساویدا بەخۆیەوە دیبێت.
کە چی تاقە کەسێکی بەسەزمان،
تاقە ڕۆڵەیەکی بەسەزمان و خۆشەویست؛
تاقە یەکێکم بوو دڵم پێی خۆش بێ و دڵی خۆمی پێ بدەمەوە
و مەرگی دڵڕەق لە دیدەی ڕفاندم.

دایەن: وای لەو خەمە، لەو ڕۆژە پڕ خەمە!
ڕۆژی هەرە خەفەتناک، ڕۆژی هەرە پڕ خەم
کە تا ئێستا، تا ئیمڕۆ بینیبم!
ئای لەو ڕۆژە، وای لەو ڕۆژە، وای لەو ڕۆژە،
وای لەو ڕۆژە ڕق هەڵسێنە!
هەرگیز ڕۆژی وا ڕەشم نەدیبووە.
وای لەو ڕۆژە پڕ خەمەی، وای لەو ڕۆژە پڕ خەمەی!

پاریس: لە خشتەبراو و لێدابڕاو و خراپە لەگەڵکراو و بریندار و کوژراوم من!
بەهۆی مەرگی هەرە ناحەز، بەتۆ لە خشتە براوم من؛
بەتۆی دڵڕەق، دڵڕەق سەرنخونکراوم من!
ئەی دولبەرم! ئەی ژیانم! نەخێر ژیان نا، بەڵام ئەوینی باوەشی گەرمم!

کاپۆلێت: ڕیسوا کراو و، خەفەتبار، ڕق لێکراوە و شەهید و کوژراوم من!
ئەی کاتی نا ئاسوودەیی، بۆ ئێستا هاتی
لە سەنگینی ئاهەنگەکەمان بکوژیت و بمانکوژیت؟
ڕۆڵەکەم، وای ڕۆڵەکەم! ڕۆحەکەم نەک ڕۆڵەکەم!
تۆ مردوویت. وایش، ڕۆڵەکم مردووە مردوو،
خۆشیەکانم لەگەڵ ڕۆڵەکەم نێژران.

کەشیش لۆرەنس: بەس، هۆی، شەرم بکەن! بەو گریەو زارییە
چارەی خەم ناکرێت. ئاسمان و ئێوە هەردوو لاتان
بەشتان لەو خانمە نازدارەدا هەبوو: ئێستا ئاسمان هەمووی برد،
ئەمەش بۆ خانمەکە خۆی زۆر چاکترە.
ئێوە پێتان نەکرا بەشی خۆتان لە مەرگ بپارێزن،
بەڵام ئاسمان بەشی خۆی لە ژیانی هەمیشەییدا دەپارێزێت.



ئەوەی زۆر مەبەستتان بوو بەرزبوونەوەی ئەو بوو،
چونکە هیوای بەرزی ئێوە ئەوە بوو ئەو بچێتە پێشەوە؛
جا ئێستا کە دەیبینن چۆتە پێشەوە و لە سەر هەورانە و
بارتەقای ئاسمان خۆی بەرزە، بۆی دەگرین؟
ئۆه، ئێوە لەو خۆشەویستیەتاندا
ڕۆڵەی خۆتان بەخراپی خۆشدەوێت،
وا خەریکە شێت دەبن کە دەبینن لە ڕەوشێکی باشدا دەبێت.
دڵتەنگترین ژن ئەوانەن کە ماوەیەکی درێژ هەر بەژنێتی دەژین،
دڵخۆشترین ژن ئەوانەن کە زوو بەزوویی بەژنێتی دەمرن.
فرمێسکان وشک بکەنەوە، گوڵی (ڕۆزمەری) تان دانێنە سەر
ئەو لەشە نازدارە، جا وەک نەریت وایە،
لە جوانترین جلدا هەڵیگرن و بیهێننە کلێسا،
چونکە گەرچی سروشتی گەوج وامان لێ دەکات بگرین،
کەچی لە فرمێسکی سروشتەوەیە خۆشی عەقڵ وەردەگرین.

کاپۆلێت: هەرچی دامان نابوو بۆ ئاهەنگی خۆشیمان
بیگۆڕن و ڕێکی بخەن بۆ جەنازەی ڕەشمان:
ئامێرە مۆسیقییەکان بگۆڕن بۆ زەنگی خەمناکی،
خۆراکی زەماوەند بکەنە خۆراکی ڕێوڕەسمی ناژتنی پرسامناکی،
سترانی خۆشیمان بۆ لاوژەی خەفەت بگۆڕن،
گوڵی بووکێنی دەبێتە گوڵی سەر لاشەی مردوو،
هەموو شتێک بۆ دژەکەی بگۆڕن.

کەشیش لۆرەنس: گەورەم، تۆ برۆ ناوەوە، خاتوون تۆش لە گەڵی بچۆ؛
گەورەم پاریس تۆش. هەمووتان خۆ ئامادەکەن
بە دوای ئەو لەشە نازدارە بۆ ناو گۆڕ وەرن.
ئاسمان لەبەرهەندێ خراپەکاری ڕووی لەگەڵ ئێوە تاڵە.
دژی خواستی بەرزی مەوەستن و توورەتری مەکەن بەو حاڵە.
(ئەوان گوڵی ڕۆزمێری لەسەر لاشەی جولێت دادەنێن و کوللەی خەوتنی دادخەنەوە. هەموو دەڕۆن جگە لە دایەنەکە) (مۆسیقاژەنەکان دێنە ناوەوە)

مۆسیقاژەنی یەکەم: ئەوەی ڕاستی بێ، پێویستە پیک و دوزەلەکانمان تێک بنێین و
بڕۆین.

دایەن: ئەی هاوڕێیانی چاکی ڕاستگۆ، ئادەی تێکی بنێن، تێکی بنێن،
چونکە ئێوە چاک دەزانن لەناو قەپێلکی چ بارێکی دڵتەنگ داین.

مۆسیقاژەنی یەکەم: بەڵێ، بەباوەڕم، ڕەنگە ئەو قەپێلکە چاک بکرێتەوە.

(دایەن دەڕوات
پیتەر دێتە ژوور)

پیتەر: مۆسیقاژەنان، ئەی مۆسیقاژەنان،
«دڵخۆشم کەن» ، «دڵخۆشم کەن» !
ئۆه، ئەگەر دەتانەوێ بژیم، بۆم لێ بدەن نەوای «دڵخۆشم کەن» .

مۆسیقاژەنی یەکەم: بۆچ نەوای «دڵخۆشم کەن» ؟

پیتەر: ئەی مۆسیقاژەنان، چونکە دڵم بەخۆی نەوای «دڵم پڕە» دەژەنێت،
بۆیە ئاوازێکی خەمناکی خۆشم بۆ لێ بدەن تا دڵم پێی بکرێتەوە.

مۆسیقاژەنی یەکەم: هیچ نەوای خەمناک ناژەنین! ئێستا کاتی مۆسیقا لێدان نییە.

پیتەر: کەوا بێ نایژەنن؟

مۆسیقاژەنی یەکەم: نەخێر.

پیتەر: کەواتە من دەتان دەمێ.

مۆسیقاژەنی یەکەم: چیمان دەدەیتێ؟

پیتەر: بەبڕوام، پارەنا، من فشەتان دەدەمێ. من بەشایەر و لۆتیێ
ناوتانا دەبەم.

مۆسیقاژەنی یەکەم: جا منیش بەنۆکەر و کۆیلە ناوت دەبەم.

پیتەر: جا منیش خەنجەری ئەو نۆکەر و کۆیلەیە لەسەر سەرتان دەچەقێنم.
من بەرگەی ئاوازێکی مۆسیقی ناگرم. من بە(رێ) و بە(فا) تان
دەکەم. ئەرێ ئێوە ئاگاتان لە نۆتەمە؟

مۆسیقاژەنی یەکەم: جا تۆ ئێمە بە(رێ) و بە(فا) دەکەیت و دەمان نۆتێنیت.

مۆسیقاژەنی دووەم: تکات لێ دەکەین خەنجەرەکەت و زرنگی مێشکت وەلا بنێ.

پیتەر: جا من بەزرنگی خۆم تاوتان دەدەمێ -! من بەزرنگییەکی دەبەنگانە
بەوشکی دەتانکوتم و خەنجەرە ئاسنینەکەم لا دەبەم: وەک پیاو



وەڵامم بدەنەوە:
کاتێک خەمی نوک تیژ دڵ دەکات بریندار،
نەوای خەمناک مێشک دەتلێنێتەوە،
ئەوسا مۆسیقا بەدەنگی زیوینی نازدار -
ئەرێ بۆ «دەنگی زیوین» ؟ بۆچی «مۆسیقا بەدەنگی
زیوینی» ؟ تۆ چی دەڵێیت، سیمۆنی ژێ پشیلەیی؟

مۆسیقاژەنی یەکەم: گەورەم، بەمریەمە، چونکە زیو دەنگێکی خۆشی هەیە.

پیتەر: جوانە! تۆ چ دەڵێیت، ئەی هۆگی کەمانژەن؟

مۆسیقاژەنی دووەم: من دەڵێم «دەنگی زیوین» چونکە بۆ زیو مۆسیقا دەژەنن.

پیتەر: ئەویش جوانە! تۆ چ دەڵێیت ئەی جێمزی کۆڵەگەی کەمان ڕاگر؟

مۆسیقاژەنی سێیەم: ئەوەی ڕاستی بێت، نازانم چی بڵێم.

پیتەر: ئۆه، داوای لێ بووردنت لێ دەکەم! چونکە تۆ گۆرانی بێژیت، من بۆتی
دەڵێم، بۆیە دەڵێن «مۆسیقا بەدەنگی زیوینی» چونکە
مۆسیقاژەنان زێڕ لە باتی مۆسیقاژەنین وەرناگرن.
ئەوسا مۆسیقا بەدەنگی زیوینی
بەپەلە ئاسوودەیی دادەهێنێتەوە.
(پیتەر دەڕوات)

مۆسیقاژەنی یەکەم: ئای لەو خوێڕ جاڕسە!

مۆسیقاژەنی دووەم: کوڕە، پیاو، ئەو شایەنی هەڵواسینە! وەرە با لێرە بڕۆینە ژوورەوە،
بوەستە تا شینگێڕەکان لێ دەبنەوە ئەوسا چاوەڕێی فراوین بە.

(دەڕۆن)

## پەردەی پێنجەم

## دیمەنی یەکەم

### شەقامێک لە (مانتوا)

ڕۆمیۆ دێتە ژوور

ڕۆمیۆ: ئەگەر بەڕاستی باوەڕ بەخەونی خۆش بکەم،
خەونەکانم پێشبینی چەند هەواڵێکی خۆشم بەم زووانە بۆ دەکەن؛
دولبەری سینەم بەنەرمی لەسەر تەختی خۆی دانیشتووە،
بەدرێژایی ئەمڕۆکەش گیانێکی نائاسایی
بەبیری دڵخۆشکەر لە سەر زەوی بەرزم دەکاتەوە.
لە خەونم دابوو بینیم خانمەکەم هات و دیتی من مردبووم -
چ خەونێکی سەیرە کە لێدەگەڕێ مردوو بیر بکاتەوە!-
بە ماچان ژیانێکی وای ڕژاندە سەر لێوەکانم
کە زیندوو بوومەوەو بوومە شاهی شاهان.
ئای لەمن! ئەڤین بەخۆی چەند شیرینە کە بتبێت،
لە کاتێکدا خەونی ئەوین هێندە پڕ شادی و خۆشی بێت!
(بەلثەزار دێتە ژوور)
هەواڵ لە (ڤیرۆنا)وە! چیت پێیە، بەلثەزار؟
هیچ نامەت لە کەشیشەوە بۆ نەهێناوم؟
خانمەکەم چی دەکات؟ ئەرێ باوکم باشە؟
جولێتەکەم چۆنە؟ بۆیە دیسان دەپرسمەوە
چونکە ئەگەر ئەو باش بێت نابێ هیچ شتێک خراپ بێت.
بەلثەزار: جا ئەو باشەو ناکرێ هیچ خراپ بێت.
لاشەکەی لە گڵکۆی کاپۆلێتان نووستووە،
گیانی نەمریشی لەگەڵ فریشتان دەژیت.
من بینیم ئەویان بردە ناو گڵکۆی خزموکەسانی،
دەستبەجێ ئەسپی بەریدم بەکرێ گرت تا ئەوەت پێ بڵێم،



ئۆه، ببوورە بۆ هێنانی ئەو هەواڵە خراپانە
چونکە ئەرکی ئەو هەواڵ هێنانەت بەمن سپارد بوو، گەورەم.
ڕۆمیۆ: بڵێ وا؟ کەواتە من لە ڕووتان هەڵدەچەرخێمەوە، ئەی ئەستێران!
تۆ ماڵم پێ دەزانیت. مەرەکەب و کاغەزم بۆ بهێنە و
ئەسپی بەریدم بۆ بەکرێ بگرە. دەبێ هەر ئەمشەو بگەمە ئەوێ.
بەلثەزار: تکات لێ دەکەم، گەورەم، ئارامت هەبێت.
ڕوخسارت زەرد هەڵگەڕاوە و کێویانەیە و
کارەساتێکی ماڵوێرانکەرانەیان لێ دەبینم.
ڕۆمیۆ: پیاه، تۆ بەهەڵەدا چوویت.
جێم بهێڵەو ئەو کارانە بکە کە فەرمانم پێ کردوویت.
ئەرێ هیچ نامەت لە کەشیشەوە بۆ نەهێناوم؟
بەلثەزار: نەخێر، سەروەری چاکم.
ڕۆمیۆ: هیچ نییە؛ ئادەی بڕۆ.
ئەو ئەسپانە بەکرێ بگرە. هەرئێستا دەگەمەلات.
(بەلثەزار دەڕوات)
چاکە، جولێت، ئەمشەو لە گەڵت دەخەوم.
با بیر لە ڕێگایەک بکەمەوە. ئەی خراپە تۆ خێرا
دەچیتە ناو بیری مرۆڤی بێ ئومێد!
من دەرمانگەرێکم دێتەوە بیر
کە لەو دەورو بەرانە دەژیا، بەو دواییانە ئەوەم تێبینی کردبوو.
جلی شپڕێوو و مووی برۆکانی گڤ بوو و
گژوگیای پزیشکی کۆدەکردەوە. برسێتی لە ڕوخساری دەباری
کلۆڵییەکی توند تا سەر ئێسکان دایفەتاندبوو؛
لە دوکانە چۆڵ و هۆڵەکەیدا کیسەڵێکی هەڵواسراو،
تیمساحێکی ئاخنراو، پێستەی دیکەی ماسی
شێوە ناشرینی تێدابوو؛ لەسەر تاقیچکەکانیەوە
هەندێک قوتووی بۆشی هەژارانە دانرا بوو،
گۆسکەی سەوزی تاسوڵقە، میزڵدان و تۆوی بۆگنخاو،

پاشماوەی خڕێنکەی پێچراو، سەفتە گوڵی پەستراو،
بەپەرتی لێرەو لەوێ دانرابوون تا بکەونە بەرچاو.
کاتێک ئەو نەبوونیەم بینی، بەخۆمم گوت:
«جا گەر مرۆڤ پێویستی بەژەهر بوو ئێستا،
کە سزای فرۆشتنی لە (مانتوا) کوشتنی دەستبەجێیە،
لێرە نەدارێکی بەدبەخت هەیەو پێتی دەفرۆشێت.»
ئۆه ئەو بیرە بەخۆی بەپێش پێویستیم کەوتبوو،
هەمان ئەو مرۆڤە نەبوونە دەبێ بەمنی بفرۆشێت.
ئەگەر لە بیرم مابێت دەبی ئەوە ماڵەکەی بێت.
چونکە ئەمڕۆ پشووە، دوکانی کابرای هەژار داخراوە.
هۆی دەرمانگەر، هۆ-!
(دەرمانگەر دێتە ناوەوە)
دەرمانگەر: کێیە وا بەدەنگ هاوار دەکات؟
ڕۆمیۆ: وەرە ئێرە، هەی پیاو، دەبینم تۆ هەژاریت.
(جۆرکێکی پڕ پارەی پێ نیشان دەدات) بگرە، ها ئەوە چل دۆقات*:
تۆش یەک درام** ژەهرم بدەرێ، وا کاریگەر بێت کە زوو بەزوو
بەناو هەموو دەمارەکانمدا بلاو ببێتەوە،
تاوەکو ئەوەی لە ژیان بێزارە بیخواتەوە بمرێت،
لاشەشی هەناسەی لێ ببڕێت،
بەقەد ئاگرپێوەنانی بارووت کە لە ناو هەناوی
وێرانکەری تۆپەوە دەردەپەڕێت خێرا بێت.
دەرمانگەر: دەرمانی وا مەرگهێنم هەیە، بەڵام یاسای (مانتوا)
سزای مەرگی بۆ ئەوە داناوە کە دەیفرۆشێت.
ڕۆمیۆ: جا ئەتۆی وا ڕووت و ڕەجاڵ و پڕ کوێرەوەری،
لە مەرگ دەترسیت؟ برسێتی وا لەسەر کولمەکانتە؛

* جۆرە پارەیەکی زێڕ یان زیووە دەکاتە یەک لە سێی پاوەنێکی ئیستەرلینی.
** درام: پێوانە یان کێشانەیەکی کەمە.



نەبوونی و ستەم لە چاوە برسیەکانت دا دیارن،
سواڵکەرایەتی ڕیسواکەر سواری کۆڵت بووە.
نە دنیاو نە یاساکەشی لەگەڵ تۆ دۆستن:
دنیا هیچ یاسایەکی نییە دەوڵەمەندت بکات؛
کەواتە هەژار مەبە، بیشکێنەو ئەمە وەربگرە.
دەرمانگەر: (پارەکە وەردەگرێت) هەژاریمە نەک خواستم کە ئەوە پەسند دەکات.
ڕۆمیۆ: منیش دەیدەمە هەژاریت نەک خواستت.
دەرمانگەر: (ژەهرەکەی دەداتێ) ئەوە بکە ناو هەر شلەیەکی بتەوێت و
بیخۆرەوە، ئەگەر هێزی بیست کەسیت هەبێت
ئەوا دەمودەست لە ناوت دەبات.
ڕۆمیۆ: ها ئەو زێڕە بگرە: ژەهرێکی خراپترە بۆ ڕۆحی مرۆڤ،
کوشتاری پتر لەو دنیایە بێزەوەرە دەنێتەوە،
لەو تێکەڵە بەسەزمانەی کە تۆ ناتەوێت بیفرۆشێت.
من ژەهر بەتۆ دەفرۆشم: تۆ هیچت بەمن نەفرۆشتووە.
ماڵئاوا، خواردن بۆ خۆت بکڕەو با کەمێک گۆشتت پێوە بنوسێت.
(دەرمانگەرەکە دەڕوات)
وەرە ئەی دەرمانی دڵەکەم، نەک ژەهر تۆ لەگەڵم وەرە
بۆ لای گۆڕی جولێت، کە لەوێ بەکارهێنانی تۆ چارەسەرە.
(دەڕوات).

**دیمەنی دووەم**

## کونجی کەشیش لۆرەنس

(کەشیش جۆن دێتە ناوەوە).

کەشیش جۆن: ئەی کەشیشی پیرۆزی فرانسیسکانی! هۆی برا هۆی!
(کەشیش لۆرەنس لە ژوورەکەی ناوەوە دێتە ژووریّ)
کەشیش لۆرەنس: دەبیّ ئەوە دەنگی کەشیش جۆن بێت.
بەخێر بێتەوە لە (مانتوا). رۆمیۆ چ دەڵێت؟
یان ئەگەر بیری ناو مێشکی بۆم نووسیووە، نامەیەکم بدەریّ.
کەشیش جۆن: کە چووم بۆ دۆزینەوەی برایەکی پیّ خواسمان*،
کە سەر بەتیرەی خۆمانە، تا لەگەڵم بێت.
لەم شارەدا سەری لە نەخۆشان دەدا،
کاتێک دۆزیمەوە، کاربەدەستانی شار،
گومانیان لێمان کرد کە ئێمە لەماڵێک بووینە
کە پەتای ئەو دەردەی تێدا بڵاو بۆتەوە،
دەرگایان لەسەر داخستین و ڕێیان نەداین بڕۆین،
جا بەمە کۆسپیان هێنایە بەر گەشتی بەپەلەم بۆ (مانتوا).
کەشیش لۆرەنس: ئەدی کەوایە کیّ نامەکەمی بۆ رۆمیۆ برد؟
کەشیش جۆن: نەمتوانی بینێرم – ئەوەتا بتدەمەوە–
نامەبەرێکیشم دەست نەکەوت تا بۆتی رەوانە بکەمەوە
لەبەر ئەوەی ئەوان لەو پەتاو دەردە یەگجار ترسابوون.
کەشیش لۆرەنس: ئای لەو بەختە رەشەی! سوێند بەبرایەتی ئاینیمان
نامەکە چاک نەبوو، بەڵکو پری هەواڵی
یەگجار گرنگ بوو، پشتگویّ خستنی رەنگە
گەلیّ مەترسی لێوە پەیدا بێت. کەشیش جۆن، بچۆ ئەویّ؛
باریەیەکی ئاسنم بۆ پەیدا بکەو ڕاستەوخۆ بیهێنە ناو

---

* وا دیارە ئەندامانی ڕێبازی ئاینی فرانسیسکانی بەپیّ خواسی ڕیّ دەکەن.



کونجەکەم.
کەشیش جۆن: برام، وا دەچم بۆتی دەهێنم.
(کەشیش جۆن دەڕوات)
کەشیش لۆرەنس: ئێستا دەبیّ بەتەنیا بۆ ناو گڵکۆکە بچم.
لە ماوەی سیّ سەعاتی تردا جولێتی نازدار واگا دێتەوە.
ئەو بەتوندی سەرزەنشتیم دەکات چونکە ڕۆمیۆ
لەو ڕووداوانە بیّ ئاگایە.
بەڵام جارێکی دی بۆ (مانتوا) دەنووسمەوە،
ئەو لە ژووری خۆم دەهێڵمەوە تا ڕۆمیۆ دەگاتە لامان.
ئەی لاشەی زیندووی بەسەزمان، کە زیندان کراوی لە گۆڕی مردووان.
(دەڕوات)

## دیمەنی سێیەم

## گۆڕخانەی کاپۆلێتان

(پاریس و خزمەتکارەکەی لەبەر دەرگا دێنە ناوەوە)

پاریس: کوڕە مەشخەڵەکەتم بدەرێ. لێرە بڕۆ و کەمێک دوور لێم بوەستە.
بەڵام بیکوژێنەوە چونکە نامەوێت ببینرێم.
بڕۆ لە ژێر ئەو دار نارەوەنەی ئەوێ بەتەواوی ڕابکشێ،
بەتوندی گوێت بەزەوی کلۆرەوە بنێ،
تا ئەگەر هەر پێیەک بەسەر حەوشەی کلێسادا هات
چونکە فشەڵ و شل و خاوە لەبەر هەڵکەندنی ئەو هەموو گۆڕە،
هەردەبێ بیبیستی. ئەوسا فیتەیەکم بۆ لێ بدە،
ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە گوێت لە شتێکە نزیک دەکەوێتەوە.
ئەو گوڵانەم بدەرێ. چۆنت پێ دەڵێم وا بکە و بڕۆ.

خزمەتکارەکە: (لەلاوە): وەختە بڵێم دەترسێم لە حەوشەی کلێسا
بەتەنیا بمێنمەوە، بەڵام ئەو گیانبازیەش دەکەم.
(خۆی لە پشت درەختەکان دەشارێتەوە).

پاریس: (بۆ جولێت) ئەی گوڵی جوان، نوێنی بووکێنیت گوڵباران دەکەم -
ئای، چۆن بوونەتە کوللەی سەر نوێنت خۆڵەپۆک و گاشەبەرد-
شەوانە من بەبۆنی خۆش خوناو پرژێنی دەکەم،
گەر بەشی نەکرد، بەفرمێسکی بەهەنسک دڵۆپێنراوی بێگەرد.
هەمیشە من بۆ تۆ دەیکەم شین و ڕۆڕۆ و زاری،
شەوانە گۆڕەکەت گوڵباران دەکەم و فرمێسکم دەکەمە دیاری.
(خزمەتکارەکە فیتە لێ دەدات)
ئەوە کوڕەکە ئاگادارم دەکاتەوە؛ شتێک وا بەڕێوەیە.
چ پێیەکی نەفرەتییە ئەمشەو بەو ڕێیەدا ڕێ دەکات
ئاهەنگی تازیەداری و سرووتی ئەوینی ڕاستەقینەم تێک دەدات؟
چی، مەشخەڵیشی پێیە؟ ئەی شەو تا ماوەیەک بمشارەوە.
(خۆی لە ناو حەوشەی کلێسا دەشارێتەوە)



«ڕۆمیۆ و بەلـثەزار بەمەشخەڵ و کولێنگ و باریەوە دێنە ژوور»

ڕۆمیۆ: ئەو کولینگەو باریەیەم بدەرێ.
ها ئەو نامەیە بگرەو سبەینی زوو
بیگەیەنە سەروەر و باوکی من.
ئەو ڕۆناکیەم بدەرێ.
ئەگەر ژیانی خۆت خۆش دەوێ،
چیت پێ دەڵێم وا بکە...
هەرچیت بیست یان بینی، خۆت بەتەواوی لێی بەدوور بگرە،
بەهیچ جۆرێک لە کارەکەم مەمپچڕێنە،
لەبەرچی دەچمە ناو ئەو شوێنەی مەرگ؛
لە سەرێکەوە بۆ ئەوەیە کە ڕوخساری خانمەکەم ببینم،
بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەیە لە پەنجەی مردووی ئەو-!
ئەنگوستیلەیەکی گرانبەها ببەم کە دەبێ لە کارێکی گرنگدا
بەکاری بهێنم. جا بۆیە لێرە بڕۆ.
بەڵام ئەگەر گومانت وای لێ کردیت بێیتەوە و بڕوانیت
کە من نیازی چی ترم هەیە،
بەو خوایەی ئاسمان، من لەت لەتت دەکەم،
پەل و پۆت لەو حەوشە برسیەی کلێسا پەرشو بڵاو دەکەمەوە.
ڕۆژگار و نیازەکانم هەردووکیان دڕندەو کێوین
زۆر دڕترو بی بەزەیترن
لە بەوری برسی یان دەریای بەهاژە هاژ.

بەلـثەزار: گەورەم من دەڕۆم و بێزارت ناکەم.

ڕۆمێو: بەم کارەت تۆ برادەرایەتی خۆتم بۆ دەردەخەیت
(پارەی دەداتێ) ها بیگرە.
بۆ خۆت بەخۆشی بژی؛ ماڵئاوا، ئەی برادەری چاک.

بەلـثەزار: (لەلاوە): سەرەڕای ئەوانەش، من خۆم لەو ناوە پەنا دەدەم.
چونکە لە ڕوخساری دەترسم، گومان لە نیازیشی دەکەم.
(خۆی دەکێشێتەوە و لە حەوشەی کلێسا خۆی دەشارێتەوە).

رومیۆ: (بەباریان وەردەگەڕێتە دەروازەکە).
تۆ ئەی ورگی بێزەوەر، ئەی مندالّدانی مردن.
کە ئاخنراویت بەخۆشترین پارووی زەمین؛
وا بەهێز شەویلاگی بۆگەنت دادەپچڕم،
بەزۆردارەکی خۆراکی تری تێ دەپەستم.
پاریس: ئەوە ئەو مۆنتاگیۆ بەخۆوە نازە شاربەدەر کراوەیە
کە ئامۆزای دولبەرەکەمی کوشتوەو وەک دانراوە
گوایە ئەو کیژە جوانە بەو خەمەوە سەری ناوەتەوە،
هاتۆتە ئێرەش بۆ ئەوەی کارێکی پڕ شوورەیی و نامەردانە
لەگەلّ ئەو لاشە مردووانە بکات. من دەیگرم.
(ئەو دێتە پێش).
ئەی مۆنتاگیۆی چەپەلّ، ئەو کارە ناپیرۆزانەت ڕابگرە!
ئەرێ دەکری تۆلّە لە مردنیش بەولاوە دوورتر بڕوات؟
ئەی نامەردی تاوانبارکراو، هەر ئێستا دەتگرم من.
گوێڕایەلّ بەو لەگەلّم وەرە، چونکە تۆ شایەنی بەمردن.
ڕۆمیۆ: ئەوەی ڕاستی بێت من دەبێ بمرم، بۆیەش هاتوومەتە ئێرە.
ئەی لاوی چاکی دلّنەرم، مرۆڤێکی نائومێد مەوروژێنە.
لێرە ڕابکەو جێم بهێلە. بیر لەوانە بکەرەوە کە سەریان ناوەتەوە؛
دەبا ئەوان بتترسێنن. تکات لێ دەکەم، ئەی لاو
گوناهێکی دی مەخە سەرشانم
بەوەی پالّم بنێیت تووڕە ببم. ئۆه، دەی بڕۆ، دەی!
بەو ئاسمانە، من تۆم خۆشتر دەوێت لە خۆم،
چونکە من هاتوومەتە ئێرەو چەکم دەست داوەتێ لە دژی خۆم.
گیر مەبە، بڕۆ؛ بژی و پاشتر بۆ خۆت بلّێ بەچاکی؛
بەزەیی شێتێک داوای لێ کردیت ڕاکەیت بەبێ باکێ.
پاریس: من داواکانت ڕەت دەکەمەوە
لەبەر یاساشکێنیت دەتگرم.
ڕۆمیۆ: دەمورووژێنێت؟ کورە، دەوجا بیخۆ!



(شەڕ دەکەن)
خزمەتکارەکە: ئەی خوایە، خۆ شەڕدەکەن! من دەچم پاسەوان بانگ دەکەم.
(خزمەتکارەکە دەڕوات)
پاریس: (بەردەبێتەوە) ئۆه من کوژراوم! ئەگەر تۆ بەزەییت هەس،
گۆڕەکە بکەوەو لەلای جولیێت درێژم کە بەس.
ڕۆمیۆ: بەڕاستی وادەکەم. با بڕوانمە دەموچاوی.
خزمی مێرکیوشیۆیە، خۆ ئەوە کۆنت پاریسی بەگزادەیە ناوی!
ئەرێ هەرکە بەڕێوە بووین نۆکەرەکەم چی پێ گوتم،
کاتێک مێشکی شێواوم گوێی لێ نەدەگرت وابزانم
پێی گوتم: (پاریس) دەبوایە جولیێتی بخوازتایە.
ئەرێ وای نەگوت؟ یان من وا خەونم بینی؟
یاخود من شێت ببووم، کاتێک ئەو باسی جولیێتی دەکرد،
تا وابیربکەمەوە؟ ئۆه دەستتم بدەرێ.
تۆش کەسێکی لەگەلّ من کەناوت لەکتێبی تالّی بەدبەختی نوسراوە.
من تۆ لە ناو گۆڕێکی نازدار دەنێژم.
لە گۆڕێکدا؟ نەخێر لە دەلاقەی ڕووناکیدا، ئەی لاوی کوژراو؛
چونکە (جولیێت) لەوێ ڕاکشاوە و جوانی ئەو
ئەم گومەزە دەکاتە دیوەخانێکی ڕۆشن و چراخان.
جا مردوو تۆ لێرە ڕاکشێ کە بەدەستی مردوویێک نێژراویت.
(ئەو(پاریس) لەتەنیشت گۆڕی(جولیێت) درێژ دەکات)
ئای گەلێ جار کە مرۆڤ لە سەرەمەرگدایە
چەند قسەخۆش دەبن و تەماشاکەرەکان ئەوە بە
گەش بوونەوەی پێش مەرگ دادەنێن! ئۆه، چۆن من
ئەوە بەگەشبوونەوە ناو ببەم؟
ئۆی ئەی دولبەرەکەم، ئەی ژنەکەم!
مەرگ کە هەنگوینی هەناسەتی هەلّمژیووە،
کەچی بێ هێز بوو لە بەرامبەر جوانیتا
تۆنەبەزێنراویت؛ هێشتاش ئالّای جوانی لەسەر لێووکولّمەت قورمزین و ئالّای

ڕەنگ زەردی مەرگ بەوێ نەگەییووە.
ئەرێ تیبالت، تۆش لێرە لە جانگی خوێناویتدا ڕاکشاویت؟
ئۆه، لەوە پتر چ چاکەیەکی دیکەت لەگەڵ بکەم
کە بەو دەستەی تۆی پێ جوانەمەرگ کرا،
هی خۆیشی ئەوەی کە دوژمنت بوو کۆتایی پێ بهێنێت؟
ببوورە، پسمام. ئاه، جولێتی نازدار،
بۆچی تۆ هێشتاش هێندە جوانیت؟ ئەرێ باوەڕ بکەم
کە مەرگی بێ جەستە عاشقی تۆیە و
ئەو دڕندە بێزەوەرە بنێساوە تۆی لەو تاریکییەی
ئێرە گل داوەتەوە تا ببیت بەدولبەری؟
من لە ترسی ئەوەیە هەر لە گەڵتا دەمینێمەوە،
هەرگیز جارێکی دی لەو نوێنەی شەوی تار
جیا نابمەوە. لێرە، لێرە من دەمێنمەوە،
لەگەڵ ئەو کرمانەی کە دەستە خوشکتن.
ئۆه، لێرە من هەموو سەرو سامانی خۆم لەو قۆناغە دادەنێم،
نیری ئەستێرە ناحەزەکانم لە گەردەنی ئەو لاشە
دنیا ڕەتاندووەم وەکەل دەهێنم. چاوەکانم، بۆ دوا جار بڕوانن؛
باسکەکانم دواجار لە ئامێزی بگرن؛ ئۆه، ئێوەش لێوەکان
ئەی دەرگاکانی هەناسە، بەماچێکی ڕاستەقینە
پەیماننامەیەکی هەتاهەتایە لەگەڵ مەرگی هەموو بەرەوە مۆربکەن.
وەرە، ڕێنشاندەری نەهامەتی؛ وەرە ئەی ڕابەری دڵپڕکینە،
ئەی کەشتیوانی نائومێد، ئێستا دەستبەجێ
گەمیەی شەکەت و لە دەریا بێزارت باژۆ سەرگاشەی تێک شکێن.
ئەوەش لە چاوی دولبـەری خـۆم. (ژەهرەکـە دەخـواتەوە) ئۆه، ئەی دەرمـانگەری ڕاستگۆ،
دەرمانەکانت کاریگەرن. ئاوا بەدەم ماچکردنەوە دەمرم.
(ڕۆمیۆ دەمرێت)
{کەشیش لۆرەنس لەبەر دەرگای گۆڕخانەکەیە، فانۆسێک



و بێڵێک و بارییەکی بەدەستەوەیە}
کەشیش لۆرەنس: ئەی فرەنسیسی پیرۆز وەهانام وەرە! چەندین جار ئەمشەو
پای پیرم ساتمەی لە گۆڕان کردووە! ئەوە کێ لەوێیە؟
بەلـثـەزار: کەسێک لەوێیە، برادەرە و تۆش باش دەناسێت.
کەشیش لۆرەنس: خوا پیرۆزی خۆیت پێ ببەخشێ. برادەری چاک، پێم بڵێ،
ئەو مەشخەڵە چییە لەوێ کە بەبێ سوود ڕووناکییەکەی
دەبەخشێتە ئەو کرم و کەللەسەرە بێ چاوانە؟ وەک دەیبینم
لە ناو گۆڕخانەی کاپۆلێتاندا دەسووتێت.
بەلـثـەزار: بەڵێ وایە، گەورەی پیرۆزم؛ گەورەی منیش لەوێیە؛
ئەوەی کە تۆ خۆشت دەوێت.
کەشیش لۆرەنس: ئەو کێیە؟
بەلـثـەزار: ڕۆمیۆیە.
کەشیش لۆرەنس: چەندە ئەو لێرەیە؟
بەلـثـەزار: نیو سەعاتی ڕەبەقە.
کەشیش لۆرەنس: لەگەڵم وەرە ناو گۆڕخانەکەوە.
بەلـثـەزار: گەورەم، ناوێرم. خودانم پێی وایە من لێرە ڕۆیشتووم،
ئەو بەترسناکییەوە گەفی مەرگی لێکردووم
ئەگەر بمێنمەوەو بمەوێ بزانم نیازی چییە.
کەشیش لۆرەنس: کەواتە بمێنیوە؛ من بەتەنێ دەچم. وا ترسم لێ دەنیشێت.
ئۆی زۆر لە شتگەلێکی بەدبەختانەی خراپ دەترسم.
بەلـثـەزار: هەرکە من لە ژێر ئەو دار نارەوەنانەی ئێرە خەوتبووم،
وام خەون دیت کەخودانم لەگەڵ یەکێکی دی بەشەڕهات و
خودانم ئەوی کوشت.
کەشیش لۆرەنس: ڕۆمیۆ! ئاخ، داخ، ئەو خوێنە چییە کە بەر دەرگای
بەردینی ئەو گۆڕخانەیە پەڵەدار دەکات؟
ئەدی مانای ئەو شمشێرە خوێناوی و بێ خاوەنانە چییە
کەوا لەو شوێنە ئاسوودەیەدا بەخوێن ڕەنگین بوون؟
(ئەو دەچێتە ناو گورخانەکەوە)

ڕۆمیۆ - ڕەنگی چ زەردە؟ کێی دی؟ چی، پاریسیش؟
خەڵتانی خوێنە؟ ئاه چ سەعاتێکی بێ بەزەییە
کە گوناهی ئەو ڕووداوە خەفەتهێنەی کەوتۆتە ئەستۆ -!
(جولێت واگا دێتەوە)
ئەوا خانمەکە دەجولێتەوە.
جولێت: ئەی کەشیشی دڵنەوایییکار، کوانێ خودانم؟
من چاک لە بیرمە کە دەبێ لەکوێ ببم،
وا لەوێم. کوا ڕۆمیۆیەکەم؟
(دەنگی نزیک کەوتووە و دەبیسترێن)
کەشیش لۆرەنس: خانم، گوێم لە هەندێ هاتوهاوارە. لەو هێلانەی مەرگ و
پەتاو خەوی ناسروشتییەوە وەرە دەرەوە.
هێزێکی مەزنتر لەوەی ئێمە بتوانین لە دژی بوەستێنەوە
نیازەکانمانی تووڕ هەڵداوە. وەرە، وەرە دەرەوە.
مێردت وا لەوێ بەمردوویی لە ئامێزت ڕاکشاوە،
پاریسیش هەروا. وەرە، من تۆ دەربازدەکەم و
دەتنێرمە ناو خوشکە ڕەبەنە پیرۆزەکانەوە.
مەوەستە بۆ پرسیار، چونکە پاسەوان بەرێوەیە.
وەرە، برۆ جولێتی چاک، من ناوێرم چی دی بمێنمەوە.
جولێت: برۆ، تۆ لێرە برۆ، چونکە من لێرە ناڕۆم.
(کەشیش لۆرەنس دەڕوات)
ئەوە چییە؟ فینجانێکە لەناو دەستی قوچاوی
دڵدارە دڵسۆزەکەم دایە؟
وەک دەبیینم ژەهر مەرگی ناوەختی بۆی هێناوە.
هەی چڵێس-! هەمووت خواردەوەو هیچ دڵۆپێکی دۆستانەت
بۆ جێ نەهێشتم تا دواتر بگاتە هانام؟ من لێوت ڕادەمووسم.
ڕەنگە هێشتا هەندێ ژەهریان پێوە مابێت
کە بەهێنانەوەم بۆ لای تۆ بمرێنێت.
(ماچی دەکات) لێوەکانت گەرمن.



(خزمەتکار و پاسەوان لە گۆڕخانەکە نزیک دەکەونەوە)
یەکەم پاسەوان: کوڕە، پێشکەوە. کام ڕێگا؟
جولێت: ها، هەراو هۆریایە؟ کەواتە دەبێ پەلە بکەم.
(خەنجەری ڕۆمیۆ دەردێنێت)
ئەی خەنجەری بەختەوەر! ئێرە کالانەکەتە؛ لەوێ برزەو بم مرێنە!
(خەنجەر لە خۆی دەدات، دەکەوێتە سەر لاشەی ڕۆمیۆ و دەمرێت)
(خزمەتکار و پاسەوان دەچنە ناو گۆڕخانەکەوە)
خزمەتکارەکە: ئێرە جێگاکەیە؛ لەو جێیەیە کە مەشخەڵەکە دەسووتێت.
یەکەم پاسەوان: زەویەکە خڵتانی خوێنە. حەوشەی کڵێسا بپشکنە.
هەندێکتان برۆن: کێتان دیتەوە بیگرن.
(چەند پاسەوانێک دەچنە دەرەوە)
چ دیمەنێکی جەرگ تەزێنە! کۆنت لێرە کوژراوە،
جولێتیش کە دوو ڕۆژ لەمەوبەر لێرە نێژراوە
خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە
گەرمەو تازە مردووە.
برۆ بەمیر ڕابگەیەنەو ڕابکە لای کاپۆلێتان،
مۆنتاگیۆیانیش واگا بێنە. هەندێکیشتان خەریکی پشکنین بن.
(پاسەوانی دیکە دەچنە دەرەوە)
ئێمە ئەو زەوییە دەبینین کە ئەو کارەساتانەی تێدا قەوماوە،
بەڵام ناتوانین هۆی ڕاستەقینەی ئەو کارەساتە جەرگبڕانە
بزانین بەبێ ئەوەی وردودرشتی ئەو مەسەلانە بگرین لەبەر چاوا.
(هەندی پاسەوان و بەلثەزار دێنە ژوور)
دووەم پاسەوان: ئەوەتا نۆکەری ڕۆمیۆ؛ ئەومان لە حەوشەی کڵێسا دۆزییەوە.
یەکەم پاسەوان: بە چاکی بیگرن تا میر دەگاتە جێ.
(پاسەوانێکی دی کەشیش لۆرەنسی بەدەستەوەیە دێتەوە ژوور)
ئێمە ئەو کوڵینگ و بێڵەمان لێی ستاند،
کاتێک لەولای حەوشەی کڵێساوە دەگەڕایەوە.
یەکەم پاسەوان: زۆر جێی گومانە -! کەشیشیش بگرە.

(میر ئێسکەلەس و دار و دەستەکەی دێنە ژوور)
میر: چ کارە ساتێکە وا زوو قەوماوە،
کە لە کاتی پشووی بەیانی داوامان لێ دەکات ئامادە بین؟
(ئێسکەلەس و خاتوو کاپۆلێت دێنەژوور)
کاپۆلێت: دەبێ چ ڕوویدا بێت کە لە دەرەوە زیرو هۆڕ بڵاوبێتەوە؟
خاتوو کاپۆلێت: ئۆهـ، خەڵک لەسەر جادان هاوار دەکەن«ڕۆمیۆ»،
هەندێک دەڵێن «جولێت» و هی دی «پاریس»
هەر هەمووشیان دەم بەهاوارەوە بەرەو گۆڕستانی ئێمە ڕادەکەن.
میر: ئەوە چ ترسێکە کە موچڕک بەگوێتان دادێنێت؟
یەکەم پاسەوان: گەورەم، ئەوە کۆنت پاریسە لێرە کوژراوە؛
ڕۆمیۆش مردووە؛ جولێتیش کە پێشتر مردبوو،
گەرمەو تازە کوژراوە.
میر: بگەڕێن و بپشکنن و بزانن ئەو کوشتارە چەپەڵە چۆن ڕوویداوە.
یەکەم پاسەوان: ئەوەتانێ کەشیشێک و ئەوەش نۆکەری ڕۆمیۆیە،
ئامرازی وایان پێ گیراوە
کە بۆ کردنەوەی گۆڕی ئەو مردووانە بەکاردێت.
کاپۆلێت: ئۆهـ، خودای ئاسمان-!
ژنێ، بڕوانە چۆن کیژۆڵەکەمان خوێنی لێ دەچۆڕێت!
ئەو خەنجەرە ڕێی لێ تێکچووە، چونکە جێگاکەی بەبۆشی
لەسەر پشتی (مۆنتاگیۆ) دا ماوەتەوە،
بەهەڵە سینەی کیژۆڵەکەمانی کردۆتە کالانی خۆی.
خاتوو کاپۆلێت: هاوار لە من! دیمەنی مەرگ زەنگێکە
تەمەنی پیریم لە چوون بەرەو گۆڕ ئاگادار دەکاتەوە.
(مۆنتاگیۆ دێتە ژوور)
میر: وەرە مۆنتاگیۆ؛ چونکە تۆ ئەمڕۆ زوو هەڵساویت
تا کەوتنی زووی کوڕو میراتگرەوەی خۆت ببینیت.
مۆنتاگیۆ: مخابن، ئەی پشتیوانم، ژنەکەم ئەمشەو مردووە؛
خەمی شاربەدەرکردنی کوڕەکەم هەناسەی لێی بڕی،



چ کارەساتێکی دیکە پیلان لە دژی پیریتیم دەگێڕێت؟
میر: بڕوانە، ئەوسا دەبینیت.
مۆنتاگیۆ: (ڕۆمیۆ دەبینێت) هەی نەزان! چ ڕەوشتێک لەوەدایە
کە بەر لە باوکت بەرەو گۆڕ مل بنێیت؟
میر: بۆ ماوەیەک زارکی خەمی توندتان ببەستن،
تا ئەو کاتەی دەتوانین ئەو نادیاریانە ساغ بکەینەوە،
هۆو سەرچاوەو ڕەگ و ڕەچەڵەکیان دەزانین،
ئینجا من دەبمە پێشەوای خەمەکانتان و
تەنانەت بەرەو مەرگتان دەبەم. ئێستا دان بەخۆدابگرن و
دەبا کوێرەوەری ببێتە کۆیلەی ئارامتان.
دەستەی گومانباران بهێننە پێشەوە.
(کەشیش لۆرەنس و بەلـشـەزار دێنە پێشەوە)
کەشیش لۆرەنس: من گەورەترینیانم؛ کەچی بێ دەسەڵاتتریشیانم؛
هەرچەندەش گومان لێکراوم، چونکە کات و شوێن
لەو کوشتارە جەرگبڕەدا، لە دژم وەستاونەتەوە؛
وا لێرە وەستاوم، بۆ ئەوەی تاوانبار بکرێم و پاک بکرێمەوە،
خۆم تاوانبار دەکەم و خۆم لە تاوان پاک دەردەهێنم.
میر: کەواتە یەکسەر بڵێ تۆ چی لەو بارەیەوە دەزانیت.
کەشیش لۆرەنس: من لە کورتی دەیبڕمەوە، چونکە ئەو ماوە کورتەی لە ژیانما ماوە،
هێندە درێژ نییە حکایەتێکی بێ تامی پێ بگێڕمەوە.
ڕۆمیۆ کە لێرە مردووە، مێردی ئەو جولێتە بوو؛
ئەویش کەوا لێرە مردووە، ژنی دڵسۆزی ئەو ڕۆمیۆیە بوو؛
من لێکم مارە کردن؛ ڕۆژی نهێنی مارەییشیان
ڕۆژی دوایی (تیباڵت) بوو، کە مەرگی ناوەختی
زاوای تازەی لێرە تاراندو شاربەدەرکرد؛
(جولێت) بۆ ئەو بوو، نەک بۆ (تیباڵت) دەتلایەوە.
تۆش* بۆ لابردنی ئابلۆقەی خەم لە سەر ئەو،

* مەبەستی لە (کاپولیتی) باوکی جولیتە.

بەدەزگیرانت کردو دەتەویست بەزۆری لە کۆنت پاریس
مارەی بکەیت. جا ئەو هاتە لام و
بە ڕوخساری کێویانەی داوای لێکردم ڕێگەیەکی بۆ بدۆزمەوە
تا ئەو دووەم مێردکردنەی لە کۆڵ بکەمەوە،
ئەگینا لە ناو کونجی ژوورەکەم دا خۆی دەکوژێت.
جا من گیراوەیەکی خەوتنم پێی دا کە لەو
هونەرەی دەرمانسازیم فێری ببووم، کە وەک نیازم بوو
کاریگەرییەکی وای هەبێت و چەشنێکی وەک مەرگ
بەسەر ئەودا ببارێنێت. دەستبەجێ نامەم بۆ (ڕۆمیۆ) نووسی
بۆ ئەوەی بگاتە هانای و لەو گۆڕە خوازراوەیە دەریبهێنێت
هەرکە کاریگەری ئەو گیراوەیە نامێنێت.
بەڵام کەشیش جۆن، ئەوەی نامەکەم پێیدا ناردبوو
بەرێکەوت ڕاگیرکرابوو، دوێنێ شەو
نامەکەی ویدامەوە. جا من بەتاقی تەنیا
لەو کاتژمێرە دانراوەی واگا هاتنەوەدا،
هاتم تا لە گۆڕخانەی بنەماڵەکەی بیهێنمەدەرو
بەدزی لە کونجی ژوورەکەم حەشاری بدەم
تا ئەو ساتەی بەشێنەیی بەدوای ڕۆمیۆدا دەنێرم.
بەڵام چەند خولەکێک بەر لە واگا هاتنەوەی
کە هاتم بینیم پاریسی جوامێر و ڕۆمیۆی ڕاستگۆ
زۆر بەناوەختی بەمردوویی لێرە ڕاکشابوون.
جولێت واگاهاتەوەو من لێی پاڕامەوە لێرە بێتەدەر و
ئەو کارەی خودای ئاسمان بەئارامی وەربگرێت؛
ئینجا دەنگە دەنگێک لە ناو ئەو گۆڕە ترسی لێ نیشاندم،
ئەویش، چونکە زۆر نا ئومێد بوو، لە گەڵم نەهات،
بەڵام، وەک دەردەکەوێت، زەبری لە خۆی وەشاندووە.
من هەر ئەوەندە دەزانم و لەبارەی مێردکرنەکەشیەوە
دایەنەکە ئاگادارە، جا گەر هەر شتێک لەوەدا



بەهۆی هەڵەی منەوە، بەخراپی کرابێت دەبا تەمەنی پیرم
چەند سەعاتێک پێش وەختی خۆی - بکەمە قوربانی
سەختگیری توندترین یاسا.
میر: ئێمە هەمیشە تۆمان بەمرۆڤێکی پیرۆز داناوە.
کوانێ نۆکەرەکەی ڕۆمیۆ؟ ئەو لەو بارەیەوە چ دەڵێت؟
بەلثەزار: من هەواڵی مەرگی (جولێت)م گەیاندە خودانی خۆم،
جا ئەو بەئەسپی بەریدی خێرا لە (مانتوا) گەڕایەوە
بۆ ئێرە، بۆ ناو ئەو گۆڕخانەیە.
ئەو پێشتر داوای لێکردبووم ئەو نامەیە بدەمە باوکی و
کاتێک دادەبەزیە ناو گڵکۆکە، ئەو هەڕەشەی مەرگی لێکردم،
ئەگەر بەجێی نەهێڵم و لێی جیانەبمەوە.
میر: نامەکەم بدەرێ؛ من لێی دەڕوانم.
کوا خزمەتکاری کۆنت پاریس کە هاواری بردبووە بەر پاسەوانان؟
(خزمەتکارەکە دێتە پێشەوە)
کوڕە، چی وای لە خودانت کرد بێتە ئێرە؟
خزمەتکارەکە: ئەو هات گۆڕی خانمەکەی گوڵ باران بکات،
داوای لێ کردم دوور بوەستم، منیش وام کرد.
دەستبەجێ یەکێک بە ڕۆناکیەوە هات گۆڕەکە بکاتەوە،
خودانیشم یەکسەر شمشێری لێ هەڵکێشا،
منیش ڕام کرد بۆ بانگ کردنی پاسەوان.
میر: ئەو نامەیە ڕاستی قسەکانی کەشیش دەسەلمێنێت،
سەر بووردەی ئەوین و هەواڵی مەرگی (جولێت)،
لێرەش دەنووسێت کە ژەهرێکی لە
دەرمانگەرێکی هەژار کڕی و بەخۆو بەو ژەهرەوە
هاتە ناو گۆڕخانەوە، تا لەوێ لە تەنیشت جولێت بمرێت.
کوا ئەو دوژمنانە، کاپۆلێت و مۆنتاگیۆ؟
بڕوانن چ سزایەکی سەخت بەسەر کینەتان دا باریووە،
ئاسمان ڕێیەکی وای دۆزیوەتەوە کە خۆشیتان

بەئەویندارى بکوژێت.
منیش لەبەر چاو قوچاندنم لە هەراو کوکە و ناکۆکیتان،
جووتێک خزمم لە دەستدا. هەموومان سزا دراوین.
کاپۆلێت: ئەی مۆنتاگیۆی برا، دەستتم لە دەستی باوێ.
ئەوەش مارەیی کچەکەمەو لەمەش پترم ناوێ.
مۆنتاگیۆ: بەڵام من زێترت پێ دەبەخشم
چونکە من پەیکەری ئەو کیژە لە زێڕی بێ گەرد دەنەخشم
بۆ ئەوەی تا (ڤیرۆنا) ئەو ناوەی بمینێت،
کە هیچ پەیکەرێکی دیکە
لە ئاست هی جولێتی ڕاستگۆو دڵسۆز سەر دەرنەهێنێت.
کاپۆلێت: بەگرانایی ئەویش هی ڕۆمیۆ لە پاڵ خانمی دەزگیرانی
دادەڕێژم، چونکە ئەوان بە ڕق و کینەمان بوونەتە قوربانی.
میر: ئەو بەیانییە ئاشتییەکی تاریکی لەگەڵ خۆی هێنا؛
خۆری خەفەت سەری خۆیمان بۆ ناهێنێتەدەر
بالێرە بڕۆین، لەبارەی ئەو ڕووداوە خەماویانە زێتر بدوێین.
هەندێک دەبەخشرێن و هەندێکیش سزایان دەخرێتە سەر؛
قەتاوقەت چیرۆکێکی پڕ خەفەتتر رووی نەداوە
لەوەی ڕۆمیۆو جولێت؛ ئەو دوو عاشقە داماوە.

دەڕۆن

کۆتایی



## فەرهەنگۆک

تێبینی: ماناى ئەو وشانەى لێرەن بەپێی بەکارهێنانیان لە دەقی ئەو شانۆییە لێک دراونەتەوە نەک بەپێی ماناى گشتییە فەرهەنگییەکانیان.

### ئـ

ئاوەزوونە: ئاوەزێنە.
ئارمووش: ئاوریشم.
ئاژاندن: تێ چەقاندن.
ئاکار: ئەدگار؛ سیفات.
ئامێز: باوەش.
ئاوێزان: پێوەبەستران و پێوەشۆڕبوونەوە.
ئەوین: ئەڤین؛ دڵداری.
ئێرەیی: حەسوودی.
ئەستوندە: ستوون.
ئەوین لووش: هەڵلووشەری ئەوین.
ئەژدەر: جۆرە مارێکی زۆر ترسناکە.
ئەڤانی: خواست؛ (ارادة).

### ب

باژۆ: لێخوڕە.
بێڵ: خاکەناس.
باسک: بازوو.
بگیری: قایمی لە دانی شتێک.
بەرەواژی: پێچەوانە.
بارکە: بەچکەی باڵندەی تەواو پێنەگەیشتوو.
بەرچنە: سەبەتە.
بەشێنەیی: بەهێواشی؛ بەکاوەخۆ؛ لەسەرخۆ.
بادەوە: وەرسووڕێوە.
بەشەوارەخستن: سەرلێ تێکدان بەهۆی ڕۆناکی لە شەودا.

بریا: خۆزگە؛ کاشکا؛ کاشکی؛ خۆزیا.
بەیات بوون: کۆن بوون و بۆن کردن.
برێک: کەمێک.
بزە: خەندە.
بەردەست: خزمەتکار.
بوورانەوە: لەهۆش خۆچوون.
بەرزەفتکراو: راگیرکراو؛ دەست بەسەرداگیراو.
براوە: نەدۆڕاو و بردنەوە بەدەست هێناو.
بەزودونگ: چەوری ناو لەش و سەر سمتی مەڕە.
بوکۆکە: بووکە شووشە.
بەنوزەنوز: بەنازونوزو دڵناسک.
براندنەوە: کۆتایی پێهێنان.
بنێسان: لاوازبوون و بێڕەنگ بوون.
بەخۆ کەوتن: ئامادەبوون.
بەهێ: بەی؛ جۆرە مێوەیەکی بۆنخۆشە.
بارتەقای: هێندەی؛ ئەوەندەی.
باریە: ئاسنێکی کلک درێژە بۆ لێک ترازاندنی شتی سەخت بەکاردێت.
بەور: جۆرە دڕندەیەکی کێویە وەکو پڵنگە.

پ

پێشهات: رووداو و کارەسات کەبێنە پێش مرۆڤ.
پەرپووت: شڕو وڕ.
پسمام: ئامۆزا.
پیاهـ: پیاح؛ وشەیەکە بۆ تیزوگاڵتە پێکردن دەگوترێت.
پێکران: ئەنگێوران.
پۆزش: داوای لێبووردن کردن.
پاسکەر: پاسەوان.
پەڕامووچە: پەڕی درێژی باڵندە.
پێچکە: تایە.



پانگۆ: قایشێکی پانی ئەستووری خری پڕ پووشە لەملی گیانەوەر دەکرێ.
پێشکۆکە: پێشکەی بچووک؛ میشوولەی بچووک.
پل: پەنجە؛ قامک.
پەتک پسێن: مرۆڤ کە ئیش بەنیوەچڵی بەجێ بێلێت و تەواوی نەکات.
پاڵە: سەپان.
پێک: قومە خواردنەوە؛ چارەکە پەرداخێک.
پاکانە بۆ کردن: بیانوو بۆ هێنانەوە.
پەرچ دانەوە: بەرپێگرتن و رەتدانەوە.
پێ شۆڕکردن: پێژماردن؛ لێ سەندن.
پاکیزە: کەسی پاکی مێرد نەکردوو یا ژن نەهێناو.
پەژارە: خەم و خەفەت.
پاکژگا: شوێنێکە لە نێوان دۆزەخ و بەهەشتەوەیە.
پەرجوو: معجزە.
پەڕۆک: قوماشی کەم بەها.
پیک و دووزەلە: فیقەنە و دووزەلە.

ت

ترپە: پرتە (نبضة)
تێیان کەون: بەناویان کەون.
تاتی تاتی کردن: دارە دارەکردنی منداڵ.
تەپ: قورس و جوولەخاو.
تامیسکە: پیزۆکە.
تەرواڵە: شتێکی دارین بوو وەک هەرزاڵە وجاران نوێنی لە سەر دادەنرا.
تەبەش: نێو چەوان؛ ئەنیە.
تامەزرۆ: یەگجار بەحەز بۆ شتێک.
تەڕەحەلوا: جۆرەشیرنییەکە لە ئاردو ڕۆن و شەکەرو دۆشاو دروست دەکرێت.
ترۆپک: سەری سەرەوە.
تووندخوو: خوو و رەوشت توند.
تاودان: هەڵکوتان بە خێرایی.

تەلار: کۆشک و باڵەخانە.
تاراندن: دوورخستنەوە.
تاراوگە: شوێنی دوورخراوان: منفی.
تەور: ئامرازێکی پانی دەم تیژ و زلە.
تیرێژ: تاڵە ڕۆناکی درێژە.
تۆبز: داردەستێکی سەرخڕە بۆ لێدان بەکار دێت.
تاقیچکە: ڕەفکە.
تاسوڵقە: لەسیرامیک دروستکراو؛ سواڵەتی.
تازیەدار: پرسەدار.
تووڕهەڵدان: دوور فڕێدان؛ دوورهاویژتن.

ج

جندۆکە: ئەجندۆکە؛ جنۆکە.
جڕجڕە: مەگەزێکە کە شەوانە هەر جڕەجڕی دێت.
جینجرۆک: رنۆک؛ چڕنووک.
جۆبار: جۆگەلە.
جانگ: کفنی مردوو؛ قەرقەر.
جۆرک: کیسەی پارە.
جەژنی رەمانە: عید الفصح.

چ

چیچیلەی مەمک: سەرگۆپکی مەمک.
چۆپی: شایی.
چارەنوسساز: چارەنوس دیاریکەر.
چوست: گورج و گۆڵ.
چوارپەلەکردن: چوار ناڵەکردنی ئەسپ.
چک بوون: وشک بوونەوە.
چلێس: نەوسن و بە تەماح.

ح

حیزانە: نامەردانە.



خ

خیزاو ونیشتاو: مد وجزر (ی دەریا).
خەرتەل: داڵی گەورە.
خاس: چاک؛ باش.
خوێن لێ چۆڕان: خوێن لەبەر ڕۆیشتن.
خۆڵەپۆک: خۆڵەپۆت؛ خۆڵی ورد.
خوناو: شەونم.
خەوجامە: جلی خەو.
خاکەسار: هەژاری بێ نەوا؛ کلۆڵی بێ چارە.
خەنی: بەکەیف؛ دڵخۆش.
خەملاندن: ڕازاندنەوە.
خاڵخاڵۆکە: جۆرە مەگەزێکی خڕە، سەر باڵەکانی سوورن و خاڵی رەشیان تێدایە.
خودان: خاوەن؛ گەورەی ماڵ.
ختووکە: قدیلانە کردنەوە.
خۆگنخاندن:خۆ بەدواخستنی بەئەنقەست.
خوانچە: سینی.
خاوەڕۆ: بە خاوی دەڕوات.
خرێنکە: قەیتان.
خێواندن: ئاراستەکردن و پێگەیاندن.
خێماک: پێکهاتەی کەسایەتی؛ سروشت و میزاج.

ع

عەمارەپۆ: عەمبارەسۆت.

غ

غەزرین: مانگرتن.

د

دایان گرنەبەر: بیان دەنەبەر.
دارشەقە: دوودارن مرۆڤی قاچ شکاو لەبن پیلی دەگرێت تا بە هۆیەوە بڕوات.
دەمانخێواندە یەکتر: دەمان سرەواندە یەکتر.

دگان: ددان.
دەمامک: شتێک کە دەم و چاوی پێ بپۆشرێت.
دەمدەمی: حولحولی: مرۆڤی ڕاڕا و هەر دەمە لەسەر بیرورایەک بێت.
دەنگ کەرخ: دەنگ نووساو.
دەستەمۆ: کەوی.
دلۆڤان: دڵنەرم؛ بەبەزەیی.
دواکەوتە: ئەوانەی لەدوای کەسێکەوە دەڕۆن.
دەک: یاخوا.
دارەبازە: دارەمەیت.
درنج: بوونەوەری خراپەکاری ناشرین.
دان بۆ پیانراو: المعترف لە.
دڵنەوایی: دڵدانەوە.
دابڕان: جیابوونەوە.
دەرۆزەکردن: سواڵ کردن.
دەپووێت: دەڕزێت.
دیدە: چاو.
دەلاقە: کولانەو کونێکە لەخانووی جاران دەکرا بۆ ڕۆناکی پێداهاتنەژوور.

**ر**

ڕۆمەت: سەربەرزی؛ شەرەف.
ڕەژوو: خەڵووز.
ڕەشمە: شتێکە دەکرێ بەسەری وڵاخاو گوریسێکی پێوەیە وپێی دەبەسترێتەوە.
رادەمووسن: ماچ دەکەن.
رابردن: بەسەرچوون.
ڕسکان: خولقان؛ پەیدابوون.
ڕەنجبەر: کرێکاری ئیش و کاری کشت و کاڵی.
ڕنۆک: چرنووک.
ڕەوش: بارودۆخ؛ حالەت.

**ز**



زراوبردن: زەندەق بردن؛ تۆقاندن.
زەل: گیایەکی زبری دەم ئاوانە.
زایەڵە: دەنگ دانەوە.
زرنگی: زیرەکی.
زیخ: زیندوو وقوشقی؛ شەیتان و زانا.
زرقی: ڕەنگی یەگجار گەش کە چاو ئازار بدات.
زراوبەر: تۆقێنەر.
زارک: دەم.
زیڕو هۆڕ: هات و هاواری تیژ.

**ژ**

ژاکان: سیس و پەژمووردەبوون.

**س**

سەروکار: پەیوەندی و شارەزایی.
سیرمە: زوێڵە چەرمی باریک.
سرووت: ڕێورەسم و ئاهەنگی ئایینی.
سندم لە پێ کراو: پێ بەستراو بەسندم.
سەبەتە: بەرچنە.
سمراو: کون کراو.
سورانەوە: سوانەوە.
سەرک: سەر.
سەرسەدە: سەرایی سنوور.
سێرە: شوێنی نیشانە لێگرتن.
سەروسەکوت: شێوە و روخسار.
سلۆرت: خوێری وهیچ و پووچ.
سەرکۆنەکردن: سەرزەشت کردن.
سەرقاڵ: پرئیش وکار.
ساتمە: سەرسمک.
سەختگیری: تووندگیری.

### ش

شووشووکران: بەتووندی لێدان بەجۆرێ کەجێگاکەی دیاربێت.

شێو: نانی ئێوارە.

شەهێن: جۆرە بازێکی جوانە.

شەکەت: ماندوو و هیلاک.

شنەبا: کزەبا.

شەڕانگێزی: شەڕفرۆشی.

شلاڵی خوێن: نقوومی خوێن.

شەوارە: نەنوستن بەشەو ؛ شەونخونی.

شەختە: زوقم و سەهۆڵ.

شین گێڕ: ئەوەی شیوەن دەگێڕێت.

شتگەل: کۆمەڵێک شت.

### ف

فشە: گاڵتە.

فراوین: نانی نیوەڕۆ.

فەرامۆش هاتنەوە: دڵخۆش بوون دوای دڵتەنگیەکی گەورە ؛ سەبووری هاتنەوە.

### ق

قلێشانەوە: تەقینەوەی رووداو یان کارەساتێک.

قەلەندەر: کلۆڵ و هەژار.

قەپێلک: قالک؛ قاوغ.

قۆپچە: دوگمە.

قۆز: کەشخەو رێکوپێک؛ کۆک.

قەڵس: دڵگران و پێ ناخۆش.

قلینج: شمشێری باریک.

قوچاو: نوقاو؛ داخراو.

### ک

کۆپەران: کۆپەلان: ملەوانەیەکی قایشە، ئەستوور و خڕە، لەبن نیر لەملی گاجووت دەکرێ تا نیرەکە ملی ئازار نەدات.



کەمگۆ: کەم دوو؛ کەم قسەکەر.

کیژێنی: کچێنی.

کڕبوونەوە: وەستان و بێ دەنگ بوون.

کەپوو: لووت.

کوڵمە: روومەت.

کونج: پەناگەیەکی بچووک؛ جێگایەکی بچووک.

کوڵوک: گوڵی کێوی .

کودی: کولەکە؛ کوڵند.

کەڵەکەکردن: قۆمەت کردن.

کەڕوکوند: کەڕوبێ گوێ.

کەلاش: لاشەی مردوو.

کەڕەنا: جۆرە ئامێرێکی مۆسیقییە؛ شەیپوور.

کەلاک: کەلەشی بۆگەن.

کیتەڵە: جامیلکەیەکی گڵێنی بچووکە.

کەل و کرۆم: کەل و پارچە.

کۆتەرەدار: کۆتکەدار؛ پارچەداری خڕی نالەبار.

کۆڵێک: بارێک.

کلاوکوڕە: سۆفەقیتە؛ سۆفە؛ جۆرە باڵندەیەکی جینجری زەردی مەیلەو بۆرە.

کاپێلک: کاپۆڵ؛ کەللەسەر.

کوللەی خەو: نوێنی خەو کەپەردەی لە دەورەدا گیرابێت.

کۆسپ: تەگەرە؛ ئەستەنگ.

کلۆر: ناوبۆش؛ هەڵۆڵ.

کوڵینگ: ئامرازێکی دوو دەمە بۆ زەوی هەڵکەندن بەکاردێت.

### گ

گاڵ دان: داخستن.

گازکردن: بانگ کردن.

گرژوک: گرژینەوەی پێوە دیاربێت.

گێژ: گێژ و وێژ؛ گەوج.

گلێنە: ڕەشێنەی چاو.
گەوجی: دەبەنگی و نەزانی.
گڕوگاڵ: گغەگغ؛ جوڵەو قسەی منداڵی.
گەواه: گەڤاه؛ شاهید.
گەمەکەر: یاریکەر.
گڵکۆ: گۆڕی کەسێکی دیار.
گچکۆکە: بچکۆڵە.
گوێ(بەکەسێک) چوون: گوێ پێ نەدان.
گۆبەند: گێچەڵ و کێشەنانەوە.
گە: گەھ؛ جومگە.
گڤ: گرژو بژ.
گیانبازی: مغامرة.
گومەز: گومبەت.
گل دانەوە: لەلای خۆهێشتنەوە.
گاشەبەرد: تاشەبەرد.
گەرەکە: دەیەوێ؛ پێویستە.

### ل

لیس: کولانەی کۆتران.
لەمێژە: دەمێکە.
لەمەڕ: سەربە؛ هی (کەسێک).
لاملی کردن: کەللەڕقی کردن.
لەوچەیی: زۆر بلێیی.
لەکۆڵ بونەوە: وازلێ هێنان.
لەگوینە: لەوانەیە؛ ڕەنگە.
لەکۆڵ کردنەوە: لێ رزگار کردن؛ لێ قورتارکردن.
لەگوینە: لەوانەیە؛ رەنگە.



### م

مخابن: حەیف.
مێخەکە: ڕەق بوونی پێستە؛ بزمار.
مۆڵەت: روخسەت.
مشکی: خۆڵەمێش؛ بۆڵەمڕ.
متوو: هۆگر؛ پێوەگیر.
مووڕبوونەوە: رووڵێ گرژکردن و مرومۆچی لێکردن.
مردووخانە: جێگای مردووتیاناشتن.
ملهوڕ: هەڵەشەو بێ گوێ؛ متهور.
مووچڕک: تەزوو پێداهاتن.

### ن

ناموراد: بەئومێد نەگەیشتوو.
نقێم: بەردی بەنرخ کە لە خشڵ گیرابێت.
نەوباو: نوێ.
نەغاراو: کەم ئەزموون و کەم شارەزایی.
ناورانەوە: پاڕانەوەو لالانەوە.
ناڵەو نرکە: ناڵەو هاوار.
ناندین: شوێنی چێشت لێنان، مطبخ.
ناوبژی کردن: نێوانکردن و لێک کردنەوە.
نەقیزە: زەختە.
نیوەنمەک: هەویری رۆن تێ هەڵسوڕاو کە لەسەر جێی بەئازار دادەنرێت بۆ کەم کردنەوەی ئازار.
نەدیتکۆکە: نەدی و بدی.
نووزانەوە: کرووزانەوە بەدەمگریانەوە.
نغرۆ: نقووم.
ناوزڕاندن: بەدناوکردن؛ ناوشێواندن و ڕیسوا کردن.
نەوا: ئاواز.
نارەوەن: جۆرە درەختێکی هەمیشە سەوزە.

ﻫ

هینەکە: شتەکە؛ هەرامەکە.

هەڵمەدوو: بۆخەی هەڵم.

هەرزاڵە: شتێکی لە دار دروستکراوبوو زەخیرەو قاپ و قاچاغی تیادەپارێزرا.

هەرزەگۆ: قسەی هیچ و پووچ کەر.

هەس: هەیە.

هەڵاتن: راکردن.

هەوراوی: هەورئاسا؛ وەکو هەور.

هەنسک: هەناسەی کورتی گریاناوی.

هەڕەشە: گەف

هێنانەڕایی: ئیقناع کردن.

هەڵقۆڕاندن: بە قومی گەورە خواردنەوە.

هانا: فریا.

هەراوکوکە: هەراو فەرتەنە؛ شەڕوشۆڕ.

و

وێندەرێ: ئەوێندەرێ؛ ئەوێ.

وێدانەوە: پێ دانەوە.

ی

یاڵ: بژی ئەسپ و ماین.